هاوکاری

الـتـضـامـن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە
لە دار الجماهیر دەرئەچێ و
لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

ژمارە : ١٣٠
١٩-٨-١٩٧٢

نرخی ٢٠ فلسە
تەلەفون ٢٠٣٦٥

گرنگترین هەواڵ

جۆرج تاون : ١٣-٨ شینخوا کۆنگریسی وڵاتانی بێ‌لایەن لەکۆتایی کوبونەوەکانیدا چەند بریارێکی گرنگی دەرکردوە دەربارەی مەسەلەکانی ئیستای دنیاو بەتایبەتی مەسەلەی هیندی‌چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و جیاوازی ڕەگەزایەتی و چۆنیەتی لەناوبردنی ئیمپریالیزم . سەبارەت بە مەسەلەی هیندی‌چین کونگریس لە بریارەکانیدا داوای لەحکومەتی ئەمەریکا کردوە کە شەڕی ڤیتنام بوەستێنێ و دەست لەسیاسەتی (شەری ڤیتنامی بە ڤیتنامی کردن) هەڵگری و بەزوترین کات هێزەکانی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی خواروی ئاسیا بکێشێتەوە و بەباشی بێتە پێشەوە دەربارەی پێشنیازە حەوت خاڵیەکەی حکومەتی شورشی وەختی ڤیتنامی خوارو . وە سەربارەت بە مەسەلەی فەلەستین و تویە ئیسرائیل خاکی سێ وڵاتی بێ‌لایەنی زەوت کردوە ئەمەش بە پێچەوانەی مەبدەئەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانەو هەڕەشە لە ئامانجەکانی وڵاتانی بێ‌لایەن و ئاشتی دنیا ئەکات . کونگرە وتویە ، بە بێ‌ڕێزگرتنی مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین ئاشتیەکی عادیلانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ناچەسپێ .

کۆنگریسی وڵاتانی بێ‌لایەن تاوانەکانی ئیمپریالیزمی خستە رو

کۆمەکی ئاشتی و پێشکەوتن خوازانی دنیا هەڵوێستی گەلی عیراق بتەوتر ئەکات

مەلیك حسەین بەرەوجێ بەجێ کردنی پرۆژە دوژمنانەکانی ئەڕوات

بابەرەو پێش بڕۆین لەژێر ئاڵای خەباتی یەکگرتوی گەلانی دنیادا

کۆنگرەی هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عێراقدا کە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردو لە بەغدا دەستی پێ کرد بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو ڕاستیەیە کە بزوتنەوەی ئاشتی و ئازادی هەمو گەلانی دنیا لە بەرەیەکی یەکگرتودا خەبات ئەکات دژی ئیمپریالیزم و داوودەزگاکانی . وە هەرچەند هێزە ڕەشەکانی ئیمپریالیزم ڕیزی خۆیان یەکخەو ناکۆکیەکانی نێوانیان بشارنەوە ناتوانن نە یەکێتی خۆیان بگەیەننە ئاستی یەکێتی ئاشتی و ئازادیخوازانی دنیاو نە ئەشتوانن بەرەنگاری تەوژمی خەباتی شورشگێری ڕەوای گەلانی دنیا بن .

ئەم خۆنیشاندانە گەورەیەی پارتی و ڕێکخراوو دەستەو کۆمەڵە ئاشتی و ئازادی و پێشکەوتنخوازەکانی دنیا لە بەغدا ئەیکەن ، نەك هەر نیشانەی ئەوەیە کە گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە تاکە سواری مەیانی خەباتی شۆڕشگێری دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و کۆنەپەرستی نیەو گەلانی تری دنیاش لەهەمان مەیانا شانبەشانی خەبات ئەکەن بەڵکو نیشانەی ئەوەشە کە هەمو گەلانی دنیا بە پەرۆشەوە بێ‌وچان خەباتی شۆڕشگێرانەی خۆیان درێژە پێ ئەدەن بۆ ڕامالینی ئیمپریالیزم و دامەزراندنی کۆمەڵانی بەختیارو هێنانەدی دوارۆژێکی ئاسودەو بەختیار لەسەرانسەری دنیادا .

بێ‌گومان لایەنگیری و پشتیوانی ئەم هێزانەش هەر لەو ئاستەدا ناوەستێ کە لە کۆنگرەو کۆبونەوەدا دەنگی ناڕەزایی دژی ئیمپریالیزم و کۆمپانیا مونۆپۆلیەکانیان بەرزبکەنەوە یا خۆشحاڵی و بەختیاری خۆیان دەربڕن سەبارەت بە ڕزگارکردنی نەوتی عیراق لە چنگ کۆمپانیا مۆنۆپۆلیە چاوبرسیەکان بەڵکو ئەبێتە کردەوەو پشتیوانی سیاسی و ئابوری و دەستگرتنی ڕاستەقینە لە هەمو گۆشەیەکی مەیانی خەباتی دژ بە ئیمپریالیزمدا . هەر لەبەر ئەمەیە کە ئیمپریالیستەکان بەهەمو شێوەیەك هەوڵ و تەقەللا ئەدەن بۆ لەناوبردنی سیستەمی نیشتمانی عیراق و تێك‌شکانی میللی کردنی نەوت ، چونکە چاك لەوە گەیشتوون کە سەرکەوتنی عیراق لەم کۆڕە پرۆژەدا هەر لە سنوری عیراقدا نامێنێتەوە بەڵکو تەشەنە ئەکات بۆ زوربەی زۆری وڵاتە خاوەن نەوتەکان کە بەڕاپەڕینی ئەو وڵاتانەو ڕزگارکردنی نەوت لەچنگ ئیمپریالیزم پایەیەکی ئابوری و سیاسی بەتینی ئیمپریالیزم هەرەس دێنێ . جگە لەوەی کە سەرکەوتنی هەر گەلێك لەهەر کوچەو گۆشەیەکەوە بێت کار ئەکاتە سەر هەمو خەباتی ئەو گەلەو گەلانیتری دنیاو بەتەوژم پاڵ ئەنێت بە بزوتنەوەی ئاشتی و ئازادیخوازانەی دنیاوە بەرەو پێشەوەو بەدیهێنانی دەستکەوتی تازە .

لەمەیانی سیاسی و ئابوری ناوەوەی وڵاتیشدا دەربەڕاندنی ئیمپریالیزم و بنکە ئابوریەکانی ئەبێتەمایەی گەشەکردنی ئابوری وڵات و پێشکەوتنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی و دامەزراندنی بنکەیەکی ئابوری و پیشەسازی و کشتوکاڵی قایم و بەتین لەوڵاتا کە بێ‌گومان جێگا لێژەکات بە کەلوپەلو بەرهەمە پیشەسازیەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان کەساڵەهای ساڵە وڵاتەکەیان کردوین بە بازاڕی کەلوپەلی گرانبەهای خۆیان .

جالەبەر ئەم هۆیانەو لەبەر دەیان هۆی تر کە لێرەدا ماوەی باسکردنیان نیە پێویستە جەماوەری تێکوشەری گەلەکەمان بەوپەڕێ توانا و پڕبەپڕی گرنگی و پایەبەرزی ڕزگارکردنی نەوت لە چنگ ئیمپریالیزم و کۆمپانیا مۆنۆپۆلیەکانیان ئەم دەستکەوتە بپارێزن و خەبات بکەن لەپێناوی سەرخستن و پێش‌خستنیا ، کە ئەوەش پێش هەموشتێك بە یەکێتی ریزی هێزە

بڕوانە : ل ٤

کۆنگریسی جیهانی هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عێراقدا دەربارەی میللی کردنی نەوت .

بە سەرپەرشتی سەرەك کۆمار کاك احمد حسن بکر ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردو کۆنگریسی جیهانی هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عیراق دەربارەی میللی کردنی نەوت کرایەوە ، ئەم کونگریسە لەلایەن ئەنجومەنی ئاشتی دنیاو ڕێکخراوی هاوکاری میللەتانی ئەفەریقاو ئاسیاو ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و هاوکاری عێراق ڕێکخرا .

وتاری سەرەك کۆمار

کۆنگرە بە وتارێکی سەرەك کۆمار کرایەوە کە تیایا وتی : پاراستنی یەکێتی نیشتمانی و یەکێتی هێزەکانی دوژمن بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان ، کاریگەرترین چەکە بۆ پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و مونوپولیە تاوانبارەکان وە بۆ ڕازامن کردنی سەرکەوتن و دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی جەماهیری ڕەنجبەران .

سەرۆك بەکر داوای لە هێزە پێشکەوتن خوازەکانی عیراق و ناوچەی عەرەبی و دنیا کرد کە لە ئاستی بەرپرسیاریدا بن بۆ تێك‌دانی نەخشەو پیلانەکانی هێزە شەڕخوازەکان . وە وتی حکومەتی شورش زۆر بەتەنگ پتەوکردنی ڕیزی بەرەی ناوخۆوەیە بۆ بەرەنگاری کردنی دەست درێژیەکانی ئیمپریالیزم و مونوپولەکان و کۆنەپەرستان .

ئەمجار نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و هاوکاری عێراق و ئەنجومەنی ئاشتی دنیاو ڕێکخراوی هاوکاری میللەتانی ئەفەریقاو ئاسیاو وڵاتانی عەرەب و سوشیالیستی عەرەب و سەرو وتاریان خوێندەوە .

هەڵبژاردنی سەروکی کونگریس

ئەمجار سەروکی کۆنگریس هەڵبژیردراو دوو لیژنە پێك‌هێنرا بۆ دانانی ئەو بەیاننامە سیاسیەی لە کۆنایی کۆنگریسەکەدا بلاوئەکرێتەوە .

وە بڕیار وایە سێیەم ڕۆژی کونگرە واتا (ئیمڕۆ) وەفدەکان سەر لە بیرەکانی نەوتی کەرکوك بدەن ئێوارەش ئەگەڕێنەوە بەغدا وە لە ئوتیل شەهریار لەسەر خوانی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کومونیستی عێراق نانی ئێوارە ئەخۆن .

مەلیك حسەین بەرەوجێ بەجێ کردنی پرۆژە دوژمنانەکانی ئەڕوا

هەواڵەکانی ئیسرائیل وا ئەگەیەنن کە کاربەدەستانی بەندەرەکان لەسەر خواستی دەوڵەت خەریکی فراوان کردنی بەندەری غەززەن بەجۆرێکی ئەوتۆ کە جێگای ئەو پاپۆڕە بارهەڵگرانەی تێدا ببێتەوە کەشتومەك بە بەری ڕۆژئاوا و بەندەری غەززەدا ئەبەن بۆ ئەردەن و لێوەی ئەهێنن بۆ دەرەوە . هەروەکو لێ‌پرسراوێکی ئیسرائیل ڕایگەیاندوە ئەمە سودێکی زۆر بە ئەردەن ئەگەیەنێ و لەمەودوا ئیشی بە بەندەری بیروت نامێنێ .

جەوجۆڵی نۆکەرانی ئیسرائیل

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی ١٤-٨ ڕشاد الشوا سەرۆکی شارەوانی غەززە لەگەڵ وەفدێکی ٤٥ کەسیدا کە بەنۆکەری ئیسرائیل ناسراون گەیشتونەتە عمان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوێ بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژەکەی مەلیك حسەین دەربارەی دامەزراندنی (مەملەکەتی عەرەبی یەکگرتو) و بەکارهێنانی بەندەری غەززە لەلایەن ئەردەنەوە ، هەروەها بۆ باسکردنی پەیوەندی نێوان ئەردەن و ئەو ناوچانەی ئیسرائیل داگیری کردن .

« الشوا » کێ یە

شیخ هشام الخازندار ئیمامی غەززە وتویە : الشوا وەفدەکەی زۆر بەتەنگ ئەو ئەردەنەوە ، هەروەها ئەرکەوەن کە پێیان سپیردراوە و ئامادەن مەسەلەی فەلەستین لەپێناو جێ‌بەجێ کردنیا بفرۆشن و ئەیانەوێ کۆمەڵانی خەڵکی غەززە بدەنە دەست مەلیك حسەین کە ئەو دەستانەی لە خوێنی خەڵکی فەلەستین هەڵکێشراوە .

٢١ هەزار دۆنم زەوی لە دهوك

بو جێ‌بەجێ کردنی نەخشەی چاندنی کشتوکاڵی زستانەو هاوینەی ساڵی ٩٧٢ - ١٩٧٣ کە لە ناوچە هەرەوەزکاریەکانی پاریزگای دهوکا ئەبێت ، بریاردراوە ١٩ هەزارو ٦١ دۆنم زەوی بۆ کشتوکاڵی زستانەوەکو گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و پاقلە ، وە ٢ هەزارو ٢٦١ دۆنم زەوی بو کشتوکاڵی زستانە وەکو تەماتەو کاڵەك و شوتی تەرخان بکریت .

نیکسۆن و نەخشە نوێیەکەی دەربارەی شەڕی ڤیتنام

گۆڤاری (تایم)ی ئەمەریکایی لەژمارەی ڕۆژی ١٤-٨ نوسیبوی کە حکومەتی ئەمەریکا خەریکی دانانی نەخشەیەکی نوێیە بۆ چارەسەرکردنی شەڕی ڤیتنام وە نەخشەکە بریتیە لەوەی کە واشنتون لەمەولا پشتگیری ڕژێمی - نگوین ڤان ثیو - ی سەروکی ڤیتنامی خوارو نەکات . (تایم) ئەڵێ : هەرچەندە کاربەدەستانی ئەمەریکا زور بەنهێنی ئەم نەخشەیەیان ڕاگرتوە ، بەلام هەنری کیسینگەری ڕاوێژکاری نیکسون و سەروکی وەفدی ڤیتنامی دیموکرات لە گفتوگو چوارقوڵیەکەی مانگی ڕابوردو لەپاریس بەوردی لێوەی دواون وە وەفدی ڤیتنام ئارەزوی ڕیککەوتنی نیشان داوە بەمەرجێ ئەمەریکا لەمەودوا لایەنگیری ڕژێمی - ثیو - نەکات و واز لە گەلی ڤیتنام

بڕوانە : ل -٧-

تەقوتۆق لە ئێران بۆتە ڕوداوێکی ڕۆژانە

تاران : ئاژانسەکان : شۆڕشگێرانی ئێران ڕۆژی ١٤-٨ تەقەیان لەئەفسەرێکی ژاندارمیری شا کردوەو کوشتویانە .

ئاژانسی ڕویتەر بلاوی کردەوە کە ئەفسەری کوژراو بریگادێر ژەنەرال سیدطاهری لەگەڵ هێزێکی پولیسی شاهەنشادا وبستویەتی گەرەکێك لەڕۆژهەڵاتی تاران بپشکنێ و لەگەڵ شورشگێراندا بەیەکاهەڵپڕژاون و شورشگێران دەست ڕێژیان لە ئەفسەری ناوبراو کردوەو پێکاویانە .

ئاژانسەکە وتویە ئاگادارن لەوباوەڕەدان کە ئەم شورشگێرانە هەفتەی محمدحسین محرابین کە هەفتەی ڕابوردو وبستبوی بە نارنجۆك کۆگایەکی نوکەرێکی شا لە شاری تاران هەڵتەکێنێ ئەوەبو نارنجۆکەکە لەدەستیا تەقیبۆوەو شەهید ببو .

لەپەرلەماندا

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی ١٥-٨ نیشتمانپەروەران چەند نارنجۆکیکیان لەبارەگای پەرلەمانی ئێران داناوە ، بەلام سازمانی ئەمن ئەم نارنجۆکانەی پێش تەقینەوەیان دوزیوەتەوە و پەیامنێری شارنجۆکانەی هێزەکانی پولیس ، نیشتمان‌پەروەرانی ئێران بۆتە ڕوداوێکی ئاسایی ڕۆژانە .

کورتە هەواڵ

● ڕادیوی هانوێ بلاوی کردەوە کە تۆپە فروکەشکێنەکانی ڤیتنامی دیموکرات ڕۆژی ١٥ - ٨ فروکەیەکی قورسی ئەمەریکایان خستوتەخوارەوە وە فروکەکانی ئەمەریکا درندانە ناوچەی (سانگ هوا)یان بومباران کردوەو لەئەنجامدا نزیکەی (١٠٠) کەس بریندار بون و کوژراون .

● قسەکەریك بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئیران ڕایگەیان کە ئیران و سودان بەمزوانە پەیوەندی دیبلوماسی لەگەڵ یەکتریدا ئەبەستن .

● ڕۆژی ١٤ - ٨ فروکەیەکی ئەلەمانیای دیموکرات لەسەر خاکی بولگاریا کەوتۆتە خواری و ١٥٦ کەسی تیا مردوە ، ئاژانسی ئەدن ئەڵێ ئەمە خراپترین کارەساتی ئاسمانیەو تا ئیستا هۆی کەوتنە خوارەوەی ئەم فرۆکەیە نەزانراوە .

● هەفتەی ڕابوردو گفتوگۆی دووقۆڵی نێوان وەفدێکی حزبی شیوعی کوباو پارتی بەرەی نەتەوایەتی یەمەنی دیموکرات لە عەدەن دەستی پێ کرد . هەردوولا باسی پتەوکردنی پەیوەندی نیوان هەردوو پارتو وڵاتیان کردوە .

چین پشتگیری سیاسەتی بێ‌لایەن ئەکات

چی بنك فی ، وەزیری دەرەوەی کۆماری گەلی چین هەفتەی ڕابوردو لە ئاهەنگێکی نانخواردنا کەبۆ وفسنت ئیقونی وەزیری دەرەوەی کامیرون سازی کردبو وتویە :-

حکومەتی گەلی چین لایەنگیری ئەو سیاسەتە ئاشتی خوازو بی‌لایەنە ئەکات کە وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین گرتویانەتەبەر وە وتویە :-

ئەم سەردەمە قۆناغی ڕاپەڕینە ، یاری ئیستای دەوڵەتانیش بەرەو قازانج و بەرژەوەندی وڵاتانی تازە پێگەیشتو ئەروات .

ئاژانسەکان

شای مەراکیش لەکوشتن دەربازی بێ

مەراکش : ١٦ - ٨ ئاژانسەکان : وەزارەتی دەرەوەی مەغرب بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایا ئەڵێ : مەلیك حەسەنی دووەم پاشای مەغرب لەکاتی گەڕانەوەیدا لەپاریس بە فروکە تایبەتیەکەی لەسەر ناوچەی (تطوان) کە (٣٠٠) کیلومەتر لەڕەباتەوە دوورە لەلایەن فروکەیەکی هێزی ئاسمانیەوە دراوەتە بەر شەستیر بەلام ڕزگاری بوە ، بەیاننامەکە وتویە :

دیسانەوە ٣ فروکەی تر لەفروکەخانەی عەسکەری فروکەکەی مەلیکیان گەنم گردی داوەتە بەر ساروخ ئەمجار فروکەخانەی (مدنی) یان بومباران کردوە ، لەئەنجامدا ژمارە یەك لە پێشوازی کەران بریندار بون کە یەکێکیان وەزیری گەشت و گوزارە .

(ئا.د.ف) ئەڵێ شەو پۆلێکی تری فروکەی بومباهاوێژ کوشکی مەلیکیان بومباران کردوە ، وە هێزە عەسکەریەکانی سەر بە مەلیك ئابلۆقەی شوێنە گرنگەکانی پایتەخت و بنکەی ئاسمانی (قنیطرە)یان داوە کە لەویوە فروکەکان هەڵساون بۆ بوردومان کردنی فروکەخانەکەی کۆشکی مەلیك .

بابەرەو پێش بڕۆین لەژێر ئاڵای خەباتی یەکگرتوی گەلانی دنیادا

کۆنگرەی هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عێراقدا کە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردو لە بەغدا دەستی پێ کرد بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو ڕاستیەیە کە بزوتنەوەی ئاشتی و ئازادی هەمو گەلانی دنیا لە بەرەیەکی یەکگرتودا خەبات ئەکات دژی ئیمپریالیزم و داوودەزگاکانی . وە هەرچەند هێزە ڕەشەکانی ئیمپریالیزم ڕیزی خۆیان یەکخەو ناکۆکیەکانی نێوانیان بشارنەوە ناتوانن نە یەکێتی خۆیان بگەیەننە ئاستی یەکێتی ئاشتی و ئازادیخوازانی دنیاو نە ئەشتوانن بەرەنگاری تەوژمی خەباتی شورشگێری ڕەوای گەلانی دنیا بن .

ئەم خۆنیشاندانە گەورەیەی پارتی و ڕێکخراوو دەستەو کۆمەڵە ئاشتی و ئازادی و پێشکەوتنخوازەکانی دنیا لە بەغدا ئەیکەن ، نەك هەر نیشانەی ئەوەیە کە گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە تاکە سواری مەیانی خەباتی شۆڕشگێری دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و کۆنەپەرستی نیەو گەلانی تری دنیاش لەهەمان مەیانا شانبەشانی خەبات ئەکەن بەڵکو نیشانەی ئەوەشە کە هەمو گەلانی دنیا بە پەرۆشەوە بێ‌وچان خەباتی شۆڕشگێرانەی خۆیان درێژە پێ ئەدەن بۆ ڕامالینی ئیمپریالیزم و دامەزراندنی کۆمەڵانی بەختیارو هێنانەدی دوارۆژێکی ئاسودەو بەختیار لەسەرانسەری دنیادا .

بێ‌گومان لایەنگیری و پشتیوانی ئەم هێزانەش هەر لەو ئاستەدا ناوەستێ کە لە کۆنگرەو کۆبونەوەدا دەنگی ناڕەزایی دژی ئیمپریالیزم و کۆمپانیا مونۆپۆلیەکانیان بەرزبکەنەوە یا خۆشحاڵی و بەختیاری خۆیان دەربڕن سەبارەت بە ڕزگارکردنی نەوتی عیراق لە چنگ کۆمپانیا مۆنۆپۆلیە چاوبرسیەکان بەڵکو ئەبێتە کردەوەو پشتیوانی سیاسی و ئابوری و دەستگرتنی ڕاستەقینە لە هەمو گۆشەیەکی مەیانی خەباتی دژ بە ئیمپریالیزمدا . هەر لەبەر ئەمەیە کە ئیمپریالیستەکان بەهەمو شێوەیەك هەوڵ و تەقەللا ئەدەن بۆ لەناوبردنی سیستەمی نیشتمانی عیراق و تێك‌شکانی میللی کردنی نەوت ، چونکە چاك لەوە گەیشتوون کە سەرکەوتنی عیراق لەم کۆڕە پرۆژەدا هەر لە سنوری عیراقدا نامێنێتەوە بەڵکو تەشەنە ئەکات بۆ زوربەی زۆری وڵاتە خاوەن نەوتەکان کە بەڕاپەڕینی ئەو وڵاتانەو ڕزگارکردنی نەوت لەچنگ ئیمپریالیزم پایەیەکی ئابوری و سیاسی بەتینی ئیمپریالیزم هەرەس دێنێ . جگە لەوەی کە سەرکەوتنی هەر گەلێك لەهەر کوچەو گۆشەیەکەوە بێت کار ئەکاتە سەر هەمو خەباتی ئەو گەلەو گەلانیتری دنیاو بەتەوژم پاڵ ئەنێت بە بزوتنەوەی ئاشتی و ئازادیخوازانەی دنیاوە بەرەو پێشەوەو بەدیهێنانی دەستکەوتی تازە .

لەمەیانی سیاسی و ئابوری ناوەوەی وڵاتیشدا دەربەڕاندنی ئیمپریالیزم و بنکە ئابوریەکانی ئەبێتەمایەی گەشەکردنی ئابوری وڵات و پێشکەوتنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی و دامەزراندنی بنکەیەکی ئابوری و پیشەسازی و کشتوکاڵی قایم و بەتین لەوڵاتا کە بێ‌گومان جێگا لێژەکات بە کەلوپەلو بەرهەمە پیشەسازیەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان کەساڵەهای ساڵە وڵاتەکەیان کردوین بە بازاڕی کەلوپەلی گرانبەهای خۆیان .

جالەبەر ئەم هۆیانەو لەبەر دەیان هۆی تر کە لێرەدا ماوەی باسکردنیان نیە پێویستە جەماوەری تێکوشەری گەلەکەمان بەوپەڕێ توانا و پڕبەپڕی گرنگی و پایەبەرزی ڕزگارکردنی نەوت لە چنگ ئیمپریالیزم و کۆمپانیا مۆنۆپۆلیەکانیان ئەم دەستکەوتە بپارێزن و خەبات بکەن لەپێناوی سەرخستن و پێش‌خستنیا ، کە ئەوەش پێش هەموشتێك بە یەکێتی ریزی هێزە

بڕوانە : ل ٤

institut kurde de paris

یەکخستنەوەی هەردو بەشی کۆریا
ئاواتی جەماوەری خەڵکی کۆریایە

یەکخستنەوەی هەردو پارچەکەی کۆریا بە ئاشتیانەو بەشێوەیەکی وا کە سەربەخۆیی گەل و وڵات دەستە بەربکات، ئامانجێکە کە هەمو گەلی کۆریا لە پێناویدا تێ ئەکۆشن، وە سەرۆك - کیم ئیل سونگ - خۆی بایەخێکی تایبەتی داوە بەم مەسەلەیەو هەمیشە لەوتار و نوسینەکانیدا بنچینە پتەوەکانی یەکخستنەوەی ئاشتیانەی دەستنیشان کردوەو ئامادەیی حکومەتو گەلی کۆریای ژوروی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە پیشان داوە.

بۆ نمونە پار لەم مانگەدا سەرۆك - کیم - ئیل سونگ - لە کۆبونەوەیەکی جەماوەریدا بۆ بەخێرهاتنی - میرنودروم سیهانوك -، وتارێکی خوێندۆتەوە لەسەر بنچینەی لێکۆلینەوەیەکی زانستیانەی باری ئاسیا هێلە ستراتیجی. تەکنیکیەکانی بەشێوەیەکی زۆر راست تیادەست نیشان کرد. لەم وتارەدا سەرۆك - کیم ئیل سونگ - بیروباوەری چەسپیوی «جوچە» و هێلی دوژمن بەئیمپریالیزم و بەتایبەتی ئەمەریکا کە گەلی کۆریاو گەلانی شۆڕشگێری ئاسیاو هەمو گێتی گرتویانەتەبەر زیاتر ئەچەسپێنێت وە لەبەر ئەوەی ئەو وتارەچەکێکی ئایدیولوجی و تیوری و سیاسی بەهێزە بە دەست گەلانی دنیاوە دژی ئیمپریالیزم.

وە لەم وتارەدا سەرۆك - کیم ئیل سونگ - هەلوێستی جوامێرانەی خۆی درەئەخات ئامادەیی پیشان ئەدات بۆ پەیوەندی کردن لەگەل هەمو پارتیە سیاسیەکان بە هەمو کەسی ئەزانێت کە سەرەك - کیم ئیل سونگ - گەلی جار پێشنیازی رەوای لە پێناوی رزگاری نیشتمانیدا پێشکەش کردوەو هەمو لایەکیش پێیان باش بوە، وە سێ سەرەتاکەی بۆ یەکخستنەوەی نیشتمان دانراوە بە بنچینەی ئەو بەیاننامەیەی نێوان سەرووخوارو دانرا کە لەم دواییەدا دەرچو..

لە هۆراك بەرێوەبەری دەزگای موخابەراتی کۆریای خوارو کە لەم دواییەدا سەری لە بیونگ یانگ دا بە تەواوی پشتیوانی ئەو سێ سەرەتایەی کرد کە سەرەك کیم ئیل سونگ - لە پێناوی یەکخستنەوەی نیشتمانیدا دای ناوە. ئەم سێ سەرەتایە زەمینەی خۆش کرد بۆ یەکخستنەوەی نیشتمان وە ئەو کۆسپانەی لابرد کە ماوەیەکی زۆر کەوتبوە نێوان سەرو خوارو وە سەرمایەیەکی بەنرخ نەهاتوی خستە دەستی گەلی کۆریا کە خەباتی خۆی دریژە پێبدا لە پێناوی یەکخستنەوەدا، ئەو یەکخستنەوەیەی کە دەمێکە چاوەروانی ئەکەن.

مەسەلەی یەکخستنەوەی کۆریا بێگومان گەلی کۆریا لەژێر ئالای سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی ئاشتیخوازانەو یەکێتی نیشتیمانیدا جێبەجێ ئەکاو هەمو پیلانێکی روخێنەرانەی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتا وردو خاش ئەکات.

وە ئەمەی خوارەوەش بەشێکە لەو وتارەی کە لەوکۆبونەوە جەماوریەدا بۆ بەخێر هاتنی سیهانوك لە بیونگ یانگ رۆژی ٦-٨-١٩٧١ کرا بو..

«بۆ ئەوەی بەتەواوەتی شۆڕشەکەمان سەرخەین پێویستە بە هەمو شێوەیەك وزەی شۆڕشگیرانەی خۆمان بەهێز بکەین و پەرەی پێ بدەین شان بەشانی ئەوەی کە وە ئەم دەستەیە ناپارێزێ لە لێکۆلینەوەی سەختی دوا رۆژ..

حکومەتی کۆماری کۆریای دیموکراتی میللی کە هەولێکی بێوچانی داوە بۆ یەکخستنەوەی هێمنانەی کۆریا بەرنامەیەکی هەشت خاڵی لە پێناوی یەکخستنەوەی سەربەخۆی هێمنانەی نیشتمان لە مانگی نیسانی رابوردوا جارێکی تر پێشکەشی کردەوە.

ئەمجارەش ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا بەئاشکرا قسەی هیچ و پوچ دەربارەی یەکخستنەوەی هێمنانە ئەلێنەوە بێ ئەوەی هیچ وەلامێکی بەرنامەپەوا هێمنانەکەمان کە باسمان کردوە، بخەنە پێش کە بەرنامەیەکە ئاواتی هەمو نەتەوەکە لە خۆیا ئەنوێنی.. ئەگەر ئیمپریالیستەکان بەراستی یەکخستنەوەی هێمنانەی وڵاتیان بوێ ئەبێ پێش هەمو شتێك لە کۆریای خوارو بکشێنەوە وەواز لە ئارەزوی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بهێنن هەروەها ئەبێ واز لە پیلانی هێنانە ناوەوەی عەسکەرەکانی ژاپون بهێنن وە هەروەها دوڵانە نەدەن بۆ بەگژا چوونی پارتە سیاسیەکان و رێکخراوە جەماوەریەکان و پیاوە دیموکراتیەکانی کۆریای خوارو کە لە پێناوی یەکخستنەوەی هێمنانەدا خەبات ئەکەن، بەڵکو ئەبێ یارمەتی ئەمانە بدەن کە بکەونە وتوویژەوە لە پێناوی یەکخستنەوەی خوارو سەروی وڵاتا وە ئەبێ سەرچاوەی بیرو باوەریان دەربارەی مەسەلەی کوریا ئەوەبێ کە کۆریایی خۆیان مەسەلەی خۆیان چارە سەربکەن. ئەگەر مەسەلەی بیروای کاربەدەستانی کۆریای خوارو دەربارەی بەرنامە هەشت خالیەکەمان بخەینەلاوە ئەو پرسیارەیان لێ ئەکەن کە ئەگەر بەراستی یەکخستنەوەی نیشتمانیان ئەوێ بۆ لەوە ئەترسن پێوەندی وتوو ێژ لە نێوان خوارو سەرودا هەبێ.

ئێمە هەمیشە ئامادەین کە لەگەل هەمو پارتیە سیاسی یەکان و رێکخراوە جەماوەریەکان و سەرکردە جۆراو جۆرەکانا بە پارتی دیموکراتی جمهوریشەوە لە کۆریای خوارو ئامادەی بکەین. ئەگەر کاربەدەستانی کۆریای خوارە ئامادەی بەستنی پێوەندی لە نێو خوارو سەرودا نەبن وە هەر بەقسە باسی یەکخستنەوەی هێمنانە بکەن بەمە لە توڕە بونو رقو کینەی گەل بەولاوە هیچی تریان پێ نابڕێ..

ئەمانە بەئاشکرا ئەڵێن کەنابێ باسی مەسەلەی یەکخستنەوە بکرێ تا پاش ساڵی ١٩٧٣، ئەو کاتەی کە هێزی خۆیان کۆئەکەنەوە یاخود تانیوەی دوەمی حەفتاکان جوڵانەوەی ئەو کاتەیان بەپێ ئەو خەیاڵ پلاوە سەرەرۆیانە کە پێ ئەڵێن (یەکخستنەوە دوای سەرکەوتن بەسەر کومونیستیا) وە دوای ئەوەی عەسکەریە ژاپونیە بوژاوەکان بە تەواوی ئەهێننە کۆریای خوارەوە، گەلەکەمان خەباتی سەختی خۆی دریژە پێ ئەدا لە پێناو پەلە کردنی لە دامەزراندنی سوشیالیستی لە نیوەی ژوروی کۆمارەکەمانا وە لە پێناوی شۆڕشی کۆریای خوارودا بەهۆی یاریدەدانی گەلی کۆریای خوارەوە وە لە پێناوی یەکخستنەوەی وڵاتا بەهۆی گەلی کۆریا خۆیەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆیانەو لەسەر بنچینەیەکی دیموکراتی و رێکایەکی هێمنانە خەباتی رەوای گەلی کۆریا لە پێناوی کشانەوەی ئیمپریالیستە ئەمەریکاییە دەست درێژەکان لە کۆریای خوارو وە لە پێناوی لەناو بردنی باری گرژی لە کۆریادا وە بۆ جێبەجێ کردنی یەکخستنەوەی هێمنانەی وڵات بێگومان لە سێبەری پشتیوانی پەرەسەندو هاندانی رۆژبە رۆژ زیاد بوی گەلانی ئاشتی خوازی دنیادا سەرکەوتو ئەبێت».

گیاب ئەڵێت

دەست لە چەك هەڵناگرین تا وڵات لە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا پاك نەکەینەوە

ژەنەراڵ نگوین گیاب وەزیری بەرگری قێتنامی دیموکرات لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە ئاهەنگی بالیوزخانەی چین لە هانۆی بەبۆنەی بیرەوەری بیست و پێنج ساڵەی دامەزراندنی لەشکری چینەوە وتارێکی خوێندۆتەوەو وتویەتی:

حکومەتی ئەمەریکا خۆی فرێداوەتە کۆڕی گێژاوێکی عەسکەری تازەوە تاکو بەرنامەی (شەڕی قێتنامی بە قێتنامی کردن) لە روخاندن رزگاربکات هەروەها وتویەتی لەوکاتەی ئەمەریکا دەستئەکات بە دەهۆڵلێدان کە گوایا هێزەکانی لە قێتنام ئەکێشێتەوە، لە هەمانکاتدا لەلایەکی ترەو ئاگری شەڕ خۆشتر ئەکات و هێرشی ئاسمانی دژی قێتنامی دیموکرات پەرە پێ ئەدات و فراوانتر ئەکات.

تێکوشان تا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنن.

وە دەربارەی باری ئێستای ناوچەی هیندی چین وتویەتی: ئەو خەباتە چەکدارانەیە گەلی قێتنامو گەلانی تر لە لائوس و کەمبودیا گرتویانەتەبەر لە پێناوی رزگاریا دژی دەستدرێژ کردنی ئەمەریکا گەلێك لە ئامانجەکانی خۆی هانیوەتەی وە ئەم گەلانە دەست لەم خەباتە هەڵناگرن تا رزگاری نەواو بەدەست نەهێنن.

ژەنەراڵ گیاب پێش ئەوەی کۆتایی بە وتارەکەی بهێنێت وتویەتی:

ئێمە لەم سەدەی بیستەمەدا لە پێناوی پیرۆزترین رەوشتی مرۆڤایەتی پێشکەوتو دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا گەلێك لە ئامانجەکانی خۆی هانیوەتەی وە ئەم گەلانە دەست لەم خەباتە هەڵناگرن تا رزگاری نەواو تیمە لەم سەدەی بیستەمەدا لە پێناوی پیرۆزترین رەوشتی مرۆڤایەتی پێشکەوتو دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئەچەکێن وە ئەو ئیمپریالیزمەی کە بۆنە دوژمنی ژمارە یەکی هەمو گەلانی دنیا.

بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی

توبامارۆس

پاشماوەی: ژمارەی پیشو

«لەبەشی یەکەمی باسی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی توبامارۆسا، سەرەتایەکی میژوی چۆنیەتی پەیدابونی ئەم بزوتنەوەیەمان بەرچاوخست لەگەل کارە شۆڕشگێرە سەرەتاییەکانی لەم بەشدا باسەکەمان تەواو ئەکەین».

مردن بۆ خۆین رێژەکان لە قێتنام:

ئالان لابرۆس

لە نیوە شەوی ٢٥ی مایسی ١٩٦٥دا بۆمبایەکی بەهێز مەخزەنەکانی داو دەرمانی - بایر - ی ئەڵەمانیای رۆژ ئاوای لە پایتەختی ئۆرۆگۆای ویران کردو بە دیوارە روخاوەکانیا ئەم بەیاننامەیە هەڵواسرابو:

«مردن بۆ سەربازە خوێن رێژەکانی ئەمەریکا لە قێتنام، پێویستە گەلانی زوڵم لێکراو یەك بگرن بۆ بەربەستی کردنی ئەو دەست درێژیە تاوانکارییەی ئەکرێتە سەر گەلی قێتنام، بەمە دوژمنی هەرە دیاری هەمو ئەو گەلانە پێشێل ئەکرێت، بروخێ دیکاتۆریەکان، بژی قێت کونگ، بژی شۆڕش).

«**توبامارۆس**»

رێکخراوی توبامارۆس:

رێکخراوی شۆڕشگێرەکانی توبامارۆس ئەوەندە نهێنیە بە گران ئەتوانرێ هەندێ دەربارەی بزانرێ، تەنیا لە چەند رویەکەوە نەبێت کە ئەتوانرێ دەستی بۆ بکێشرێ رێکخراوی توبامارۆس لە بنکەوە بۆ سەرکردایەتی بریتیە لە: پێشمەرگە نوێکان کە مەشقیان پێ ئەکرێت، لەوان پێشکەوتوتر شانە شانەدابەش کراون و هەر شانەیەك بریتیە لە ٥ هەتا ٧ ئەندام، ئەوەی زۆر گرنگە توبامارۆسیەکان هیچیان یەکتری ناناسن لەشانەکانی خۆیانا نەبێت و هەر شانەیەکیش لێپرسراوێکی سیاسی و یەکێکی سەرباری تایبەتی خۆیان هەیە، وا دەر ئەکەوێت هەتا ساڵی ١٩٦٨ بریاری گرنگ بەپێی پێشنیازی سەرکردایەتی بەرازی بونی ئەندامەکانی شانەکان ئەدرا کە بیروڕایان دەربارەی هەر کاروبارێك رێکخراو بیوستایە بیکات وەرئەگیرا.

بەپێی ئەو نهێنیە بەهێزەی لە رێکخراوی توبامارۆس باوە تا ئێستە پۆلیس لە ئۆرۆگۆای نەی توانیوە بگاتە بنچ و بناوانی کۆبونەوەو پێك گەیشتنی ئەندامەکانیان یان جموجوڵیان لەناو خەڵکا بزانن، هەرکەسێ بیەوێ بچێتە ریزی توبامارۆس ئەکەوێتە ژێر تاقی کردنەوەیەکی زۆر سەختەوە، دوای سەرکەوتنی مەشقێکی سەربازی زۆر گرانی پێ ئەکرێ و بەرێگاو شوێنی زۆر وردی تەکنیکی فێری تەقە کردن و ئوتومبێل لێخورین و خۆون کردن ئەکرێ، ئەوەی لەبارەی ئەم رێکخراوەوە زانراوە لە مەسرەف کردنا بەشێوەیەکی سەیر دەست بەمەسرەفەوە ئەگرن، لەوەش زیاتر ژمارەی ئافرەت لەم رێکخراوەدا تەنیا پشت گیرو یارمەتیدان نیە بەڵکو لە زۆر جۆلانەوەو پەلاماردانی توبامارۆسا بەشداری راستەو خۆیان کردوەو لەهەندێ جاریش لە پەلاماردانا سەرکردایەتی بەوان ئەدرێت.

شۆڕشگێرەکانی توبامارۆس کە ئەگیرێن و ئەخرێنە بەندیخانە، بەکۆمەڵ پێکەوە ئەژین، لەبەندیخانە یاری وەرزشی و خوێندنەوەو پەروەردەی ئەیدۆلوجی ئەرکی سەرشانی هەمویانە، پۆلیسەکانی بەندیخانەکان بەهیچ جۆرێ ناوێرن لیان نزیك ببنەوەو سزایان بدەن، چونکە لەوە ئەترسن شۆڕشگێرەکانی تر لە دەرەوە تۆلەیان لێ بکەنەوە.

توبامارۆس و بزوتنەوەکانی تر لە ئەمەریکای لاتینی و پەیوەندیان لەگەل کاسترۆ:

لە ٢٦ی تەموزی ١٩٧٠دا، فیدل کاسترو سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمونیستی کوبا، لەبەردەم چەند وەفدێکی میوانا کە بۆ ئاهەنگەکانی جەژنی شۆڕش چوبون وتی:

(وەفدێك بەرێگاوەیە، نوێنەری بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی توبامارۆسە لە ئۆرۆگۆای، وە توبامارۆس یەکێکە لە بزوتنەوەو شۆڕشگێرە هەرە مەزنەکانی ئەمەریکای لاتینی و بەهوی پەیوەندی ئەم بزوتنەوەیە بە شۆڕشی کوباوە ئەتوانن پەیوەندی بەبزوتنەوەکانی ترەوە بکەن).

هەروەها توبامارۆس پەیوەندی لەگەل بزوتنەوەی - تاکویرا - ی شۆڕشگێڕ لە ئەرجەنتینا بەهێزە.

توبامارۆس و گیفارا:

ئەرنستو تشی گیفارا توانی بوی بەشێوەیەکی نهینی بچێتە ئۆرۆگۆای و پەیوەندی لەگەل شۆڕشگیرەکانی توبامارۆسا بکا، بۆ دانانی نەخشەی خەباتێکی فراوان لە چوارچێوەی هەمو کشوەری ئەمەریکای خوارودا، ئەو نەخشەیە سەرەتای رێگای

بروانە: ل ٧

چەند بەشێك لە دیفاعاتی رێکخراوی گیانبازانی گەلی ئێران

-٢-

٧٠ ساڵ لەمەوبەر میللەتی ئێمە بۆ رزگاربون لەچنگی حکومەتێك کە خەڵکی ئیرانی خستبوەی گێژاوی هەژاری ئابوری و زەبروزەنگی سیاسیو بە تەواوی خستبویە ژێر دەسەڵاتی ولاتە ئیمپریالیستەکانی روسیای قەیسەری و ئینگلیز، راپەرینێکی خوێناوی بەرپا کرد. نەمامی شۆڕشی مەشروتیەتی ئیران کە بەخوێنی شەهیدانی رێکای رزگاری ئاو دراو، هێشتا نەهاتبوە سەربەر کە لەژێر پلانەکانی کۆنەپەرستی ناوخۆو استعماری دەرەوەدا پێشێل بو. بەراستی هەرئەوکاتە کە داوا لەسەرتارخان و گیانبازەکانی تر کرا چەك دانێین و بریاری چەك کردنی لەشکری گەل درا، لەرێگالادان دەستی پێ کرد. ئەوانەی لەقەبی السلطنە ملك و الدولەیان پێ درابو کاروباریان بەدەستەوە گرت و ئەمجار لەکەولی مەشروتیەتدا قازانجی خۆیان و ئاغاکانیان دابین کرد. رودانی شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرکەوتنی شورشی سوسیالیستی و کەوتنی قەیسەرەکانی روسیا و بەهێزبونی بیروباوەری دژی استعماری و دژی چەوسانەوە و خۆنواندنی لەشێوەی بیروباوەرو بزوتنەوەی شورشگیرانەدا، استعماری ئینگلیزی کە ئەوکاتە بەهێزی روخانی رەقیبی شیمالی (روسیای قەیسەری) یەوە ببوە فەرمانرەوای بێبەرهەڵستی مەیدانی سیاسەتی ئیران هێنایە سەر ئەوکارە کە بەدامەزراندنی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز، هەم قازانجی بێ ئەندازی نەوت بگرێتە دەست خۆی و هەم لەهەڵکەوتی ستراتیژی ئێران لەومەلبەندەدا و بەتایبەتی بۆ پێك هەڵپرژانی جەتمی داهاتو لەگەل یەکەمین ولاتی سوسیالیستی (یەکیەتی سۆڤیتی) کەلك وەربگرێ. لەبەرئەوە پەیمانی گلاوی ١٩١٩ کە بەپەیمانی فرۆشتنی ئیران ناوبانگی دەرکردبو بەدەستی وثوق الدوله مۆر کرا کە بەخۆشبەختیەوە لەئەنجامی بەرهەڵستی نیشتمانپەرستەواقیعیەکاندا هەڵوەشایەوە. پاش ئەوەی لەوکارەدا سەرنەکەوتن نەخشەیەکی فێڵبازانەیان بۆ زاڵبون بەسەر ئیراندا کێشا. بەوجۆرە کە لە ئاخروئوخری ساڵی ١٢٩٩ (هەتاوی) دا کودیتایەکیان بە رابەرایەتی سید ضیاء الدین طباطبایی نۆکەری ناسراوی ئینگلیز و رەزاخان کەرابردویەکی «روناکی» لە هێزەکانی قازاخدا هەبو و لەسەرکوت کردنی راپەرینی تەورێزە و راپەرینی شۆڕش-گیرانەی جەنگەل (لەژێر رابەرایەتی میرزا کوچك خان:!) خزمەتێکی باشی کردبو، بەرپا کرد و پاشان بەمانۆرێکی زانایانە لەبارەی شێخ خەزعەل و بەفریودانی حکومەتی سوسیالیستی سوڤیەت کۆدیتاچیەکانیان بەدژی ئینگلیز و پیشکەوتو لەقەتەم دا. بەوجاڵەش چونکی کودیتاچیەکان لەلایەن خەڵکەوە هیچ پشتیوانیەکیان لێ نەکرا ناچار حکومەتی زەبروزەنگیان وەکار خست و هەوری رەشی دیکتاتۆری رەزاخان ٢٠ ساڵ ئاسمانی کومەڵی ئیرانی تاریك و تەڵەم کرد.

هەرچەشنە بزوتنەوەیەك لەبێشکەدا خنکێزا. راپەرینی شورشگیرانەی جەنگەل و

ئامادەکردنی: جەمال

راپەرینی خوراسان بەراپەرایەتی کولۆنیل محمد تقی خان پسیان سەرکوت کران. رەشەکوژی و ئەشکنجەی پولیسی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و دەرزی ژهراوی و هەوای پزیشك ئەحمەدی لە هەمو جێگایەك ناوبانگی دەرکردبو. پیاوانی وەك مەدرس و اڕانی و عشقی بەچەشنێکی (مرموز) بەدەستی نوکەرەکانی ریژیمی کۆنەپەرست کوژران. لیوی فرخی یزدی ئەوشاعیرە ئازادیخوازە کە هێرشی بردبوە سەرحکومەتی نوکەرانی استعمار بەدەرزی و دەزو دروا دەستدرێژی بۆ ناموسی خەڵك کرا. مال و ملکی خەڵك لەلایەن کاربەدەستانی حکومەت و لەسەروی هەوانەوە دەربارەی پەهلەوی بەناهەق زەوت کرا. یادی ئەوجینایەتانە کە ساڵی ١٣١٤ لەژێر ناوی لابردنی چارشێودا کردیان، ئیستاش دڵی خەڵك ئازار دەدا. لەوسەردەمەدا بو کە قانونی دژی گەلی کە هەرچەشنە بزوتنەوەیەکی لەخەڵك قەدەخەکردبو لە هەردو مەجلیسە دەستکردەکەدا پەسند کرا و ئیستاش لە بەرەکەتی ئەوقانونەوەیە کە ئازادیخوازانی ئیران دەگرن و حەپس و زنجیریان دەکەن و دەیانکوژن دەستی دەستەی ئیعدام.

کەلەکبازیەکەی هەڵوەشاندنەوەی امتیازی نەوتی دارسی وەپێ خرا، بەڵام هێشتا تەنیا شەوێکی بەسەردا تێنەپەڕیبو کە پەیمانێکی دیکە بەسترا و زوریش دەهۆڵ و زورنای بۆ لێدرا کە گویا امتیازی زیاتریان وەرگرتوە و هەقی مالیکیەتی خۆمان بەکارهێناوە و لەوچەشنە پروپاگاندانە و راستەلەوکاتەدا کە ماوەی پەیمانەکە خەریك بو تەواو بێ بۆماوەی ٦٠ ساڵ تازە کرایەوە. پاش ماوەیەك تقی زادە وەزیری دارایی ئەووەختە کە پەیمانەکەی ئیمزا کردبو بەراشکاوی گوتی «من داردەستێکی بێئیرادە بوم» وەك دەزانین تقریبا تەواوی داهاتی نەوت لەوروژگارەدا بۆ پێك هێنانی ئەرتەشێکی نوێ خەرج دەکرا، ئەرتەشێك کە پاڵپشتی ریژیمی زەبروزەنگ و رەشەکوژی بو. ئەرتەشێك کە تەنیا بۆ سەرکوت کردنی راپەرینی میللەت بۆ وەدی هێنانی مافی خۆی و کەلك لێوەرگرتن لەشەریکی احتمالی دژی سۆڤیەتدا دروست کرابو نەك بۆ خاتری پاراستنی وڵات. چونکە دیتمان کە لەخەرمانانی

بروانە: ل ٧

institut kurde de paris

روانگەو.. کۆیرە رەخنە

پاشماوەی: ژمارەی پێشو

بەرزترین شێوەی دەربڕین بەرزترین شێوەی تێگەیشتنی ئەوێ

● نوسەر ئەڵێت « بۆ نموونەی ئەم شێوە نوسینە با مەفهوم و دابڕڕاوە لە خەڵك کە لە وڕێنەو مەتەل زیاتر لە هیچ ناچێ ، پارچەیەك لە بەندی دووەمی یاسای خۆڵ و دۆکەی کاك حسین عارف ئەخەمە پێش چاو : شار بێ سەرو بن ئەبو گیرو گرفت ئەبوو بە پەشمەك زیرابەکانی شار هەنگوینیان پێیا تێ ئەپەڕی ، مزگەوتێك چوار تیاتروخانەی هەڵ ئەلوشی و خۆی جێگەی ئەگرتنەوە .... هتد .

شێرکۆ بێکەس

تا ئەڵێت « رەنگە نووسەر کە تا ئیستا یەکێك لەو نیازێکی باشی هەبێ لەم قسانە، دەردانەی رەخنەگرەکانمان وە لە دڵی خۆیدا ، باشی نیك توشی بوون ، دەردی دوو رویی و بداتەوە ، بەڵام پیاو کە چەند نیشان‌دانی چەند بارێکە لە جار نوسینی وا بخوێنێتەوە شی کردنەوەی یەك کار یان سەری لێ دەرنەکات ، دەستاو چەند کارێکی ئەدەبی‌دا ، کە دەست بەناو خەڵکا بیگرێت بۆ ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شەرحێك ، ناچارە کە هەر بە پێوانەکانی دەستیان لاسەنگ ورێنەو قسەی بێ سەرو بنی بکات ، بەجۆرێك لە یەك کاتا تێگەیان بێنێ « بەگەیان بینین » وەهەروەها ئەڵێت ٠٠ نازەشن و « لە نوسینی کارە ئەدەبی- کۆنیشن ٠٠ ئەوەتا کاك فاضل یەکانمدا ، لەڕووی هونەریەوە رادەی نزمی هونەری و دروشمی نابێ نزمیان بکەینەوە تا ئاستی سیاسی ناوێت لە دەربڕینی بەیان‌نامەو دروشمە سیاسی‌یەکان ، بەڵکو ئەدەب ئەبێ بە ئەدەبی‌دا ، بەڵام (قانع) (بەرزترین شێوەی دەربڕین بنوسرێت) ، بە شێوەیەك هەڵگری مەشخەڵی ریالیزمی ناوەڕۆك پێش شکل بکەوێت سوشیالستی‌یە ، شێوەی وەمەبەستی سیاسی نوسینەکە، نوسینی نا مەفهوم و دابڕڕاو لە شێوەی دەربڕین بنوسین ٠٠ باس خەڵك ٠٠ ئەکات ٠٠ کەچی لە هەمان کاتیشا ئەڵێت شێوەی بەرزترین شێوەی دەربڕین لە « ئەبێ بە بەرزترین شێوەی دەربڕین بنوسین ٠٠ چۆن ؟٠ بەرزترین شێوەی دەربڕین لە ئەدەب‌دا ، ئەبێ لای نوسەر چی بگەیەنێت ؟ هەر هەمان وشەی ئاسایی لە زمانی ئەدەبی‌دا ؟ ئەو بەرزترین شێوەی دەربڕینە ، بەرزترین گۆڕانی گەرەك نی‌یە ٠٠ لە گۆڕانی (زمان) خۆی‌دا ؟٠٠ ئەو بەرزترین دەربڕینە ٠٠ بەرزترین شێوەی تێگەیشتنیشی ناوێت ؟ لە خوێنەران‌دا ٠٠ ئەم دوو ڕادەی بەرزێتی‌یە لە یەکتر جیا ئەبنەوە ؟ پەیوەندی دینامیکی‌یان بەیەکەوە نەبەستراوە ؟٠٠ ئایا نووسەر ڕای وایە ٠٠ ئەم بەرزترین شێوەی دەربڕینە لە (قانع)دا هەیە ؟ ئەی ئەگەر وایە ٠٠ نزمترین شێوەی دەربڕین کامەیەو لە چ شاعیرێکمان‌دایە؟ دیسانەوە ٠٠ ئایا (قانع) هەر وەك « گۆران » مەفهومەر دانەبڕراوە لە جەماهیر و روربەی زۆر ؟ ئەگەر وایە ٠٠ کەواتە بەرزترین شێوەی دەربڕینی هەردووکیان هەر لە یەك ئاستا بەرامبەر ئەوەستێنێتەوە ؟ پێوانەی ئەو دانەبڕینە بەپێی تێگەیشتنی زوربەی زۆرو میللەت ئەپێوین ؟ ئەگەر وایە ٠٠ واتە (قانع) ئەبێ شاعیرتر بێ ؟٠٠ ئەم وەرامانەمان هەمووی لەنووسەر ئەوێت !

● دەربارەی ، چیرۆکەکەی کاك حسین عارف ، کە ڕەخنەگر پارچەیەك لە جگەری ، بەڵێ ڕاستەو زۆر ڕاستیشە لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا کە بەسەر ناوەڕۆکی ئەدەب داهاتوە هەمان گۆڕانیش بەسەر هەر شێوەدا هاتووە ، بەتایبەتی بەسەر زمان‌دا ، بەسەر پەیوەندی‌و لێك‌پچڕاندنی وشەکان‌دا لە یەك کاتا ، ڕاستە ٠٠ ئەگەر وشە بەوشە ئەو ڕستانە بگرین ، تێ ئەگەین هەر هەمان ئەو وشانەیە کە چیرۆك نووسە تەقلیدی‌یەکان بەکاریان هێناوەو هەر ئەو وشانەشە کە بەسەر دەمی خەڵکی‌یەوەیە (گیروگرفت) ٠ (پەشمەك) (زێراب) ٠ (هەنگوین) ٠٠ بەڵام حسین عارف هەڵس و کەوتێکی تازەتر لەگەڵ زمان‌دا ئەکات ، بەجۆرێکی‌تر وشەکان ئەبزوێنێ بەرگی زیاد لەتەفسیرێکیان ئەکاتە بەر ، مرۆڤ لەداهێنان ناکەوێت ، یان وەکو گارۆدی ئەڵێت « کاتێ مرۆڤ ویستی شتی بدۆزێتەوە لاسایی ڕوێشتن بکاتەوە ، تایەی ٠٠ داهێناو دۆزی‌یەوە ٠٠ کە بەهیچ جۆرێك لە قاچ ناکات » واقیعە بلا ضفاف ل ٥١ بەڵێ (حسین عارف) هەوڵ ئەدات ، پەیوەندی‌یەکی تازەمان لەزمانی ئەدەبی‌دا ، بۆ بدۆزێتەوە ، کە لە شێوەی‌دا ، زمانە ئاسایی‌یەکە بێت ، بەڵام لە (ناواخن)دا گەلێك لێی جیاواز بێت ٠٠ نووسەر لەخۆی نەپرسیوە ؟ ئایا حسین عارف بەدروست کردن ئەمە دروست ئەکات ، یان پەیوەندی بەپێش کەوتنی ئەدەبی خۆیەوە هەیە ؟ بەداهێنانی تازەترەوە هەیە ؟ ئایا (حسین عارف) ناتوانێ لەبابەتی چیرۆکی (چای شیرین)مان ئیستا پێشکەش بکاتەوە پاش تێ‌پەڕبونی چارەکە سەدەیەك بەسەردانانیا ؟٠٠ ئەشێت هەندێ نوێ‌خواز ، کە هێشتا لەسەرەتای ڕێگەی ئەم تاقی کردنەوەیەدا بن ، چەند قسەیەکی نوسەریان بەسەرا بشکێنینەوەو بڵێن وایە ، بەڵام دەربارەی (حسین) نەء ٠٠

● کۆڵن ولسن ئەڵێت « چیرۆك نوسی تازە ، ئەیەوێ (شتێك بڵێ) ئەك حکایەتی بگێڕێتەوە ٠٠ هەروەهاش کاتێ خوێنەرێکی ئاسایی کتێبێکی (سامۆئیل پیکیت) یان (ئالن روپ گریبە) ئەگرێ بەدەستەوە بۆ خوێندنەوە ، بێ‌گومان سەرسام بوونەی خۆی بەم جۆرە دەرئەبڕێ : ئای کە گۆڕرانێکی گەورە لە ئەدەبێ سەدەی بیستەما ڕووی‌داوە ، کە ئەم پێش‌کەوتنە ئەچێت کە لە تیوروباری سەرنجی زانستیشدا ڕویان‌داوە ، ئەواو لەوە ئەچێت کە فیزیایی‌یەکی سەدەی نۆزدەهەم لە بیردۆزو تیورەکانی ئەمڕۆی (دیراك) نەکات » المعقول و اللامعقول فی الادب الحدیث ل ١٥ وە ل ١٦ بەڵێ دەرمان‌گرەوە میللی‌یەکان ، لە کیماوی‌یەکانی ئەمڕۆ ناگەن ، دیارە هەر وەهاش ئەوانەی بیری لێك‌دانەوەو ، هەستی چێژکردن‌و خۆشەویستی ئەدەبی‌یان ، لە (خەوما)کەی جەمیل سائب‌و بۆری (گرامە فۆنەکەی) شاکر فتاح‌دا ٠٠ وەستابێ ٠٠ بێ‌گومان لەنوسینەکانی (حسین عارف) بەو مانای تێ‌گەیشتنەی نوسەر ئەیەوێت تی‌ی‌ناگەن ٠

● ئەدیب‌و هونەرمەندی گەورە ، هەوڵ ئەدات، لەسەرو ئاسایی‌یەوە ، داهێنان بدۆزێتەوە ، ئەدەبی ئەمڕۆ ئەچێت بەگژ هەموو غوروروو دەرهێناوەو بە قولاپی قەسابخانەی ڕەخنەکەی‌دا هەڵی‌واسیوەو لەهەموو ئەندامێکی‌تری لەشی چیرۆکەکەی جیاکردۆتەوە ، ئینجاش دەستێکی کەوتۆتە ئەملاو دەستێکی‌تری ئەولاو ٠٠ بە شوێن شەرح کردنیا ئەگەڕێت پێشەکی ئەمە بێجگە لەوەی لە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبی‌یەوە ، ئەم کارەی کاك فاضل کردویەتی . ناگونجێ لەگەڵ - ڕیالیزمی سوشیالستی‌دا - چونکە یەکێتی‌ی بابەت ئەشیوینی‌و لەتو کوتی ئەکاو ، وینەیەکی ناتەواو بەدەستی ئەنقەست ئەخاتە بەردەم خوێنەران ٠٠ ئەڵێم جگە لەمانە ئایا بڕوا بکەم نووسەر بەتایبەتی لەو ڕستانە ناگاو بە شوێن تێ‌گەیشتنیانا ئەگەڕێت ؟ ئەمە لەکاتێکا کە ئەو تەنیا - لێك‌دانەوەی عەقلی‌و مەنطقی - ئەکات بە سەرپشك بۆ « تێ‌گەیشتن » لە کارە ئەدەبی‌یەکان‌دا ، نەك ئەو (ئیحا) ئەدەبی‌یانەی ، کە خۆشەویستی‌یەك بەرامبەر بەزەمەمەکەو ، ئەو کارتێ‌کردنەی سەرتاپای نوسینەکە ، لە دڵی‌و مێشکی خوێنەرا وا بەجێی ئەهێڵێت ، بزانی چی‌یە ؟ نەك خۆ- گیرکردنێکی - مەنطقی وشك - کە ئامانجی تەفسیرکردنێکی (ریاضیائە) بێت ، لە (جوزەیئیاتی) بەرهەمەکەدا بەس ؟ من هەر لێرەدا چەند پرسیارێك لە نووسەر ئەکەم ٠٠ حەز ئەکەین پێمان بڵێ لە بینینی زەریادا ، شاخ‌دار درەختا ، چی تێ ئەگات ؟ ئایا کە ئەیان‌بینی ، ڕاستە ئەپرسێت ، زەریا لێکدانەوە عیلمی‌یەکەی ئەمەیەو لەو دروست بوەو ٠٠ ئاوەکەی لە ئوکسجین‌و هایدروجین پێك‌هاتوەوە ٠٠ هتدو ٠٠ ئەپرسین : خۆر هەڵهاتن چی‌یە؟ یان لەو بینینانەدا ٠٠ بە شێوەیەکی گشتی ٠٠ جوانی ، سەرسام‌بونمان ، دڵ‌گوشینمان سامو هەیبەت‌و نەهینی ژیانمان دێ بە خەیاڵداو ، ئەمەیان ئەکەوێتە پێش لێك‌دانەوە (مەنطقی)کەوە یان نا ؟ ٠٠ دیارە ئەو تێ‌گەیشتنەی کاك (فاضل) مەبەستێتی ، وەك تێ‌گەیشتنێ وایە لە ئەنجامی حەل‌کردنی مەسەلەیەکی حسابی‌دا ، کە ئەمەش لە ئەدەبی تازەدا پەڕکراوە ، بەڵێ چاوەڕوانە یەکێك بێ‌ی‌بڵێ ئەم وشەیە + ئەو وشەیە = بەو وشەیە ئاشکراو دیارە ، هەر وەکو چۆن ١ + ١ = ٢ پێویست ناکات سەر لەخۆناز تێك‌بدەن ، (حسین عارف) لەو ڕستانەدا ، هەر (خوم ، شێواوە)و (سەری گا ئەکرێ‌بە ٠٠)و (جەناب مەقاییس نەماوە)و (کا لەبەر دەمی سەگا دانراوە)و (گۆرگەو لەپێستی مەڕدایەو) (پارە بدەیت مەلا لەمزگەوت دەردێنی)و ٠٠ ئەم ڕستە جووراوانەی ، نەوتۆتەوە ٠٠ بۆیە تێ‌ی‌ناگەین ؟ لە ڕێگەی ڕووڕۆشێکی هونەری‌یەوە ئەدوێ ، بۆیە مەتەڵە ؟٠٠ نایەوێ توێکڵی ئەدەب لەجێگەی ناوك بەبەشێتەوە ٠٠ بۆیە نامەفهومە ٠٠ زمانی ئەدەبی ، لای (حسین عارف) زمانی بەلاغەتێکی تازەی تیکەڵ بەزمانی شیعرە لەچیرۆکەکانیدا ئیحامان زۆرتر ئەداتێ وەك لە تەفسیری مەنطقی ١ + ١ ، لەهەمان کاتیشا قەناعەت‌و وەستانێك‌دا ، سنوری (ذ٠م٠م) لەئەدەبا نەماوە ، ئەمڕۆوە ، باوەش ئەکات بەداهاتودا ، لە بینراود نەبینراوو ، لەبیستراوەوە نەبیستراو ئەدۆزێتەوە . گۆڤاری شیعری ٦٩ ئەڵێت « شاعیری چاك لەکاتێکا پەیوەندی‌یەکی سیاسی هەبێت، ئەیەوێ تەماشای هەموو شتێ بکات ، وەك بۆ یەکەم جار بیان‌بینی وابێت ،یان هەروەکو دەست‌کردی خۆی بێن ٠ ئەیەوێ ئەو پەیوەندی فۆناغە سیاسی‌یەی خۆی لە پەیوەندی‌یەکی فراوانتردا بتوێنێتەوە ، لە ئیستاوە بچێتە ناو نەوەکانی داهاتوەوە شاعیر لەپاشەڕۆژی مرۆڤایەتی‌دا ئەژی ، شایەتێکی ڕاستەقینەی میژوو هەموو دنیایە » گۆڤاری شیعری ٦٩ ژمارە یەك ئەدەبی نوێ بەلای ئێمەوە ، بەلای ڕوانگەوە ، موعادەلەیەکی حسابی نی‌یە وەك ئەوەی بڵێی ١ + ١ = ٢ بەڵکو تاقی‌کردنەوەی زیندوی ئەدەبی ئەمڕۆ ، بەرهەمەکان، ڕادەی تێ‌گەیشتن‌و ڕۆشن‌بیریشی لەخوێنەر ئەوێت ، ئەبێ وردناس‌و جوان‌ناس بێت ، لەگەڵیانا بژی‌و خوێندنەوەی ئەدەبی بە ڕابواردنێکی وەختی وەك ، خوێندنەوەی گۆڤازەکانی (الموعد)و سنین‌و العجائب)و شوێن پێی هەڵگرتنی دەنگ‌وباسی ژن‌هێنان، شوکردنی مومسیلەکان نەزانێت ، خوێنەری وا بوو ، لەوە زیاتر کە پێویستە گۆشەکانی ، پرسە نامەی ڕۆژنامەکان بخوێنێتەوە ٠٠ پێویست ناکات بەوەی ٠٠ شیعرێکی (بەیاتی)و چیرۆکێکی (حسین عارف)یش هەر بەهەمان شێوەو ٠٠ هەمان ڕادەی لێ تێ‌گەیشتنەوە بخوێنێتەوە ٠٠ هەر لەم بارەیەوەیە بەیاتی ئەڵێت « خوێنەری شیعری ئەمڕۆمان ، نابێ وەك گوێگری گۆرانی‌یەکانی (أم‌کلثوم) وا بێت ،کە ڕاستەوخۆ بە بێ‌هیچ ئەلقەیەکی پەیوەندی‌یان چێژ لێ‌وەرگرتنێکی هونەری ، بیگاتی‌و ڕازی‌کات ، ئەمە لەکاتێکا هونەری شیعر ٠٠ بۆ ئەو کەسەی بیەوێ لێی تێ‌بکات ، یان چێژی لێ‌وەربگرێ پێویستە ئەویش ڕادەی ڕۆشن بیری تێ‌گەیشتنی خۆی هەبێت »و هەروەها ئەڵێت (من ئامادە نیم شیعر بۆ ئەو خوێنەرە بنوسم کە ڕاستەوخۆ بە ئاسانی

بڕوانە : ل -٧-

سەرنجێك

لە ژمارەی ڕابوردوی هاوکاری‌دا ، لە وتاری (سەرنجێك لە پیاچونەوەکەی کاك محەمەدی مەلا کەریم) دا کە کاك فاضل ملا محمود نوسیبوی ، بەشێکی نوسینەکە لەکاتی‌ریزکردن‌و تەرتیب‌کردنی دێڕەکانی‌دا توشی چەند هەڵەو کەم‌وکوڕیەك بوبو ٠٠ بۆیە سەرتاپای ئەم بەشە : وەکو کاك فاضل بوی ناردبوین دوبارەی ئەکەینەوە ٠

تێگەیشتنێکی نوێ لە خەباتی جینایەتی

کاك محمد گلەیی لەوە هەیە کەمن بە تیژی خەتم لە بەینی دۆست‌و دوژمنا کێشاوە ، وەوتومە کە لە نێوان بەرەی شۆڕشی پرۆلیتاریاو کۆنەپەرستانا ، شوێنێکی بێ‌لایەن نیە ٠ بەڵی وایە ! وە ئەوەیەکێکە لەباساکانی خەباتی جینایەتی ٠ کاك محمد بەسنگ فراوانی‌یەکی زۆرەوە ، ئەیەوێ قوژبنێکی بێ‌لایەن بدۆزێتەوە بۆ کەس لە دنیا نەگەیشتون‌و ڕوانگە ، بەوبیانوەی کەهەندێك جێ‌ی خۆیان دیاری نەکردوە ، ئەشێ بێ‌لایەن بن ٠

ئەگەر ئەمە بیانوی چەندکەسێك بێ ، نابێت بیانوی تاقمێك شاعیرو نوسەرو خوێندەوار بێت ، کە نابێت قسەی وایان پێ بوتریت کە گوایە « لە دنیا نەگەیشتون‌و ناهەقیان نیە بێ لایەن بن » ئەدیب کەسێکی هوشیارو تێگەیشتوە ، چۆن ئەبێ لە مەسەلەی ناکۆکی ئەساسی گەلا بێ‌لایەن بێت ٠

ئەگەر کاك محمد خەت کێشانەکەی من بەڕەق ئەزانێت من شانازی بەوەوە ئەکەم‌چونکە نەرمی‌و سنگ فراوانی‌و تێکەڵاو کردنی سنوری‌خەباتی چینایەتی‌یو کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی توشی پاشە کشەو شکان‌کردوەندی کەسی گەیاندۆتە ئەو بیروڕایەی کە بۆرجوازیەت بەدەستی خۆی مالی خۆی کاول ئەکات‌و بەرێکەی سەرمایەداری‌دا سۆشیالیزمی‌ئاخر زەمان بنیات ئەنێ ٠

دەوری ئەدەب لە خەباتا

کاك محمد وای لە قەلەم داوەکە من ئەدەب بە مەیدانی ئەساسی خەبات ئەزانم بەڵام منیش وەك ئەو لەو باوەڕەدام کە ئەدەب تەنیا چەکێکی خەبات نیە ، بەڵام چەکێکی کاریگەڕە ، چەکێکی دو سەریشە ، کەیان‌بە دەست گەلەوە ئەبێت ان بەدەست دوژمنانەوە ٠٠ کاك محمد سنگ فراوانی گەیاندۆتە ئەوەی کە دفاع لە ئەدەبی ڕەسمی بکات ، چونکە نوسیویەتی : « لە ڕۆژێکا کە ئەدەب کرابێ بە کەڕەنای چینی حوکمڕانی کۆنەپەرست ، ئەدەبی پێشکەوتو ئەوەیە خۆی بە بابی سروشت‌و زوڵفی خاوچاوی ڕشەوە خەرێك کردبێ‌و بەوجۆرە لە داوی پیاهەڵدانی کۆنەپەرستان ڕزگار بوبێ گرفتاری کۆت‌و زنجیری ئەدەبی ڕەسمی نەبو بێت » ٠ یانی تا حکومەت ڕێ‌نەداوە جادەکەی‌یان نەبێت ، ئەدیب شتی پێشکەوتوانەی نەبێت‌و خۆی بخلافێنێ ! ، کاك محمد ٠٠ ئەی پێش چواردەی تەموزی ١٩٥٨ ، ئەو هەمو هەڵبەسە نیشتمانی‌و شۆڕشگێڕانە هی کێ‌بون ، کە لەکاتێکا ئەدیبە شۆڕشگێڕەکانی وەکو گۆران‌و محمد صالح ٠ دیلان ، چەندە- های‌تر لە زیندانا بون لەسەر هەڵبەستێك ؟٠٠٠ گوایە ئەبو ئەوانیش هەر خۆیان بەباسی‌چاوی ڕەشەوە بخلافێنن !٠

مێژوی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ‌و مێژوی‌ئەدەبی‌پێشکەوتن خوازی گەلانی دنیا ئەوە ئەسەلمێنن لەکاتێکا کۆنەپەرستە فەرمان‌ڕەواکان ئەدەب ئەگەنە کەڕەنای خۆیان ٠٠ ئەدەبی پێشکەوتو ئەوەیە کە بەربەرە- کانی ڕژێمی خراپ ئەکات‌و گەل ڕائەپەڕێنێ ، نەك ئەدەبی چاوی ڕەش !٠

دیارە کاك محمد خوێشی لەم داوییەدا بەحیکمەتەکەی خۆی کردوە کە بە جارێ نوممی ئەدەبی چاوی ڕەش بوەو لە « گۆڤاری ڕۆژی کوردستان »ی ئەم دواییەدا بە کچێکی جوان ئەڵێ :

« گیانە : کوردن ، تورکن ، سیکن
پێشمەرگەن ، جاشن ، چریکن
هەرچی‌هەن، ئین لەسەرسەرم
من ئەڵقە لە گوێم « نۆ کەرم
من کەسێکم جوانی پەرست
دڵی خۆمتان ئەخەمە مست
هەر فەرمان بەن لە سەرسەر
دێم
نا پرسم کێن ، مەپرسن کێم ! »

ئەمە ئەمان گەیەنێتە ئەوەی بڵێین ! هەزار خۆزگە بە ڕوانگە !٠

چەند وتەیەکی دوایی

کاك محمد لەسەرانسەری وتارەکەیا، هەندێك«متناقضاتی وتوە بۆ نمونە کە ئەیەوێ دیفاع لەئالۆسکاوی‌نوسینەکانی کاك حسین عارف بکات ، ئەڵێ : خەڵکی لادێ شیعری ڕۆستەمیان پێ‌خۆشترە لەهی گۆران ٠ کە شیعری گۆران‌و نوسینەکانی ڕوانگە هەر بەڕاورد ناکرێن٠٠ ئینجا کاك محمد نوسیویەتی حسین عارف گەڕاوەتەوە دواوە بەڵام شێرکۆ بێ‌کەس بۆ پێشەوە ئەچێ) ٠٠٠ هتد ٠

ئەمەی سەرەوە ، ڕاستی‌ی ئەو هەڵانە بو کە لەبەشێکی نوسینەکەی کاك (فاضل ملا محمود)دا دەرکەوتبو ٠٠ ببورن ٠

لاپەڕە : - ٣ -

لەیەك چوون

ئازارەکان

-لە تۆماری ڕینبوارینك-

ڕەحیم بێ‌ناز - سلێمانی

١ -

براکانم !
ئەو ئاسۆیەی ئەمانەوێ
خۆری ڕاستی تیادەرکەوێ
گەلێ دورە ٠٠
ڕوبارێکی فراوانی بێ‌سنورە
پەرێنەوەمان خەتەرە
بۆ پردەبازی سەرکەوتن
پێویستمان بەکەللەسەرە
ڕوبارێکە ٠٠ خێوی ڕەشە
تینوی قوڵپی خوێنی گەشە
(زوحاك)ی سەدەی بیستەمە
تا خوێنی بکرێ بەدەما
ئەڵێ : کەمە
جا ڕێ‌ی جۆرێك وا خەتەرە
پێویستمان بەنەورۆزێکە
بڵێسەکەی کاریگەربێ
بەئامادەیی هۆزێکە
هەموی پێشمەرگەی سەنگەربێ
شۆڕشێکی نوێ‌ی لەبەربێ
ئەو شۆڕشەی
سوتەمەنی
ڕۆڵەی چینی چەوساوەبێ

●

٢ -

خوشکەکانم !
لەناو هەورو هەڵایەکی وا
تەمومژ ٠٠
ئێوەم بینی
تەوقەی هەتاو ئەدەن لەقژ
گری ئاگر ئەخۆنەوە
ئەبێت ، بەڵام ئەم سەرسام
ئێوەم بینی
بە ئارایشت پێ‌ئەکەنن
لەدار ٠٠ لەبەرد
لەرەنگی ئالای سورو زەرد
وشەی (شۆڕش)
هەڵئەکەنن
ئێوەم بینی
تاوقی کۆن ئەتەقێنن
بۆ ژانی زامێکی تازە
پەنجەی سڕبو ئەرزێنن
ئێوەم بینی
لەتۆڕی گریان‌و پرسە
دانیشتون بۆ سەر خۆشی
دایکی ئەم ئازارو ترسە ٠٠

ڕوانگەو ٠٠ ڕەخنەکاری

ڕۆژنامەکەمان کەدەرگای ڕەخنەکاری کردۆتەوە بۆ لێکۆڵینەوەو شی‌کردنەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی وە لەم دوایەشدا بەتایبەتی دەربارەی ئەدەبی - ڕوانگە - بەو نیازو مەبەستە بوە کە لەڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەو ڕەخنەکاریەوە بتوانێت خزمەتی بزوتنەوەی ئەدەبی‌مان بکات هەر لەو پێ‌ودانگەشەوە خزمەتێکی بزوتنەوەی ئەتەوایەتی‌و چینایەتی گەلەکەمان بکات‌و ئەدەب بگەیێنێتە ئاستی ئەوکە سەرەکیەکانی بززوتنەوەی ئەتەوایەتی‌و چینایەتیمان ٠

تکاش لەنوسەرانو ڕەخنەگران ئەکەین ، ئەو نوسینانەی بۆمانی ئەنێرن چ دژ بێت یان‌دۆست بێت بە ئەدەبی ڕوانگە با لە پێ‌ودانگێکی عیلمیانەو زانستی‌یانەوە بێت‌و مەرجەکانی هونەری ڕەخنەگری تێدا بێ‌و دوربێت لە عاتیفەو یەکالا کردنی بێ بەڵگەوە ٠

هەر بەو بۆنەیەوە ڕای ئەگەیەنین کە چەندین وتارو ڕەخنەمان بۆ هاتوە ، بەڕەوداوا ئەوەی باش بێت ایێ بڵاو ئەکەینەوە ٠ لەوانە :

وتاری کاك کەمال میراودەلی‌و کاك محمدی مەلا کەریم‌و کاك ئەحمەدو کاك فوئاد قەرەداغی ٠

- هاوکاری -

لە لە خوینەرانەوە

● کاك (وەشەنی یاخی) :

کاکەگیان : نامە پڕنینفیعالە کەتمان گەیشتە دەستو شیعرەکەشتمان زۆر بەوردی‌و لەسەرخۆ خوێندەوە ، کە ئەوەتا لە خوارەوە کۆپلەیەکی لێ‌بڵاو ئەکەینەوە بۆ ئەوەی خوێندەواران مەحەکی مەسەلەی ٠ چاك‌و خراپیەکەی بن :

وشەکانم ٠٠
ئێوەن نوکی تیری نەترس
ئێوەن هەڵۆی بیری نەترس
هیوام بەئێوە بەستراوە
لە دڵمەوە
مافی فریتان پێ‌دراوە
با گوێم لە شەقەی باڵتان‌بێ
گوللەی ڕاستیش‌وانیچیرتانی پێکاوە !

جا ٠٠ ڕەنگە ئەم (وشەی یاخی)یە ، خۆت بە شیعری بزانی ٠٠ بەڵام لەو بڕوایەدا بە کە شارەزایانی مەیانی سیعرو ئەدەب ، مۆرکی شاعیرێتیەکی وایان پێوەندی کە شایەنی بڵاوکردنەوە بێ لەسەر لاپەڕەکانی - هاوکاری - یەکدا کە دوورترین‌و بێ‌بایەختر ین مەسەلە بەلایەوە ، مەسەلەی بڵاوکردنەوەیە بەپێوانەی یەکترناسین‌و برادەرایەتی ٠

ئەمە لەلایەك ٠٠ لەلایەکی‌ترەوە ٠٠ ئەو شیعرەی تۆ تیروتوانجی هێرشێکی ناڕەوات تێ‌گرتبو ٠٠ شیعرێك بو سەربارەت بە وردەکاری‌یەهونەریەکەی‌و چێژە شیعریە خۆشەکەی جێ‌ی خۆی کردبۆوە٠٠ وە ئەبێ ئەوەش بزانی کە شاعیرەکە وەکو تۆی نەکردبو لەپشت‌گوێ خستنی نوسینی ناوو ناونیشانی تەواوی خۆی ٠

ئیتر ٠٠ هیوادارین زوێر نەبیت ٠٠ چونکە ئێمە هەمیشە بەئێوەوە پشت ئەستورین ٠

● کاك شێرزاد عزیز (هەولێر) :

پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە (ملوانکەیەك بۆ خۆشەویستە- کەم)ەکەت بکرێتە گۆرانی ٠٠ چونکە لە ڕوی هونەریەوە پتەوی‌یەکی شیعریانەی تێدانیە ٠٠ بەڵکو چەند دەربڕینێکی سۆزدارانەیە لەشێوەیەکی ساکاردا ٠

● کاك (گ - م) سلێمانی:

ئەمەی تۆش ٠٠ توانای خۆهێنانە پێشەوەیمان لێ‌نەدی هەرچەندە لەناوەڕۆکا دەوڵەمەندو پڕتین بو ٠٠ ،

چونکە فۆرمی شیعرەکە پێویستی بەگۆش‌کردنێکی هونەرمەندانە هەیە ٠

● برایان (لاوانی کورد لەسلێمانی) :

ئەگەر نوسراوەکەتان‌ڕەخنەی ناوئەنێن ٠٠ ئەوە ڕەخنە وا نابێ ٠٠ ئەگەریش (ازو گلەیی) ٠٠ ئەوە لەشیعرو ئەدەبا ٠ رازو گلەیی نیە ٠٠ بەڵکو لێکۆڵینەوەی باش‌و ڕەخنەی عیلمی هەیە ٠٠ ببورن ٠

● برایان (ڕەهبەر پێشڕەو - هەولێر ، جەفاکێش- هەڵەبجە ، هەڤرێست) ٠

ببورن لە بڵاونەکردنەوەی شیعرەکانتان ٠٠

sitt kurde de paris

چەند وێنەیەك لە کۆنگریسی جیهانی هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عیراق دەربارەی میللی کردنی نەتو •

لە نیسانی داهاتوا پروژەی پەلوەری هەولێر تەواو ئەبێت

روژنامەی (الجمهوریة) بڵاوی کردەوە کە پروژەی پەلەوەری هەولێر لە مانگی نیسانی داهاتوا ئەکەویتە ئیش کردن ، کە سالی ٧٠ ملیون هیلکەو دو هەزار تەن گوشتی مریشکو ٢٠٠ تەن گوشتی مریشکی پاکراو وە هەزار تەن ئالیکی ئاژەل بەرهەمی ئەبێت •

پروژەکە لە ژوروی شاری هەولێر دروست ئەکریت کە بەرینی ٣٦٠٠ دۆنمو سەرمایەکەی دو ملیونو ٥٠٠ هەزار دینار ئەبێت •

کارگەکانی چیمەنتۆ فراوان ئەکرێن

سەرچاوەیەك لە وەزارەتی پیشەسازی رای گەیاندوە کە ئیستا خەریکی ئەوەن کارگەکانی چیمەنتو فراوان بکەن بو ئەوەی توانای بەرهەم هینانی کارگەی سەماوە لە سالیکا بگاتە ملیونی تەن وە کارگەکانی حەمام عەلی و سەرچنار لە سالیکا بگەنە ١٠٠ هەزار تەن ، وە بەهۆی ئەم فراوان کردنە ، بەرهەمی کشتی هەمو کارگەکانی چیمەنتو لە سالیکا ئەبێت بە ٢ ملیونو ٨٠٠ هەزار تەن کە ئیستا میلونیکو ٦٠٠ هەزار تەنە •

ئەندازیار هاشم عبد الله ئەنێردرێت بۆ ئەڵەمانیای دیموکرات

وەزارەتی شارەوانیەکان داوای لە وەزارەتی دارایی کردوە بو ئەوەی رازی بیت لەسەر ناردنی ئەندازیار کاك هاشم عبدالله قادر بەریوەبەری شارەوانی هەولێر بو ئەڵەمانیای دیموکرات بۆ ماوەی دوو هەفتە بۆ ئەوەی شارەزایی لە چونیەتی دروستکردنی خشت بەشیوەی نوی پەیدابکات وە هەروەها بۆ ئەوەی گفتوگو بکات لەگەڵ ئەو کومپانیەی کە کارگەی خشت لە هەولێر دروست ئەکات •

ملیۆنێك دینار بۆ درست کردنی ئوتێلێکی گەشت گوزاری

ئەنجومەنی نەخشەکیشان رازی بوە لەسەر دروسکردنی ئوتیلیکی پلە یەکی گەشتوگوزار لە نزیك هاوینە هەواری صلاح الدین کە ملیونیك دیناری زیاتر تێ نەچیت •

ئوتیلەکە پینج نهومی ئەبیتو ١٠٠ ژوری نوستنی تیا دروست ئەکریت جگە ژورو هولی رابواردنو کات بردنەسەر ، لەگەڵ دو شوین بۆ مەلەکردنو چەند مەیدانیك بۆ یاری کردنی نەنسو زاوەستانی ئوتومبیل کە تیا دروست ئەکرین •

وا چاوەروان ئەکریت کە لەماوەی سێ ساڵا تەواو بکریت •

کورتە هەواڵ

● بەریوەبەرایەتی گشتی خوێندنی پیشەیی بریاری داوە درێژە بدریت بە ماوەی وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانە ناوەندیەکان دەرچونو ئەیانەوی لە قوتابخانەکانی کشتوکاڵی بخوێنن تا ١٤ی ئەیلولی داهاتو •

● بەریوەبەرایەتی گشتی هەروەزی کشتوکاڵ رێکای ئیشکردنی داوە بە ٥ کۆمەڵەی هەرەوەزکاری لە ناو بەغداو وە ٣ لە میسانو ٣ لە سلێمانیو وە ٣ لە بابل •

● بریار دراوە ٥٠ هەزار مەترە زەوی لە زەویەکانی چاککردنی کشتوکاڵ لە سلێمانی تەرخان بکریت بو ئەوەی خەستەخانەیەکی نەخوشی سنگی لێ دروست بکریت •

گۆشەی تەندروستی

ـ لەرزو تا ـ

-٢-

دوکتۆر نەوزاد ـ

هەفتەی رابوردو ئەوەمان رون کردەوە کە نەخۆشی لەرزوتا بەوە پەیدا ئەبێت کەشانەی گیانداری پلاکودیوم بەهۆی مێشولەی ئەنوفلیسەوە ئەچێتە ناو خوێنەوە وە دوای ئەوەی نەشونما ئەکات لە لەشی مرۆڤدا نەخۆشی لەرزوتا دروست ئەکات •

نیشانەکانی نەخۆشی لەرزوتا :

نەخۆش لەسەرەتاوە توشی لەرز دێت ئنجا تا ئەیگرێت وە پاش تا گرتنەکە ئارەقێکی زۆر ئەکاتەوە •• لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ جار نەخۆشەکە ئەرشێتەوەو سەری ژان ئەکاتو توانای خواردنی نامێنیتو بی هێزو لاواز ئەبێتو جگەرو سپڵی گەورە ئەبێتو رەنگی نەخۆشەکە زەرد هەڵئەگەڕێت• ئەم لەرزوتاو ئارەق کردنەوەیەش بەپێی جۆری پلاسمودیومەکە هەرچەند سەعات یا چەند روژێك جارێك لە نەخۆش تازە ئەبیتەوە •

چارەکردنی ئەم نەخۆشیە :

دەمێکە حەبی (کنین) بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشیە دوزراوەتەوە بەڵام دوای ماوەیەك دەرکەوت کە ئەم دەرمانە لەلایەکی ترەوە زیان بە جگەرو گورچیلەی مرۆڤ ئەگەیەنێت وە لەوانەشە منال لەبار ژنی سك پر بەرێت ، بۆیە ئیستا ئەم دەرمانە بەکار ناهێنرێت بۆ لەناوبردنی لەرزوتا بەڵکو لەجیاتی ئەمە حەبی (کلورو-کوین) بەکار دێنرێت کە بە باشی پلاسمودیوم تەناو ئەبات بێ ئەوەی زیان بە ئەندامێکی لەش بگەیەنیت بەمەرجێك بەکارهینانی بەپێی ئاموژگاری دکتور بێت •

خۆپارستن لە نەخۆشی لەرزوتا :

دەزگا تەندروستیەکانی جیهان زوربایەخ ئەدەن بە خۆپاراستن لەم نەخۆشیە ، وەچاکترین رێگا بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە بەوە ئەبێت کە مێشولەی ئەنوفلیس لەناوببرێت • بۆ لە ناوبردنی ئەم مێشولەیەش (دی دی تی) بەکاردێنرێت لەگەڵ نەوتی رەش کردن بەسەر گزمو زەلکاوو ئاوی پیسی راوەستاودا • جگە لەمانە تەلی هێڵەك گرتن بە پەنجەرەی خانوداو بەکارهێنانی دەرمانی مێشولە کوژ لە ماڵانو هەمو خانوبەرەیەکدا • هەروەها فحص کردنی خوێنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی نەخۆشی لەرزوتایان تیا بڵاوئەبێتەوە تاکو بزانرێت شانەی گیانداری پلاکودیوم لە خوێنیانا هەیە یان ناو بۆ ئەوەی پێش نەشەنە کردنیان لە لەشی مرۆڤدا بەهۆی حەبی (گاما-گوین)ەوە لەناو ببرێن •

خەستەخانەی ئەسپینداره لە پاریز گای دهۆك

وەزارەتی تەندروستی بریاری کردنەوەی خەستەخانەیەکی لە دی ئەسپینداره لە پاریزگای دهۆك داوە بۆ ئەوەی بە خزمەت کردنی کاروباری تەندروستی خەلکی ناوچەکە هەلسیت •

وەزارەتی کاروباری ژورو رای گەیاندوە کە داوو دەرگای وەزارەتەکەی توانیویەتی زیاتر لە ١٠ هەزار خانوی دیهاتی لە کوردستانا لە ماوەی ٣ ساڵ کەمترا تەواو بکات ، کە بریار وابو لەو ماوەیەدا تەنیا ٣هەزار خانو تەواو ببیت • هەروەها وەزارەتی ناوبراو بەتەمایە بەم زوانە ئەو ریگاو بانانە لە ناوچەکانی ژورو تەواو بکات کە دریژایی نزیکەی ٤٠٠ کیلو مەترە ئەبیت ، بەم بونەیەشەوە لە کوشکی کوماریەوە سوپاسی وەزارەتەکە کراوە سەبارەت بەو هەولو تەقەلایەی داوو دەزگای وەزارەتەکە لەم بارەیەوە داویەتی ••

قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی لەهەولێر

بەریوەبەرایەتی گشتی خوێندنی پیشەیی بریاری داوە کە کاك عدنان خیرالدین بەریوەبەری خوێندنی پیشەسازیو کاك حمدان طوفان التکریتی سەرپەرشتی کەری پەروردەیی لە بەریوەبەرایەتی باسکرو بنیریت بۆ پاریزگای هەولێر بۆ ئەوەی سەیری خانو بەرەی قوتابخانەی ئامادەیی کشتوکالی هەولێر بکەن تاکو ئەگەر دەستی دا بکریت بە قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی لە هەولێر کە چاوەری ئەکریت لە سەرەتای ساڵی ئایندەی دەست پی کردنی خوێندن بکریتەوە •

سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی

نوێنەری رێکخراوی هاوکاری میلەتانی ئاسیاو ئەفریقا

دەورەیەکی دەرس وتنەوە بە زمانی کوردی لە کەرکوك

روژی دو شەممەی رابوردو لە کەرکوك دەورەیەك بو مەشق کردنو فێرکردنی چونیەتی دەرس ووتنەوە بەزمانی کوردی کراوەتەوە ، لەم دەورەیەدا ٤٠ مامۆستای قوتابخانەکانی ناوەندیو ئانەوی تیا بەشدار بوونو دەورەکە ٤ حەفتە ئەخایەنیت •

«٦٠» خانو بۆ کرێکاران و «١٥» خانو بۆ فەرمانبەرانی کومپانی شەکر لە سلێمانی

ئەنجومەنی نەخشەکیشان رازی بوە لەسەر دروستکردنی ٦٠ خانو بۆ کریکاران و ١٥ خانو بۆ فەرمانبەرانی پروژەی کومپانی گشتی شەکر لە پاریزگای سلێمانی ، کە نزیکەی ٧٨ هەزار دینار تێ ئەچیت •

وەرزش

جەژنێکی جیهانی کە هەر چوار ساڵ جارێك ئەکرێت

لە ٢٦ی ئەم مانگەدا شاری میونیخ ئەبێتە هەوارگەی دەیان هەزار لاوی وەرزشخواز ، وە (٩٥٠٠) یاریکەر کە نوێنەری ١٢٣ وڵاتی جیهانن بۆ بەشداربونی دەورەی بیستەمی یاری ئولومپی جیهان کۆئەبنەوە •

بۆچی ئەم یاریە بە ئولومپی ناوئەبرێ

ئەم یاریە بەناوی چیای ئولومپۆسەوە ناونراوە کە کەوتۆتە ناوچەی (تسالیا) لەبەشی رۆژهەڵاتی یونانەوە لەکاتی خۆیا ئەغریقیە کۆنەکان ئاهەنگو یاری خۆیان لە نزیك ئەو چیایە سازئەکرد چونکە لەوباوەڕەدابون کە شوێنێکی پیرۆزی نزیك بە یەزدانە • یەکەم یاری ئولومپی بەسەدان ساڵ لەپێش زاینیەوەکراوە • بەڵام بەرێکوپێکی لە ساڵی ١٨٩٦ـەوە ئەم یاریە ئەکرێتو کۆری بۆ ئەبەسترێت چونکە لەوکاتەوە یونانیەکان بەشینوەیەکی رێکوپێك ئەم یاریەیان ژیاندۆتەوە ، بایەخیان پێداوەو بەرەو پێشەوەیان بردوە •

ئاهەنگی یانەی هێرش لە هەولێر

لە ٣٠-٧ یانەی هێرش ئاهەنگێکی گۆرانیو مۆسیقاو شانۆگەری رێکخست ، بۆ ئەوەی بە قازانجەکەی بەشداری لە ئۆردوگای کەشفی دەیەمدا بکات کە بریار وایە لەشاری هەولێر سازبکرێت • ئاهەنگەکە لە کاتژمێری حەوتو نیو بە وتاری سەرۆکی یانە کاك اسعد احمد مختار کرایەوە •• وە لە وتارەکەیدا باسی دەستکەوتەکانی شۆرشی چواردەی تەموزو میللی کردنی نەوتی کەرکوکو گرنگی ژیانی وەرزشیو پێویستی یارمەتی دانی کردوە •

وە سوپاسی ئەو کاربەدەستانەی کرد کە یارمەتی بزوتنەوەی وەرزش ئەدەن لە هەولێردا • ئەمجار هونەرمەندان کاك شوکت توفیقو فوئاد احمدو ئازاد توفیقو جودەت شابۆو هشام محمد سەرو گورانیان پێشکەش کرد دوابەدوای ئەمان دوو چیروکی شانۆگەری بەناوی (فایقو سادق) وە (سەرتاشی گێل) پێش کەش کرا ، وە لە هەردوو شانۆ کەدا چەند گیروگرفتێکی کۆمەلایەتیو چینایەتی خرانە بەرچاو •

م • حیدری

*

٢ هەواڵ

سێ مەلەوانی بەریتانیایی کە لە وەفدی ئولومپی دابون لەسەر ئەوەی کە بەنگیان کێشابو لە وەفدەکە دەرکران وەهەروەها یەکێتی مەلەوانی پێنج ئەندامی تری لە تیمی ناوبراوا ئاگادار کرد کە سەرپێچی لە پێرەوی یەکێتی نەکەن •

*

لە جورج تاونەوە زانراوە کە گویانا بریاری داوە لەیاری ئولومپی دا کە لە میونیخ ئەکرێت بەشداری نەکات ئەگەر رۆدیسیا تیایا بەشدار بێت • وە ئەم بریارە لەلایەن لیژنەی ئولومپی گویاناوە دراوە •

یاری تۆپی سەبەتە

ئەم یاریە زۆر سوکو ئاسانە لەهەمانکاتیشدا خۆشە زۆر پیاوو منداڵ ئەتوانن ئەم یاریە بکەن • تیمی تۆپی سەبەتە لە پێنج یاری کەر پێك دێت لەگەڵ چەند یاریکەرێکی جێگر کە هەمویان لە ١٢ کەس تێ ناپەڕن سەرۆکی تیم هەموکاتێك ئەتوانی یەکێك لەجێگرەکان بخاتە جێگای یاریکەریکەوە ، هەروەها ئەتوانێ بەجارێك هەرپێنج یاریکەرەکە چەند جارێك بگۆڕێت دانەری ئەم یاریەش پیاوێکی ئەمەریکایی بو کە ناوی دکتور جیمس نای سمیث بو • ناوبراو لەساڵی ١٨٩١دا بیری لە دۆزینەوەی یاریکەکی سوکو خۆش کردەوە کە لەناو هۆڵی داخراودا زستانان بکرێت وە لەهەمان کاتیشدا بەسود بێو یاریکەرو تەماشاکەر تێکەڵ بەناخی یاریەکە بکات ، وە سەرنجی تەماشاکەران بەتەواوی رابکێشێت •

وەکو ئەڵێن پێنج ئەندام لە تیمی هەڵبژاردەی تیمی تۆپی پێی سلیمانی هەڵئەبژیردرین بۆ تیمی تۆپی پێی هەڵبژاردەی عێراق وەیەکیك لەمانە گوڵچیەکەیانە کە چاودێری کەرەکەیان پەسندی کردوە •

مامۆستا

نوسینی : عبدالله کوێستانی

کاممان تاوانبارین ••• من ، تۆ یاخود کۆمەڵ ؟ من کێم ••• ؟ من •••!! مامۆستام ••• مامۆستا ••• یانی چی ؟

یانی ئەو بەکرێ گیراوە بێگانەیە کە هاتوە دزی لەبەر هەمو رەوشتی رۆڵەکەت بکات ، یانی ئەو کەسە نەناسراوە کە هیچ ناونیشانو باوەڕنامەیەکی نییە کە لەجیهانی پوولو پارەدا زۆران بازی پێ بکات ، یانی ئەودەنگە کپو بێ ئاوازەی کە لەچوار چێوەی چوار دیواری پۆلەکاندا خنکاوە ، یانی ئەو ناوە زلو زەلامەی کەهەر بەسەرزارەکی ناوی دەبرێت ؟ •

نەخێر ••• ئەمە بیروباوەڕی تۆیە ، بیروباوەڕی کومەڵە بەرامبەر مامۆستا ، بیروباوەڕی ئیوەش لەوەها قالبێکدا ناپەسندو ناڕەوایە !!

مامۆستا : رابەرو رێ پیشان دەری راستەقینەی کۆمەڵە ، تیشکی روناکیو چرای ئاواتی گەلە ، ئاوی سازگارو تینوێتی شکێنەری ئەوانەیە کە نینون بەئاوی زانستو هونەر ، ئەو شنە فێنکو سێبەرە چرەیە کە هیلاکی لەشی نەتەوەکەی دەرئەکا •••• ! مامۆستا :ـ ئەو رۆشنبیرە دڵسۆزەیە کە : بە نوکی خامەو تۆزی گڵە سپی لەسەر رەشماڵی بیرو رەوشتی قوتابی پەلکە زێڕینەیەك بۆهەتا هەتایە بەیادگار بەجێ ئەهێڵێ !! ئەو پێشرەوەبەهۆش هەستەیە کە بەدەستو پەنجەی هیلاکو بیری رەنج کێشی رێگای تاریکی کۆمەڵ روناك ئەکاتەوەو رێبازیکی نوێ بۆ نەوەی پاشەڕۆژ دیاری ئەکات •••!!! بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتێك بێت ، تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەنگی شمشاڵی (رەزامەندی) کۆمەڵو بۆنی گوڵەباخی پەروردەکراوی دەستو پەنجەو خامەی بێوچانی کەمێك هیلاکی سەر دڵی دەرکاتو وتۆزێك بحەسێتەوە •!

بەڵام : تۆ کێیت •••؟ تۆ •••؟

تۆ : ئەو کەسەیت کە •• قوتابخانە بە زیندانێك ، بە بەندیخانەیەك ، بە ئۆردوگایەکی رەشبگیری ، ئەزانی کە ناچاری منداڵەکانتی تێدا بەند بکەیت••• بۆیە : بەهێچ جورێك لێیان ناپرسیتەوە تا : ئەبینیت خەرمانی رەنجو تەقەلایان ئاگری تێ بەربوەو بەهیچ شتێك ناکوژێتەوە ، ئینجا ئەکەویتە پەلە قاژەکردن بەملاو بەولاداوەك مەلەوانی کونە لەدەست بەربوو •• بەڵام بەبێ هودە• ! ئینجا کە زانیت : کار لەکار ترازاوە : ئەکەویتە پرۆپاگەند کردن دژی مامۆستاو قوتابخانە (مامۆستای چی ••• دەرس بەمنداڵەکانمان ناڵێن ••• قوتابخانەی چی ••• منداڵ-بازارە ، نمرەی کوپرەکەم فرۆشراوەو •••• زۆر شتی تر)

ئیستا کێ •• تاوانباری راستەقینەیە ؟

خۆت بیدۆزەرەو سزای بۆدانێ •••!!

جا بۆ ئەوەی کە تاوان بار ئەرکی سزادان لەنێواندا نەمێنێ : وەرن با هەمولایەك دەستخەینە ناو دەستی یەکترو یارمەتی یەکتر بدەین بۆ پێگەیاندنی قوتابیو پیشخستنی کۆمەڵ •

با بەرەو پێش بڕوین لەژێر ئاڵای خەباتی یەکگرتوی گەلانی دنیادا ـ پاشماوە

نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکان ئەبێت ئنجا لە خۆئامادەکردن بۆ بەگژاچونی هەمو پیلانێکی ئمپریالیزم چ لە دەرەوەی وڵاتەوە بێت یا ناوەوە ، وە فیداکاریو لەخۆبوردن لەپیناوی پوچەڵکردنی شەڕی ئابوریو سیاسیو راگەیاندن کە ئیمپریالیستەکان پەنایان بردۆتەبەرو بێوچان تەقەللا ئەدەن دژی گەلو وڵاتو دەستکەوتە نیشتمانیو ئابوریەکانی جەماوەری گەلەکەمان •

ئیتر با کۆنگرەی هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عیراقدا گیانی ئینتەرناسیونالیزمی گەلەکەمانو خەباتی ناوکۆیی نێوان گەلان دژی ئیمپریالیزمو داوو دەزگاکانی بەهێزتر بکات لەپێناوی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیو ئابوری عیراقو تیژکردنی خەبات دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتیو چینایەتی لە سەرانسەری دنیادا •

institut kurde de paris

ماکەنگی دێ گەهینێ!

خودانێت بیرو باوەریا لسەرهزرو تەخمینێت (مارکسی) و گوتنێت وی یێت گەلەك (تا) ژێدچن ، هندەك ژوان گوتنا ئەوێت بکێر وان دهێن بخودکەنە سیچ دا ڕێکا رجیما (سەرمایەتیێ) طریق النظام الرأسمالی ، بکەنە برکا پاقژکرنێ ژ گونەهـا ، داهەلنگفتن و خەلەتیێد خو تێدا داقوتن ، دیسا هندەك ژ وان خو گوهوریا وان گوتنا بکار دئینن وەك ئافەکا شوێلی ژ بوتافیرکرنێ ، هندەکێت دی وان گوتنا بخو قازانجێ ژێدکەن ، دکەنە وەك ئافا (کەوسەرێ) کو پاشی تێرا گونەها دسوژن دا د وێ ئافێ هەلینن دا یێ سێلە بیت بچیتە بەحەشتێ ، پشتی لەشێ وی پاقژ دبیت ژ تەنی و دوکێلا (جەهنەمێ) ، و ئەف گوتنە جهێ خود هێلن لناف ڕێزێت مللەتی ،.

عەلی نەقشەبەندی

(لینینی) پیفکەکی دەنیای و یێ دیارکری بو وان مللەتا ئەوێت کوبر و درێژ دین زورداریێ و نەخوشیێ دا دژین ئەف بەرتەنگافیا وان مللەتا سەرکێشایە پاژفەمان و پاژکەفتنا وان و نەهاتینە ناف ڕێزێت مللەتێت پێژفە چوی ، و ڕیکەك یا بو دانای کو ئەو توف مللەت پێ ژبن زورداریێ دەرکەفن ، دەرکەفتنەکا بئك جار ، بێ ئەمان ، ئێجار (لینین) دبێژیت : بو وان مللەتا یا پێدڤی نینە کو د (قوناغا سەرمایەتیێ دا بچن) ئان ژی خو ئەهێلن حەتا وێ قوناغێ بدیماهی د ئینن . لینینی یا گوتی : چێدبیت بگەهنە تەناهیێ و سەربەستیێ بهافیتنا پینگافەکا فرهە ، ئانکو خود سەر ڕا پاڤێت ، بێی کو خو بگرن حەتا مللەت دکەفیتە بن دەستێ تاقەتا سەرمایەتیێ و دبیتە (ئێخسیرێ خودانێ ڕاست مالێ تروست و کارتیلا وکومپانیێت مەزن) .

گەلەك ژ خودان بیروباوەر پێکەر و خودان هزر و تەخمینا ل (ئەوروپا) دکەتنە ناف نڤیسینێت (مارکسی) و گەلەك بەند و پرت و تا و ڕیز ژێ دگوهورین ، ڕێکا وی دانای ئەدگوهاست دا مللەت هەر بئالوزیت و چو جارا نەگەهنە یا خو ،.

مارکسی و ئەنجلزی تە گوتیە ، (کو ناگەهنە قوناغا سوشیەلیستێ بێی کود قوناغا سەرمایەتیێ دا نەچن ...) . ئانکو دڤێت د قوناغا سەرمایەتیێ دا بچن و وێ قوناغێ بدیماهی بینن پاشی دێ بخو گەهنە قوناغا سوشیەلیستێ .

ئەڤ گوتنە یا گوهوریە ... نە مارکسی و نە ئەنجلزی و نە لینینی بڕیار لسەر نە دایە ، چنکو هەکە هاتو وەبیت پاشی خەبات و بزاڤ نامینن ، سستی و بەردان و هێلان دێ پەیدا بیت دناف چینا زەحمەت کێش و کریکارا دا ، پاشی دێ جوتیار ژێ ڤەگرن ، دێ چاڤێت هەمیا د مینە دزل حەتا هێدی ـ هێدی و بخو ... دگەهنە قوناغا سوشیەلیستێ ... بەلێ کەنگی !!! دڤێت چینا شولکەر و ڕێنچبەر ، ئەوێد هاتینە سەر حوکمی ل هندەك شوێنێت (ئەوروپا) تاقەتێ بدەنە وان باژێریت پاژفە مای ، وهاری کاریا وان بکەن دا بچن بو پێشیێ .

(مارکس و ئەنجلز) دبێژن : ئەڤ هاریکاریە و تاقەت دانە وپشتە ڤانیە د هەکە هاتە کرن ژ لایێ وان ڤە دێ بینە سیچ کو باژێرێت نیف خەلکێ وان تێگەهشتی پتر هشیاربین و زوی تر بنك خوشیی ڤە بچن ، بێ ڤەمان بو بجهـ ئینانا وان گوتنێت مە دوێ ڕێکێ دا ئەوا مەبو وان مللەتا دانای . بەلێ مهانە نینە کو هەر باژێرەك ... هەر ڕجیمەك دکولانا سەرمایەتیێ دا بچیت ، هەر وەچکو ئەم دبینین لگەلەك باژێرێت (ئەفریقیای و ئاسیای) گەلەك کومار ژ وان کەتنە خوشیێ و تەناهیێ و سەربەستیێ بێی کو قوناغا (سەرمایەتیێ بچاڤێت سەرێ خو ژی ببینن ، بەلێ هەکە د خەونا خودا دیتبیت کو تاقەتا پارەی یا حوکمی لباژێرێ وان دکەت .

یێ ژ کاروانێ مللەتا ڤەمای، یێ کەڤنە پەرس ، بورجوازی ،، شوڤینی ، تاقەچێت هەردەم هاریکار بو ئیستعماری ، ئەڤە نە بەر دەوام بەرەڤانیێ ژ رجیما سەرمایەتیێ دکەن .

بەلێ بەرفرەهترین (تا) و پرتێد مللەتی ، دگەل شورش گێڕێت دیمقراتی بڤی چەندێ وەناکەن ، چنکو دزانن کو چون دڕێکا چەسپاندنا قوناغا سەرمایەتیێدا ، ڕوی د دەت کو ئەو حکومەتێد نوی بخوڕا گەهشتین دێ مینن ئارمانج بو هێرش و خو ڕاکێشانا خودانیت (سەرمایا) ئانکو خودانیت پارێت گەلەك دا وان مللەتێد **ژار و ژویر بیخنە بن دەست و پێد ئیستعماری و دا تێ بچەرن و نەهێلن سەرێ خو ژ کەفل و ژانکێ خو بینن دەرێ ، ژ بلی نەخوشیی و ئازارێ و زەحمەتێ لێدان و کوشتنا و دەردەسەرێ نابینە باهراوی ، و دێ هێنە گرێدان جارەکا دی بکوریا ئیستعماری ڤە بدورینەکا چاك بیەندکە کی موکوم .**

ئەو حکومەتێد نوی بخو ڤێراگەهشتین بکوتەك ژ بن ڤی باری دەرکەفن چنکو حکومەتێد، ئیستعماری هەر چەندکەن کو هەمی مللەت ڕێکا (سەرمایەتیێ) بکرن بو دانانا بناغێ رجیما سوشیەلیستی . **ئیستعماری کەیف پێدهیت** لسەر ڤی چەندێ یا دیارە کو هندستان ـ بەرازیل دێ گەهنە ڕێزا ئەمریکای د خوشیا ژینێدا لدیماهیا چاخێ ۲۱ێ ، ر نیجێریا و کولومبیا لچاخی (۲٤)ێ و ئەندەنوسیا لچاخێ **(۲٦) ێ ئیستعمار و کلکێت وێ ڤان گوتنا بنڤیسینەکا دیار ...** یاگر دیار دکەن ... بوێت نەزان ... ئان ێت ئیش و ئالوزی د دلێ وان دا ، ژ بو خاترا کو ڕاوەستن ژ خەباتێ و بزاڤێ ، چنکو چەرخا دونیایێ بخو دزڤرێت ، هەر بخو ـ بخو ـ مللەت دێ گەهیتە قوناغا سەرمایەتیێ و دێ بڕیت و بدایێ خو دێ گەهیتە قوناغا سوشیەلیستێ ما دێ بوچی لەزێ کەت دێ زەحمەتێ لخو **دەت ، ئەڤ سالە نە ئێکا دی..** ئەڤە هەمی ژ بەر ئاخفتنا مارکسی دەما گوتی ، لسەر پسیارێت هندەکا وەکی پسیار ژێ کری و گوتیێ :

هەکە مللەتەك خەباتی وبزاڤێ نەکەت پا ناگەهیتە سوشیەلیستێ !!! ئینا مارکس جاب دا گوت : چێدبیت بگەهنە قوناغا سوشیەلیستێ دکولانا سەرمایەتیێ ژی دا ... دێ هەر گەهنێ لدیماهیا هەمی خەبات و بزاڤا مللەتا دێ ڕێکا خو ڕوهن کەن بگوریا ئاگری ودێ لبەر چن حەتا دگەهنە قوناغێ . لدەمێ تەناهییێ و ڕەحەتیێ دێ ڕوژ بڕوناهیا خو ڕێکا وان ڤەووژێریت حەتا دگەهنە قوناغی . وی ڕوی د دەت کو دیماهیا هەر بزاڤەکێ ئەڤ قوناغە یە .

دڤێرە دا یا دیارە کو چ مللەتێت نوی پێراگەهشتین نەشیاینە خو ژ ڤێ بەندێ و گرفتاریێ خلاس کەن ، و ژێ دەرکەفن ، لڤیرە یا دیارە کو دو ڕێك یێت هەین بو گەهشتنا دانانا رجیما سوشیەلیستی ، بەلێ کێژ ڤانا دروستنرە !!! بێ دیماهی ترە !!! دبیت فیدا کاری د (یانەسەرمایەتیێ) دا پتر بیت ، بەلێ دێ بچارەکێ ڕەحەت بن ، ودێ سەرێ شەلیتێ ئێخنە بن لەپێ خو دێ ڕێگاربن ژ مرنەکا ، هیدی ـ هێدی ، یابێ دیماهیك ، کەلەك مللەتا بزاڤ کر کو بگەهنە دانانا رجیما سوشیەلیستی لئەفریقیای و لئاسیای بدامەزراندنا هەمی جهـ و شوینێت شولی دناف حکومەتێ دا لسەروێ رجیمێ وحکومەتێد سوشیەلیستی هاریکاریەکا چاك یا بو ڤان حکومەتا کری و مللەتێ وان زور یێ پێژفە چوی وپێزکەفتی و قازانجەکا چاك یا کری ، دێ پشکا و پتر ژ ڤان حکومەنا

بڕوانە ل -۷-

ژ ئەدەبێ کەڤن

نڤیسینا : عبدالله محمد دهوکی

مشکی گوت : نە دوست و نە هەڤال (ئورجا ـ ئوجا) مروڤی ناگرن هەکە مروڤی پارە نەبن .. چنکو من خواستن ژ هەمی هەڤال وهەڤگورێت خو کر یێت کەفن ئەوێت تەنشتا من سبست نەدکر دەمێ من پارە هەین ، کەسێ دەستێ من نەگرت د وەختێ بەرتەنگافیێ دا ، ئەوێت چ پارە د دەستی نە نەشێت چ شولا باش بکەت ، وەکی ئافا بارانێ دێ لێهێت ، دێ ڤە مینیت (لتەبقا) و لتەحاکا، ناگەهیتە سەر چ ڕویبارا ژی وی هەبن چی گافا لێ هەلکەڤیت پارێ وی ئوجێ ژێ ناگریت ، یاوی کەسی وەکی یا وی (سەیە) ئەوێ خودانێ وی بو زنجیرەکا زێڕی چێکری و کریە ستوهی ، ما وی سەی ئەو زێر بو چنە ..

حالێ فەقیریێ و دەولەمەندیێ نەد بەر دەدامن ، نا بنە بناغە و شەنگستە بومروڤی هەر و هەر .. دهێنە گوهورین ، نامینن وەکی خو ، ئافا هیێ بێ بناغە و پارەکێ گەلەك وەکی ئێکن ، پارێت مروڤێ عاقل مەژێ وی یە ، شولێت مروڤی یێت چاك ژمروڤی ناهێنە ستاندن، چ جارا مروڤ سیچ دارنابیت لسەروێ شولێ ئەوا مروڤی نە کری ، دڤیت مروڤ هەزرادیماهیکا خو بکەت مرن دێ هەر گەهیتێ ، هەکە لمروڤێ مەرد هەلکەفت کەس وی ژ گرفتاریێ نائینیتە دەرفە ژ بلی یێ مەرد ، وەکی وی فیلی ئەوێ دمینیتە د هەڕیێ ڕا ، کەس نە شێت بینیتە دەرفە ژ کوڕێ فیلەکێ وەکی وی نەبیت ، وێ نابەیتی خەزالەك ژ وێڤە هات و کەتە دگەلماری و بەقێ و مشکێ و بونە هەڤال ، دیت ڤەلەك ژی هات گەهشتێ ، ڕوژەکێ خەزال ژ چەرێ نە هاتە ڤە ، وان تری گوتە ڤەلێ .. کا بفرە هەڕە سەر دارەکا بلند تر ژهەمیا کا تو چ نزانی .. قەل چو سەر (تورزا) کوپیتکا گولیێت دارا ژ هەمیا بلند تر وهە لکێشای تر ، دبینیت خەزالا کەتیە (تورا) نێچیرڤانەکی ، هەر زوی ڤەلێ جاب ئینا کو خەزال یا کەتیە دافێت تورا نێچیرڤانەکی ، مشکی گوتە ڤەلێ کا دگەل من وەرە وی جهێ خەزال لێ ڤەمای نیشا من بدە .. قەلی مشك برە سەر کەلەخێ خەزالێ کو یا ساخە هێژ مشك ڤەڕەستە تورا بددانا خەزالژێ دەرکەفت و قەستا هەڤالێت خو کر و قەل فری دا جابێ ببەتە مال مشك کەتە دافێت نێچیرڤانی و کوتن حەتادەزی بدەزی ڤە نە هێلای ،وان گوتە خەزالێ ئەڤە تە چاوا خوئێختە ئێ بەلایێ !! خەزالێ گوت ؟ هەکە وەعدێ تشتەکی هات .. چاڤ لمروڤی طاری دبن .. بەلێ مروڤ ئێکودودنیاسیت دەمێ تەنگناڤیێ ، مروڤ بعاقلێ خو د شێت خوژ تەنگافیا بینیتە دەرێ .

هێلینێت گەلەك قەلا لسەرداریەکا مەزن بون ، و شکەفتەکا نێزیك جهـ و کونێت بوما تێڤە بون ، قەلا مەزنەك هەبو یێ بکەلەخ تر ژ یێت دی و ڕەش تر و بێ ئیفلح تر ، بوما ژی هەر وەسا بومەك کربو مەزنا خو یا چاڤ گر یا نیکل دژێژا خار، لنابەنیا بوما و قەلا بو نەخوشی و سلی و دوژمناهی ،شەڤەکێ بوما تەکبیرا خوکر پێکڤە هێژەش برە سەر مالێت قەلا قەل نە شیان خو لبەر بگرن شەڤ بو شکەستن کەفتێ ، قەلا چ ژ خو نەدزانی ، د خەو بون ، یاد دلێ بوما دا ئەوبو کو ژ بەرزەی ڤە بچنە سەرمالێت قەلا دا بێ بئیاك کەن ..

سپێدێ قەلا کومبونەکا بەرفرەهە کر وگوتە مەزنێ خو بوما بێ بەلا یێب سەرێ مە ئینایە ، کەس ژ مە نینە ئان یێ بریندارە .. ئان یێ پەرشکەستیە ئان کوری نەمایە پێڤە مەزنێ قەلا وەزیر هەبون هەکو گرفتاریەکێ ڕوی د دا مەزنی هەمی وەزیر کوم دکرن وپسیارا وان دکر کا دێ چ بڕیار دەن لسەر وێ گرفتاریێ وێ ڕوژێ مەزنێ قەلا وەزیرێت خو خڕ کرن ، وگوتێ : هوین چ دبێژن بو شەڕێ مە و بوما .

- یامایێ -

لێ نڤستنا گرانە لئەندەنوسیا

گرفتاری یا زیدە دبیت ژوژبروژ (لجاکارتا) پایتەختێ ئەندونیسیا ژ بەر کرێێت خانیایت گران ، حەتا نوکە نەشیاینە خو ژڤێ گرفتاریێ بینەدەرێ ،ڕۆژنامـا (تایمز) دبێژیت ئەڤ گرانیە بناسینت زێدەیا ڕێشتێ نە لئەندەنوسیا، هژمارا مروڤێت دژین لێ لسالا(۱۹۷۱) ێ (۷۸۰ر۰۰۰ر٤) کەس بون هەکە مروڤ حساب بکەت کو هەر مالەکێ (٥) مینیت چ ڕێکا نا بەنێ ، دێ مروڤ لێد ژین ، دڤێت لجاکارتا بهێنە ئافا کرن (۹٥٦) ڕێزێت خانیا داتێرا وان بکەت بەلێ چ مروڤ زیدە نە بن حەتا ئەڤ ڕێزە خانیە خلاس دبن ژ ئافا کرنێ ، نوکە خانیێت جاکارتا دبنە ٦۳۰ هزار خانی ، نوکە جاکارتا یا پێدڤیە (۳۳٦) هزار خانی یێت دی بەبهێنە چێکرن حەتا بشێت ژ گرفتاریا خو دەرکەڤیت پاشی (۲۰) سالێت دی دڤێت هەرسال (۱٦ر۸۰۰) مەزەل هەبن چنکو هەرسال (٤٪) مروڤ زێدە دبن ، ئانکو (۷٤) کومێت خانیا دڤێت هەبن ، پارێت تێ دچن دبنە (۲۷۸ر٥٥) بلیون ڕوپی ، پارێت بەلەدیا جاکارتا هەین هەمی دبنە (۱۱ر۰٦۸) بلیون ڕوپێ لسالا (۱۹۷۱) ێ ، ئێجار دێ چکەن ، چ ڕێك نەدیتن کو ژ ڤێ گرفتاریێ دەرکەڤن ، هندەك دێ هەر د مەحتەل بن ، و دگرفتار بن ، ئەڤە هاتە گوتن ژ زار دەڤێ (ڕێ بەرێ ئاخ و خانیا لجاکارتا) .

لسالا (۱۹۲٥ ـ ۱۹۳۰)ێ بو جهێ خاندنا مێژو وێ و ڕێشتێ ولێ هەلکولانا زانیارێت کەفن) لسالا (۱۹۳۷)ێ بو مەتحەف لسالا (۱۹٥۰)ێ بو جهێ زانیاریێ لئەندونیسیا ، ڕەوشت و تیتال و بکار ئینسانێت دەمێ بەرێ لئەندونیسیا هەمی یێ لوێ مەتحەفێ ، ژبەحس کرن و هەلکولانا ژ داوەتی و شەهیانا و تازیا و بەیت بێژ و ستران بێژا بشکل ڤە هەمی یێ لوێرێ سەرەکێ مروڤێ جاری و هندەك سەر و ئیچکێت مروڤا و هەستی یێت وان یێت شیشا دا دهەلگرن دا نیشا خەلکێ بدەن ، هەستی یێت زور یێت ئەنتیکە و بسەهم یێ لوێ مەتحەفێ ، دەهولێت لێدانێ بو شەڕو شەهیانا و کەیفی یێ دمەتحەفێ دا هەین ، دیسا بڤرێت شەر و کوشتنا و بڕینا داری یێ لوێرێ هەین . هەر وەسا (تەزبیح) ژ داری و نارجیلێ و ژ بەرێت ئافێ یێت تازە یێ لوێرێ هەین . کتێخانەکا مەزن یا دمەتحەفێ دا هەی هەمی ڕەنگ و شکلێت کتێبا یێت لێ .

(سینەما و مەسرح)

ئێڤاریا دەرکەڤیتە دەرێ دێ دەمەکێ خوش ڕابێریت لجاکارتا هەکە قەستا (مەسرحەکی) کر ئان جود سینمایەکێ ڤە فلیمەك لسینەمایەکێ لجاکارتا هاتە نیشا دن ناڤێ فیلمی (ڕەقاسکەرا رونغنغ) ، ئەڤ فیلمە لئەندەنوسیای یێ هاتیە چێکرن و شویشتن ودروست کرن ، ئەوا تەمسیلێ د کەت لوێ فیلمی ناڤێ وێ (نجی ساری) یە ئەو ژی هەر خەلکێ ئەندەنوسیا یە ، ناڤێ وێ یێ بڕاستا (شیترا دیوی) یە ، لفیلمی ... ئەڤ ژنە دێ دەرکەڤیت

بڕوانە ل (۷)

سورسا

شێخ عبیدالله‌ی نەهری

نڤیسینا : د : احمد عثمان ی
وەرگێڕانا : علی نقشبندی

وەسا (شێخ عبدالسلام)ێ پێشی یێ ، دگەل دا کەفت ، باهرا پتر ڤانا نە ژ بەر خو بتنێ شەڕێ تورکا دکر ، ژ بەر تەناهی و ڕەحەتیا مللەتێ خو بو ، و تورکا ژ ئەڤەنە ، نەد ڤیان ، د ڤیا کەس ژ ڤانا نەمینیت ، حوکوم بکەڤیتە دەستێ ئورکا لهەمی دەڤە ڕێت کوردستانا تورکی (ئانکو کەسێ لناڤ نە هێلن کو بیستێ بزانیت ، دابشێنێ ، گەلەك سەروك بونە هاری کارێت شێخی و دگەل کەفتن ، نڤیسەرێ کوردێ ڕوسی دبێژیت : شێخی بزاڤەکا گەرم کر کو (تا و ئیجاخێت) کور دا بکەتە ئێك و بگەهینیتە ئێکو دو ، و دا سەروکێت وان ڕاکێشیتە شەرێ تورکا ، شێخ گەلەك ببەرفرەهی ب پێش کەفت نڤیسەر دبێژیت : شێخ عبیدالله ، مروڤەکە یێ دەستو چاڤ ڤەکری ، یێ سەر بلند لنك مێڤانێ خو یێ کەیف خوش لسەر دانا نانێ خو ، مروڤێت (عێلی) وی گەلەك دڤیا و حەسدکر کو شورەشا وی ب پێش بکەڤیت ، وی ژی دڤیا مللەتێ وی یێ دامەزرای بیت لجهەکێ خوشێ تێر چەروان ، بزاڤا کوردا دەست پێ کر لدەڤەرا هەکاری یا ، شێخی سەر چو ، چنکو شێخی خرابی و خەلەتی یێت کارەدەستێد تورك دانانە پێش چاڤێت (مفتی) .

(ئەفریانوف) جەنەرالەکێ ڕوس بو گوت ، لسەر ڤەگێڕان و بیر هاتنێد مفتی دگەل شێخ عبیدالله ی کرین و دیماهیکێ نە چویە سەر چو و ماندیبونا مفتی دگەل شێخی چویە بئاڤێ دا ، شێخی دڤیا نە مینیتە دگەل حکومەتا تورکا ، ئان ژی شەڕەکێ مەزن دێ کەت ، بو چەسپاند و دامەزراندنا حکومەکێ بنە جهـ بو مللەتێ کورد بو وەرگرتنا مافێ وان بدروستاهی (کوحوکمەکێ سەر بخو بڕاست بینیت) ، بالیوزێ ڕوسی (زینوفیف)ی د گوت : سەروکێت کوردا دگەل شێخی بێکهاتبون کو جهێ کوردستانێ هەمی یێ بکەنە ئێك شێخی هندەك باوەر پێ کەر هنارتنە نك بالیوزێ ڕوسی لئەرزەڕومێ و وانێ بودیار کرن وڕوهن کرن کا بوچی و ژبەر چ دێ ڤی شەڕی کەت د گەل تورکا ، حسین عرفە دبێژیت : مروڤێت دگەل شێخی دبون (۱۰ر۰۰۰) کەس ، مامەش و مانگور وزەرزا وهەرکی و بەگزادە و برادوستی ئەو ژی گەهشتنێ ، بخو سەر کێشا ڤێ خەبانی کر، نڤیسەر دبێژیت پاشی شەڕێ مەزنێ دووێ ، شێخی خو بەرهەڤ کر بو شەڕەکێ بەر فرهە دگەل حکومەتا تورکا ، حکومەتا تورکی یێ حەسیا ، (مفتی) یێ باژێری هنارتە نك شێخی دا لێڤەکەت لشەڕێ ، و دا ژ هزرا خو بهێنە خارێ ، هاتن و چونێت (مفتی) ژ نك حکومەتێ بو نك شێخی هەشت ڕوژا کێشا ، دیماهیکێ نە چو لوی دەمی حالێ مللەتێ کورد لمزگەفت و دیر و کنیشتا د گەلەك پەریشان بو و تەنگاڤ گەل ناڤێ سولطانی ، دگەل وێ بو ، ڕوژنامە (تایمس) نڤیسی چەندێ کو ئەڤ دوبەریە هاتە لسالا (۱۸۸۰)ێ و گوت : هەڕشاندن لسالا (۱۸۷۹)ێ، نەخوشی و بەرتەنگافی یێ ڕوی بەلێ ئەڤێ بزاڤێ و شوڕشێ دا لمیسل و لدیاربەکرێ ، نێزیك ڕێکا شوڕەشا مەزن خوش کر بو کوکەسێ ساخ نەمابا لدیار ـ بەکرێ ژ برسا دا ، ئەڤە هەمی سیچا شەڕی بو ، نەساخیا دەست پێ کر و بەلاف بو لهەمی دەڤەرا ، زێدە تر دیار بو لدەڤەرا ڕوژهەلاتا تورکی ، نوژدارەکێ تورك دگوت : نێزیکی (۱۰ر۰۰۰) کەسا لوێ دەڤەرێ مرن (بدیزانتری) بکەفسا ، بتنێ ، و ژ برساد ا، و هندەکێت دی دبێژن(لدەڤەرا (باشقەلایێ) بتنێ ۱۰ر۰۰۰) کەس مرن ژ برسادا ، دیسا بزاڤ و خەباتێد فامیلیا بەدرخان پاشای کری لپاریسێ ، وەکر کو کەلەك ژ بوطا بگەهنە وێ شوڕەشێ دیسا خڕبونەسەرێك (ل سعرتێ و ل دیخێ) هەر وەسا لجولە مێرگێ و لئامیدیێ و میردینێ و لنسێبینێ) ئەو دەڤەرێت شەڕ کەرا گرتین جودا بونا خو دیار کر ژ حکومەتا تورکا ، و (عثمان) بەگێ (پێشی یێ) فامیلیا بەدرخان پاشای خو دیار کر و دانا (میر) ناڤێ (عثمان) بەگێ هاتە خاندن

برینە : ل - -۷-

institut kurde de paris

نامەیەک بۆ دراوسێیەکی زانا

نوسینی : جیکۆف - وەرگێڕانی : فاضل قصاب

دراوسێی نازدارم !مەگسیم ..

بۆ لەبیرچونەوەی ناوی باوکو باپیرت داوای لێبوردنت لێ ئەکەم ، ئێم مەگرە منی مەیمونو گەمژە پەستەو وەڕستت بکەم بەم نامەیەی کە پڕە لە درێژدادڕیو ساکاربێژی .

ساڵێکی تەواو تێپەڕیو بەرێزت گۆشەگیری ئەم ناوچە بچوکەی جیهان بویت لەنزیك منەوە - منی مێشی پۆخەلێ - بەڵام لە درێژایی ئەم ساڵەدا بە دیدارت شادنە بوم و نەم ناسیویت ، توش هەتا ئێستا منت نەناسیوە .

ئایا ڕێم ئەدەی دراوسێ نازدارەکەم خۆمت پێبناسێنم بە هۆی ئەم نامەیەوەو خێرهاتنت بکەم لە - بترسبورگ - ەوە بۆ ناوچە لادێکەمان کە بەڕێزی تۆ ناشێو کەمە !.

هیچ نهێنییەك ئاشکرا ناکەم ئەگەر وتم : من هەمیشە بیرئەکەمەوە لە چونیەتی گەیشتن بە تۆ ، لەبەر ئەوەی زانست دایکی پیرۆزمانە ، هەر ئەمەش وای لێکردم کە نرخی هەندێ کەس گرانبێت لام ، ئەوانەی ناویان بڵاوەو بەئاوازی نەمریو چەپکە وشەی ستایش دەورە دراونو بە خەڵاتی سەرکەونو بڕوانامەی زیرەکی رازێنراو- ئەتەوەو ناویان بە هەمو دێهەکی جیهاندا وەك گرمەی هەور دەنگ ئەداتەوە .

من گەردوون ناسەکانو شاعیرو نووسەروکیمیاگەرەکانم خۆش ئەوێ ، ئەوانەی هەڵگری پەیامی ژانستو بەرەوپێشەوە چوونن . توش یەکێکیت لەوانە بە کێشەی نرخی هەموو ئەو خزمەت گوزاریانەی پێشکەشت کردووە کاتی شەونخوونیو دانیشتنی زۆرو ماندوێتی .

لەم دوایی یەدا - جیراسیمۆف - ی دراوسێم هاتە لام بۆ ماڵەوە ، بەڵکو هاتەلام بۆ کەلاوە کۆنەکەم . لە کاتێکا باسی تۆ هاتەپێشەوە هوروژمی کردە سەر راکانی جەنابت لە بابەت دروستبوونی مرۆڤەوەو زۆر شتی تریش لە بارەی گەردوونی بەرینەوە ، ناڕەزایی بەرامبەر ئاسمانی بیری روونا- کتو ئاسۆی زادەی بەنرخت پیشانداا ، من لەگەڵ هەندێ لە ناڕەزایی یەکانی ئەودا نەگونجام لەبەر ئەوەی من بە زانست ئەژیمو بە شیری ئەو ژەمەکانی دڵ تێر ئەکەم ، ئەو زانستەی گەورەیی خوا بە جنسی بەشەری بەخشیوەو بە هۆیەوە لە ورگی زەویدا مرواریو کەرەسەی جوانو بە کەڵك دەردێت .

لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بم بووری دراوسێی خۆشەویستم ئەگەر - منی مێشوولە کە بە چاو نابینرێت - هەندێ خۆم لە راکانتەوە بکلێنم ...

جیراسیمۆف پێیووتم کە تۆ پەڕاوێکت داناوە گەنجینەی زۆر باسی بەکەڵکە لە بابەت نەژادی مرۆڤەوە کە لە پێش نۆفازدا ژیاوە ، نووسینەکەی بەڕێزت وای دەرئەخات کە مرۆڤ لە کۆمەڵەئاژەڵەکانی - مارەمۆزیتو ئورانگو ئوتانگ - ە لێم خۆش ئەبێت گەر لەم خاڵەدا بەرپەرچیم دایتەوە و کەمێك لە ئاستی راستیەوە دووام ؟

ئەزانم ئێمە - ئێمەی مرۆڤ - گەورەی گەردوونینو بە هۆشو زیرەك ترین گیان لەبەری زەوین ، ئەگەر نەژادمان مەیمونی نەزان بوایە ئێستا کلکمان ئەبوو ، دەنگمان دڕندانە ئەبوو . لە ئێمە هۆشیارتر بە شارو دێهاتەکانا ئەیانگەڕانین ، کاتی یەکتری ببینن لە گەرمەی سەما کردنا بە یەکتر مان ڕائەبوارد . یان چوارمشقی لە ناو قەفەسە ئاسنینەکانمانا دائەنیشتین .

ڕێم بڵێ ئەی دراوسێی نازدارم ! ئایا لەشمان بەمووی مەیمون داپۆشراوە ؟. یان بەوجڵو بەرگە پۆشتەنین کە ئەو ئاژەڵەی لێبەری کراوە ؟.. دوایی .. ئایا ئافرەت حەزی لێئەکردین گەر ئەو بونەمان لێبهاتایە کە لە باخچەی ئاژەڵەکان بەر لوتمان ئەکەوێت ؟!

ئەگەر پێشینانمان نەژادیان مەیمون بوایە ، ئایا راستە لە مەزاری مەسیحیدا بنێژرێن ؟!

- ئەمفروس - ی باپیرەگەورەم کە لە ڕۆژانی فەرمان ڕەوایی پۆلۆنیەکاندا ژیاوە، لە تەنیشت راهیبی کاسۆلیکی - واکیم شوستاك - ەوە نیژراوەو ناوی مەیمونیان لێنەناوە .

بەم بوورە کە دەستم خستە کارە زانستیەکانتەوەو ڕا بێسەرو شوێنەکانی خۆم بەسەرتا سەپان . ئەم رایانەی من ئەگەر زاناو ڕۆشنبیرەکان بەرچاویان کەوێت ، بەگورجی خۆیان ئەگەیەنێتە گەدەیان، پێش سەریان !.. بەڵام چی بکەم ! ناتوانم بێدەنگ بم کاتێ زاناکان ئەبینم وەك پێویست بیرناکەنەوە .

جیرا سیمۆف وونی کە بەڕیزتان تیوریکی ناڕاستتان هەیە دەربارەی مانگ ، هیوام وایە گالتەم پێ نەکەی - منی داماو ، ئەگەر نووسینەکەمت ناشیرین هاتە بەر چاو .

بەڵێ ! تۆ ئەڵێی لە هەمو لایەکی مانگەدا مرۆڤ هەنو ئەژین ، منیش ئەڵێم گەرواوایە خانوچکەکانی مانگ ئەوڕووناکییە زۆرەی لێ کز ئەکردینو بارانیشمان لێ ئەبڕاو ئەکەوتینە ماندووبوونو گیرخواردن ، چونکە باران لە بەرزایی زەویەوە ئەڕژێتە سەرزەوی ، خەڵکی مانگیش ئەکەوتنە خوارەوە لای ئێمە ، ئەمەش تا ئێستا ڕووی نەداوە . پاشان ئایا مانگ بە پیسایی-یەکانی پڕی نەئەکردین گەر ژیانی لێبوایە !؟ ئەی کوایە خەڵکی ئەوێ توانای مانەوەیان ئەبێت گەر بە تەنها خاوەنی شەوبنو ڕۆژ نەبینن !.. ئەی فەرمان ڕەواکانی سەرزەوی ڕێگەی خەڵکییان ئەدا بچن لە مانگ بژین ، یان پڕ بێت لە تاوانکەرانو یاخی بوان ؟!

جیرا سیمۆف دیسان وونی : کە تۆ لە دانراوە (بەرزەکەتا) ئەڵێی لە خۆردا - کە گەورە- ترین پەروانەی ئاسمانە - چاڵی رەشو گۆماو هەیە . منیش بەگەرمەوە نەهمی لێئەکەم ، ئەڵێم چۆن توانیت ئەو چاڵانە ببینیت.. یان ئەبێ سوودی ئەو چاڵانە چی بن ؟ وە لە چ کەرەسەیەکی شل یان توند پێك هاتبن ؟ گوایە چۆن ئەو گەرما بە هێزەی خۆر وشکیان ناکات ؟ وا بزانم تۆ وا هەست- ئەکەی ماسیش لەو چاڵانەدا مەلە ئەکەن ! ئەی بەرقەرار بیت !..

ئێ .. دراوسێی نازدارم لێم خۆش ئەبیت - منی گەمژە - لە بەر ئەوەی هەندێ باسی زانستیم دەست نیشان کردووە بەم توڕەهاتانە ؟. با لێت سووربێ کە من ڕیانم تەرخان کردووە بۆ خزمەتی زانست .. تا باڵەکانی وەك پەردەیەکی لێهاتووە لە بەینی چاوم و کرۆزانەوەی پارەدا .

هەمو دۆزینەوەیەکی نازەی زاناکان ئەبێتەهۆی ئازارکێشانم وەك داچەقاندنی بزماریك بەگازەرەی پشتا .. سەرەڕای نەفامیشم - منی کۆنە خاوەن زەوی - خەریکی خۆ ماندوو کردنم لەگەڵ زانستو دۆزینەوەداو کەللەم بەو بیرە جوانانە پڕئەکەم .

دایکمان - سروشت - قاموسێکی گەورەیە بۆ پیاچوونەوەو بینین ، پێت ڕائەگەیەنم گەیشتوومەتە دۆزینەوەی چەند شتێکی تازە کە هیچ کەسێك نەی گەیشتوێنێ هەر بە رەنجو ئارەقی ناوچەوانم فێری ئەمانەبووم نەك بەسامانی باوکم ، چونکە سامانی باوك زۆر جار ئەبێتە هۆی دۆڕاندنی سامانی مێشك بە کۆشکی شەش نهۆمو خزمەتکاری ڕۆرو زەنگی کارەبا .

ئێستاش فەرموو ، ئەوەی کەعەقڵی هەرزانم دۆزیویەتەوە: بۆم دەرکەوت کە خوری پۆشتە بە بەرگی ئاگر ساڵی جارێك هەموو ئەردوون ئەگرێتەوە . چەند رەنگێکی دڵگرو تیشکێکی یەکجار جوانی پیا ئەکێشێ .. دیسان گەیشتمە ئەنجامێکی تر : زۆر کەس دەربارەی درێژی شەو کورتیی ڕۆژ ئەپرسن لە زستانا ، هەروەها بە پێچەوانەوە لە وەرزی هاویناا .. ئەڵێم لە زستانا ڕۆژ کورتە لەبەر ئەوەی بڕوانە : ل -٧-

دەمەتەقێی یەك لەگەڵ مامۆستا احمد شکری دا

ئەم چەند پرسیارە جۆر بەجۆرەمان لە مامۆستای ناودار احمد شکری کرد هیوادارین سودمەند بێت . مامۆستاش رای تایبەتی خۆی زۆر ئاشکرا ئەخاتە رو .

پرسیار : مامۆستا ڕاتان بەرامبەر ئەم شاعیرانەی خوارەوە چی یە ؟

١ - پیرەمێرد : شاعیرو نوسەرێکی زۆر باش بو ، بەڵام خۆی نەیەزانی شیعری خۆی بابەتەو ئەم چەپڵە ڕێزانە ئەلایەن منەوە کەوتوەتە ناو ناوان .

تاکێ لەسەر وەزنی چەپڵە ڕێزان :

حەق سەنراوە نەدراوە
هەرواشە وایش بیسراوە
ئەم گەلەش وروژاوە
فەوتاوو حەق خوراوە

بۆ سەندنی هەستاوە

پرسیار : مامۆستا بەرهەمی شیعری دڵداریت هیچ دیار نیە ئایا هەتە یا نەء ؟

وەرام : من لە پێنجینەی شۆڕشدا نوسیومە کە دڵداری بۆ گەلێك باشە کە خۆی خاوەن کەیان بێت نەك سەرگەردان بێت .

پرسیار : مامۆستا هەتا ئێستا چەند شانۆگەریەکی کوردی کراوە لە شارەکەماندا ، کامیانت بە دڵە ؟ .

وەرام : هەریەکە جۆرە تامێکی هەیە ، بەڵام بەلای منەوەو بەشکو زۆر کەسەوە (جەنابی موفەتیش) جوان نەبو .

پرسیار : مامۆستا بەرهەمت لە شعیرا چەندەو لە چیرۆکی پەخشاندا لە چی دایت ؟

وەرام : نزیکی ٤٠ هەزار دانە هۆنراوم ماوە چاپ نەکراوە ، ١٢ هەزاری ئامۆر- گاریەو ٨ هەزاری شۆرشیەو ٢هەزاری تا ٣ هەزاری غیرامی یە ئەوانی تری هەمە جۆرەیەو رۆژ بە رۆژ لە زیادیشە . لە ٧٠٠ چیرۆك زیاترم هەیە کە پەخشانە تیایەتی ٢٠ لاپەرەو تیاشیا هەیە (٥) دێڕە .

پرسیار : کام رۆژنامەی کوردیت بە دڵە ؟

وەرام : رۆژنامەی کوردی بونی هەر باشە .

پرسیار : چەند ساڵە ئەنوسیتو تەمەنت چەندە ؟

وەرام : لە ٢٢-٥-١٩٢٨وە دەسم داوەتە خامەو لە ١٠-٩١٠ دا پێم ناوەتە جیهانەوە .

بخوێنێتەوە .

٢ - لەتیف هەڵمەت : نای ناسم .

٣ - بێکەس : شاعیرێکی دەسەو هەڵمەت بو ، بەڵام شیعری زۆرکەمە ، نەترساوبو .

٤ - شێرکۆ بێکەس : ئەمیش کە کوڕی خوالی خۆشبو بێکەسە شاعیرە .

٥ - کامەران موکری : شعیری زۆری هەیە ، جوانی زۆر تیایە ، نیشتمانیە .

٦ - حاجی قادر : ٧٩ ساڵ لەمەوبێش لە بابەت کوردا- یەتیەوە شیعری وتوە .

٧ - جلال میرزا کریم : شاعیرە ، ئەمیش نوسەریشە .

٨ - محمود کزەل : ناوی خۆی وا بە خۆیەوە .

٩ - حسن حلمی : خوێندەوار نیە نەك شاعیر .

١٠ - تایەر بەگی جاف : شاعیرێکی غیرامی دانەر بوە ، زۆر بالایە لە غیرامیا .

١١ - قانع : شاعیرێکی نیشتمانیو کوردپەرست بوە .

١٢ - عبدالله پەشیو : شیعریم هێنندە بەر چاو نەکەوتوە .

١٣ - محمود زامدار : نوسەرە ، شاعیر نیە ، شیعریم نەدیوە .

١٤ - رازی : شاعیرێکی دەرنەکەوتوە ئەگینا شیعری هەیە .

پرسیار : مامۆستا ئەم چیرۆك نوسانەتان پێ چۆنە :

١ - حسین عارف : چاك ئەنوسێ .

٢ - سوران مەحوی : ئەمیش نوسەرە .

٣ - دکتور رەحیمی قازی : نوسەرێکی شیرین وتارە .

٤ - ساجد ئاوارە : ئەمیش نوسەرە ، خراپ نیە .

٥ - مصطفی صالح کریم : زۆر باش ئەنوسێو نوسینەکانی وردیلەیە .

٦ - سەلام مەنمی: سەلامیش نوسەرە .

پرسیار : چەند گۆرانی بێژێکی هەنکەوتومان هەیە کە هەوڵ ئەدەن بۆ بەرزکردنەوەی هونەری کوردی ، جا تکایە رای خۆتان بەرامبەریان دەربڕن :

١ - علی مردان : مەقام زانە .

٢ - مظهری خالقی : دەنگی زۆر خۆشە .

٣ - علی نەزەر : نای ناسم .

٤ - جلال کۆچەر : دەنگی سازگارە .

٥ - مەلا کریم : ئەمیش گۆرانی بێژێکی تامدار بو .

٦ - حسن زیرەك : بە بەزم بو لەگۆرانیدا .

٧ - فوءاد احمد : دەنگی ناخۆش نیە .

٨ - نزار هماکیان : نای ناسم .

پرسیار : مامۆستا ئەڵێن (وەزنی چەپڵە ڕێزان جێی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوەو بۆتە وەزنێکی تازە ئێوە ئەڵێن چی ؟

وەرام : بەراستی ناشیرین ئیە وەزنی چەپڵە ڕیزان چونکە دوو سێ هۆی هەیە :

١ - سوکە لە زبانا .

٢ - خوێندەواری ساەدە ئەتوانێ بیخوێنێتەوە .

٣ - لەسەر وەزنی موسیقاشە وەك چەپڵە ڕیزان خۆشە موسیقاکەشی خۆشەو ئەو

گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە بۆ ملەی تاسلوجە

بەرەو باکور ، بۆتە هۆی ئەوەی ئەو شاخانەی کەوتونەتە ڕۆژ- هەڵاتی سلێمانییەوە ، باکوری هێڵی (توتاغاج - سەید سادق - بنگرد - عەربەت) شیوەی ئێستایان وەرگرن بە لقو دۆڵەکانیانەوە کە لە ئەنجامی گرۆی بونی بەردەکانو نیشتوی بەردەوامیدا لە کاتی دروست بونیەوە ، تا ئەم شیوەیەی ئیستای وەرگرتوە .

- ج -

شاخی پیرەمەگرونو پاشکۆکانی (چادر)و (یاخیان) دو لوتکەن لەوپاشکویانە ولە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە پێوەی لکاون ، لەگەڵ شاخی (تەلان) کە لە ئەنجامی پچرانێکی گەورە وە لە باکوری ڕۆژئاواوە لێی جیابۆتەوە ، دروست بوە، ئەڵێم دروست بونی (پیرەمەگرون) بەو پاڵە پەستۆیەی کە لە پاشورو لە ڕۆژئاوایەوە کەوتۆتە سەری ناوەندیەی کە باسمان کرد ، لە نیوانی شاخی (پیرەمەگرون) (زەرزی)و شاخی (سەرسرد)دا بەرەو ڕۆژئاوا دوای بەرەو باکوری ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بڕژێتە (زێی بچوك)ەوە .. وە ئەم ناوە ڕۆگەیە ڕۆباری (تابین)ە کە ناومان برد .. کە دوای ئەوەی لەگەڵ روباری (چەرمەگا)دا یەکانگیر ئەبن ، لە نێوان (زەرزی)و (سەرسرد)ەوە بەرەو ڕۆژئاوا ئەڕوات ، دوای بە ناوی لەگەڵ هێڵی دابەش کردن لە نیوانیاندا ، دۆڵی (قزلەری) ئەسك کە ناوەکەی بەرەو خوار ئەڕوات بۆ دۆڵی (تانجەڕۆ) ، وە (مێرگەپان) کە لە دۆڵی (قزلەر) فراوان ترە وە ناوەکەی بەرەو باکوری ڕۆژئاوا ئەڕۆا ، پاشان بۆ ڕۆژئاوا کە لەوی پێی ئەڵێن روباری (تابین) دوای ڕویشتن بە پچرانیکا کە ئەکەوێتە نێوان (پیرەمەگرون)و (تەلان)ە وە .. لە ئاستی کۆتایی باکوری ڕۆژئاوای (پیرەمەگرون) ە وە پێچ ئەکاتەوە .

وە دۆڵی سێهەم دۆڵی (سورداش)ە کە لێژ ئەبێتەوە بەرەو باکور بۆ (زێ بچووك) بەرەو (قەشقولی) - (دوکان) .. بەڵام ئەو پارچەیەی لە ڕۆژئاوای (پیرەمەگرون)ەوە ڕۆچوە ، وام بۆ دەرئەکەوێ کە لە پێشا دەریاچە (بحیرە)بوەو ئاوەکەی بە درێژایی ڕۆژگار - ئاوەڕۆگەیەکی - بۆ خۆی درپوە لە نێوان شاخی (زەرزی)و شاخی (سەرسرد)دا بەرەو ڕۆژئاوا دوای بەرەو باکوری ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بڕژێتە (زێی بچوك)ەوە .. وە ئەم ناوە ڕۆگەیە ڕۆباری (تابین)ە کە ناومان برد .. کە دوای ئەوەی لەگەڵ روباری (چەرمەگا)دا یەکانگیر ئەبن ، لە نێوان (زەرزی)و (سەرسرد)ەوە بەرەو ڕۆژئاوا ئەڕوات ، دوای بە ناوی (سورقاوشان)ەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوای باکور بۆ ئەوەی بڕژێتە (زێی بچوك)ەوە وەکو باسمان کرد .

بنی ئەم دەریاچەیەی کە ئەکەوێتە ڕۆژئاوای (پیرەمەگرون)ەوە وشك بوەلە ئەنجامی ڕوت بونی سروشتی چیاکان ولێژی ناوە ڕۆگەکەی بۆ ڕۆباری (تابین) بە درێژایی ڕۆژگار بە نیشتووەکان پڕ بۆتەوە ، وە بۆتە دۆڵێك کە ئیستا پێی ئەڵێن دۆڵی (چەرمەگا) .

ئەم دۆڵە لەو بەشە ڕۆچوە درێژەی کە ئەکەوێتە خوارەوە لە دەشتی (شارەزور)دا ، کە پێی ئەڵێن دۆڵی (تانجەڕۆ) بەرزاییەکی نزم (مرتفع واطیء) جیائەکاتەوە کە لەدامینی ڕۆژئاوای شاخی (پیرەمەگرون)ەوە درێژ بۆتەوە بۆ شاخی (تاسلوجە) .

- د -

بەڵام نزمایی شارەزور

بڕوانە : ل -٧-

بلوێری شوان

نیوە شەوە دنیا خامۆش
ئاهەنگێکی گیان پەروەرە
ئاهەنگێکی دڵ نەوازە
نا .. نا.. ئاهەنگی بلوێرە

دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش
شادی هێنە خەفەت بەرە
تارە ؟ وێلۆنە ؟ یا سازە ؟
جا وەرە گۆیی بۆ رادێرە

هەزار خۆزگەم بەخۆتشوانە
دانیشتووی لەسەر ئاوهەڵدێر
دەگەڵ ئەبیعەت هاودەمی
ئاغاش بەنۆکەر ناگری

کە بەو مانگەشەوە جوانە
پەنجە دەبزێوی لە بلوێر
شادی ، بەکەیفی ،بیخەمی
وەك من لە غەما نامری

وەرە شوانە هەموو شەوێ
لەوشاخ و کێوە زەنوێرە
لەسەر ترۆپکی ئەم کێوە
با کێوەکە دەنگ داتەوە

نیوەشەوێ کاتی خەوێ
تێ تووڕێنە لەم بلوێرە
پەنجە لە بلوێر بیزێوە
شاعیریش خەو بێ باتەوە

هێمن
١٩٤٣

دەشتی سلێمانی

- أ -

بزوتنەوەکانی دوایی کە لەتویکلی زەویدا رویاندا لە سەردەمی - پلیوسین Pliocene دا نزیکەی پێش دوانزە ملیون ساڵ بەهۆی پاڵە پەستوی لابەلایی کە لە باکوزو باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بەتەکانی یەك لە دوای یەك هاتوە ، ئەو پاڵە پەستۆیەی بۆتە هۆی دابڕ بونی دەریای سپی ناوەراستی گەورە کە گیشوەرە کۆنەکانی جیهانی ئەکرد بە دو بەشی باکوری و باشوری یەوە ، وە بنکەکەی و ئەو بەردەتەباشیری یە کلسی یە نیشتوانەی کەتیا کۆبوبوەوە بەرزکردۆتەوەو خستویەتیە ناوەندی پیچاو پیچەکان یا زنجیرە چیا گەورەکانی وەك (هیمالایا - هیندوکوش- شاخی ئیران- زاگروس - تۆرۆس - ئالب - پیرەنە .. هتد.) ئەو بزوتنەوانە بەردەوام بون هەتا نزیکەی (٦٠٠٫٠٠٠) ساڵ پێش ئیستا واتە نزیکەی- کاتی پەیدا بونی مرۆڤ لەسەر زەوی ، وە بۆتە هۆی دروست کردنی بەرزایی و نزمایی نوی لەو شاخانەدا .. لە نیوانیاندا (زاگروس) .. پاشماوەی ئەم گۆڕانە تازەیە ئەوەیە کە لە شاخی زاگروسدا ئەبینین ، لە زنجیرە چیای هاوڕێکی بەیەك داچو ، وە لەدەشتو دۆڵەکانو پچراندنو نزمایی یەڕۆچوەکانداا بەهۆی نەوی بونی هەندێ پارچەی تویکل لە ناوەوەی زەویدا .

(١) ئەو ناو نیشانەی سەرەوە ناوی کتێبێکی مامۆستا توفیق وەهبی یە کە لە ساڵی ١٩٦٥دا لە چاپخانەی مەعاریف لە بەغدا بە عەرەبی چاپ کراوە، جا لەبەر ئەوەی باسەکە پەیوەندی بە ناوچەکەمانەوە هەیەو کتێبێکی زانستی بە کەڵکە بە تایبەتی لەبارەی بەشێك لە جوگرافیای ناوچەکەمانەوە بەپیویستم زانی بیکەم بەشێکی کەمی لێ بڵاوکرایەوەو بۆ ماوەیەکی دورو درێژ وەستێنرا هەر چەند (وەعد)وا بو بەزنجیرەیەکی ڕیك و پێك بڵاوبکرێتەوە .. بەڵام دوای یەك دو جار ئاگادار کردنەوەی ژین ناچار لە دەوروبەری ٢٧-٦-١٩٧٢دا نوسراوەکەم لێوەرگرتنەوە ..وا ئەم جارەیان لە هاوکاریدا بڵاوی ئەکەینەوە هیوادارین ئەم بەرهەمەی مامۆستا وەهبی کەڵکێکی هەبێتو بەمەرەی جاری پێشو ئەچێت .

ئەحمەد رنیوار

- ب -

وە شوێنەواری ئەم ڕۆچونو پچراندنە ئەبینین زۆرە لە دروست بونی دەشتی شارەزوروەوروبەری دا . وەوام .ۆ

(٢) ئەو بزوتنەوانەی کە دەرئەکەوێ کە دەشتی شارەزور یا سلێمانی گەورە لەسەرەنجامی ڕۆچونی زنجیرە چیایەك دروست بوە ، کە درێژ بۆتەوە لە نیوان ئەو زنجیرەیەی کەوتۆتە ڕۆژ- هەڵاتی شاری سلیمانی یەوەو ئەو زنجیرەیەی کەوتۆتە ڕۆژئاوایەوەو هاوڕێکی یە لەگەڵیدا ئەم ڕۆچونە بەشیوەیەکی دیاری لەو پارچەیەدا دەرئەکەوێ کە پێی ئەڵێن نزمایی شارەزور یا دەشتی شارەزور . وەلێرەدا بەشی باشوری ئەو زنجیرەیەی ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی یەوەڕۆچونێکی قول ڕۆچوە لەگەڵ ئەو چیایانەدا ئەکەونە ڕۆژ- هەڵاتیەوە ، لە باشورەوە لە هێڵی - عەربەت - بنگرد - گرێزە - سەید سادق - توتاغاج - ەوە ، لەگەڵ بەشی باشوری ئەو زنجیرە ناوەندی یە ڕۆچوە ، لە ئەنجامدا چاڵێکی فراوانی قوڵ دروست بوە ، ئەمڕۆ لە شیوەی نزمایی شارەزوردا ئەی بینین .

بەهۆی ئەم ڕۆچونەوەتەسکایی یەکی گەورە پەیدا بو . بەکورد یو لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بە زنجیرە بڵاوی بکەمەوە . هیوادارم سود بەخش بێت .

تێبینی پێش بڵاوکردنەوەی ئەم باسە لەم ڕۆژنامەیەدا بەشێکی هیچگار کەمی لە (٧) ژمارەی ڕۆژنامەی ژین دا بەمارەیەکی دورو درێژ بڵاوکرایەوە . بەڵام ئەوەی بڵاوکرایەوە زۆرکەم بو ، تەنانەت بەحال لە پێشەکی کتێبەکەڕەت بو بو .. لەگەڵ ئەوەدا کە من کتێبەکەم بە تەواوی لە ١٨-١-١٩٧١دا سپارد بە ژین .. هەروەکو وتم بە کوردیو لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بە زنجیرە بڵاوی بکەمەوە . هیوادارم سود بەخش بێت .

تێبینی پێش بڵاوکردنەوەی ئەم باسە لەم ڕۆژنامەیەدا بەشێکی هیچگار کەمی لە (٧) ژمارەی ڕۆژنامەی ژین دا بەمارەیەکی دورو درێژ بڵاوکرایەوە . بەڵام ئەوەی بڵاوکرایەوە زۆرکەم بو ، تەنانەت بەحال لە پێشەکی کتێبەکەڕەت بو بو .. لەگەڵ ئەوەدا کە من کتێبەکەم بە تەواوی لە ١٨-١-١٩٧١دا سپارد بە ژین .. هەروەکو وتم

institutkurde de paris

بەمایێ : ما کەنگی دێ گەهینێ !

هاریکاریا وەرگرتی ژ حکومەتێد سوشیەلیستی وەکی دانانا سکریت بلند وێت مەزن لسەر ئاڤێت ڕوییارا بو دانا (تاقەتا کەهرەبی) وەکی سکرێ بلند (السد العالی) لمسرێ ، وسکرێ سەر فوراتی لسوریایێ وشوینێت دەرێخستن وحەلاندنا ئاسنی لجەزائرێ ، لڤێرە دڤێت بکەڤنە کەرخا شەڕی دکەل ئیستعماری بدوژواری و بێی ڕاوەستان ، و هەردەم ئاکەهداریێ و چاڤدێریێ لشوینێت وەلاتێ خو بکەن ئەگەر دربەك لرەخەکی لئیستعماریدا خونەگرن وبمینندە ڕاوەستای ، و چاڤ لرێ .. کا ... دێ ئیستعمار چکەت !!! دێ تولا خو قەکەت ... ئان ... ننە ... دڤێت دربەکێ دی لیندەن کریارەکا دی دگەل بکەن هێژ ژ گێژاتیا بەرێ بەرنەدای ئیکادی بیننە ڕێکێ وسەری ، کویا بەرێ ژێژڤە چوننە بیت دا مژیل ببیت پێڤە ، دگەل وێ چەندی پێدڤیە کاربەدەستنە ڕوینن و نە ڕاوەستن ... خەباتەکا گەرمبکەن بو پاڤژکرنا جهی ژ دوژمنا و ژ بازەبەرێت ئیستعماری بێ دل پێسوتن ژ ڕهـ وڕویشالاڤە وان هەلکێشن دا لسەر بنێ خو شێن نە بنە ڤە دا ئیستعماری چ شوین نەمینن جارەکا دێ پێد خو دانیتە سەر و نەخوشیێ لمللەتی نوی کەتەڤە، دڤێت چاڤدێریەکا چاك بهێتە کرن لشوینێت شولی و چاڤێ خو نەنقینن ژ خرابیێ وخەلەتیا ، هەکە ڤێ جارێ وەکی بەرێ نابیت یاهەی ونەی دێ هێتە ڕامالشتن وڕەنین ودێ بسەرێ بەلنگازا داهێتەشکاندن چاوا ئیستعمار بهاریکار با کلکێت خو زنجیرەکا پیلان ورستکەکا دافێت بێ بەختیا دڕێسیت وڤەدهوینیت و د ڕاچینیت لبەر مللەتا دا ژێ قورتال نەبن ، وەسا پێدڤیە مللەتێد بزاڤ کەر و خەبات کەر شەلیتەکا (دربا) ڤەهێنن وبکەنە گورز لئستعماری وکوریێت وێ بدەن بێ ڕاوەستان حەتا ژ ناڤ مالا خو دکەنە دەرێ دا چو ڕێ نەمینن ئان دمریت ئان کەسپا خویا کریت دهێلیت .

دکومبونا پارتێت کومونیستی دا لموسکو ئەوا هاتیە گرێدان لسالا (١٩٦٩)ێ بڕیاردا کو چاڤدێریەکا چاك لدەخل ودان ودکاکی بهێتە کرن وجوتیارا بیننە ناڤ شول وجهێ پسیارا، وکار وکەسێ بدەنە (فێ) دا زور داریێ و دەرەبەگیێ جهێخو لناڤ ڕێزێت وان نەمینن ، دا لدیف هەزر وتەخمینێت بەرێ نەچن داڕێکێ لبەر کومپانیێت ڕوژ ئاڤا بیرن ، بەرێ جوتیارا بدەنە رجیما دیمقراطی داتێر بخون، دا جوتیار هاریکار بیت دگەل براێت خو ێت پالە بو دانانا رجیما سوشیەلیستی ، دا ئەڤ رجیما وان دانای هاریکار بیت بتاقەتاخو ڤە بوپاراستنا مافێ وان وبو پێژڤە چون وپێژکەفتنا وێ چینێ، دا هەمی دگەلێك بژین بسەربەستی .

وەرگێران علی نقشبندی
ژنوفوستی

پاشماوەی : چەند بەشێك لە دیفاعاتی ڕێکخراوی ..

١٣٢٠دا چۆن لەبەر لەشکرێ بێگانە خۆی نەگرت و هەلات ! کێشانی ڕیگا ئاسنی سەرتاسەری ئیرانیش بەخەرجی کریکار و جوتیاری ئیرانی و مالیاتی قەند و شەکر ، نەخشەیەکی ئیمپریالیستی بو، و دیتمان چۆن بەپردی سەرکەوتن ناوبانگی دەرکرد لەراستیدا میللەتی ئیران بو کە پشتی چەمیبو و پردی سەرکەوتنی لێ دروست کرابو .

لەپاش خەرمانانی ١٣٢٠ بەهۆی ڕوخانی دەسەلاتی دیکتاتوری و پۆلیسی و بەگژیەکداهاتنی ئیمپریالیزم ، هیزە نیشتمانیەکان دوبارە دەرفەتیان بۆ هەلکەوت و وەکار کەوتن بەلام لەئیران بەداخەوە لەبەر نەبونی ڕابەرایەتیەکی پیشرەو و تەشکیلاتیکی ڕێکوپێك کە بتوانێ خەلکی بۆ خەباتی دژی ئیمپریالیستی و ڕزگاریخوازی ڕیکبخا میللەتی ئیمە نەیتوانی وەك میللەتەکانی چین و وێتنام پاشان ئەلجەزایر لەودەرفەتە مێژوویە کەلك وەربگرێ . تەنیا ژمارەیەك لەپیاوە نیشتمانیەکان بەرابەرایەتی دوکتور مصدق پیشەوای میللەت کە بە پشتیوانی خەلك و بەتایبەتی کۆمەلانی شار و تۆیژی ناونجی چوبونە مەجلیسی شازدەهەم ، ئالای بەرهەلستی قازانجی ئیمپریالیزمیان هەلکرد و بەپێچەوانەی کارشکینیی و خەراپکاری نۆکەرانی استعمار توانیان بەرنامەی میللی کردنی نەوت لە مەجلیسیدا پەسند بکەن ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٢٩ . بۆ جێبەجێ کردنی ئەوقانونە بو کە خەلك حکومەتیان دایە دەستی مصدق و ئەوە تەنیا حکومەتیك بو کە خەلك بە حکومەتی نیشتمانی و قانونی ناو برد . پیرەپیاو و پێرەژن بە خەرج کردنی پارەی پاشەکەوت و خشل و گۆبەرۆکی ژنان ورقەی قەرزەیان دەکری تا لەشکاندنی ئابلوقەی ئابوریدا یارمەتی مصدق بکەن . سیاسەتی مصدق بۆ ڕزگاری کۆمەلی ژێردەستەی ئیمە لە زنجیری چەوسانەوە لەسەر دوپایە دانرا بو :

١ ـ سیاسەتی سەربەخۆیی ئیران و ڕزگاربون لەهەمو دەسەلاتێکی بێگانە .

٢ ـ ئابوری بێنەوت . ئەسڵی یەکەمیان بۆ دامەزراوی و ڕزگاری لەهەرچەشنە دەسەلاتیکی دەرەوە ، و ئەسڵی دوهەمیان بۆ کوتایی هێنان بە بەرهەمە ناڵەبارەکانی ئابوری یەکلایەنی واتە ئابوری نەوت بو . دیستان خەلك دیتیان کە ئەوحکومەتە نیشتمانیە لەلایەن هێزەکانی بێگانە و نۆکەرە خۆولاتیەکانیانەوە هەرەشەی لێدەکرێ میللەتی ئیمە بەدانی سەدان قوربانی لەروژی ٣٠ پوشپەردا پشتیوانی لە مصدق کرد . پلانەکەی ٩ی ڕەشەمەش سەر نەکەوت . کودیتای ٢٥ی گەلاوێژیش تێپەری بەلام ئاخرەکەی ئەوەی نەدەبو ببێ ، بو . بەلکەی زۆر باوەڕپێکراو کە لە پلانە ڕەشەکەی کودیتای ئەنگینی ٢٨ی گەلاوێژ بەدەستەوەیە ، بەشداربونی کاریگەری خۆکەرانی بێگانە لە کودیتای دژی گەلی ٢٨ی گەلاوێژدا ئیسپات دەکا .

ماویەتی

پاشماوەی : نامەیەك بۆ دراوسێیەکی ...

بە سەرما گرژ ئەبێت وەکو هەموو شتێکی تر ، شەویش درێژئەبێت لەبەر ئەوەی بەتینی ناگری مقەلی یەکانو چرای ماڵو شەقامەکان ئەکشێت !.. هەروەها بۆم دەرکەوت کە سەگ لە بەهارا گژو گیا ئەخوات وەکو بەرخ ، قاوەش ئازاری خوێن نەخۆشەکان ئەدات گێژبوون لە سەریانا پەیا ئەکاتو لێلاییش لە سەر چاویان .. زۆر نهێنی تریشم دەرخستووە لەگەڵ ئەوەشا بڕوانامەی قوتابخانەیەکی ئامادەیی یان دانیشگایەکم نییە .

دراوسێی نازدارم ! وەرە بۆ ماڵی ئێمە بەلکو پێکەوە شتێکی تازە بدۆزینەوەو کەمێك لە وێژەش بدوێین ، منیش چەند وانەیەکت فێر ئەکەم دەربارەی زانستی ماتماتیك .

پێش چەند ڕۆژێك نووسینێکی یەکێ لە زانا فەرەنسی یەکانم خوێندەوە ئەڵی : « شێوەی شێر بە هیچ جۆرێك لە مرۆڤ ناچێت » ئەم تیورەش هەندێ جێی سڵەمینەوەیە .. واز لەم باسە ئەهێنم تا بەم زووانە بە یەك ئەگەین .

لە ڕاستیدا ئێمە بە ڕۆژوین گۆشت خواردنمان لە خۆمان قەدەغە کردووە بەلام هەرچۆنێ بێ خواردنێکی چاك بۆ جەنابتان ئامادە ئەکەین .

ـ نتاشینکا ـ ی کچم داوات لێ ئەکات چەند پەڕاوێکی بە نرخی بۆ بهێنیت ، تا بڵێی کچێکی سەربەستە ، وا ئەزانێ تەنها خۆی خاوەنی بیرو هۆشەو دەرك بە شت ئەکات ، هەر چیش ئەو ئەیبینێ هیچ نییە لە نەفامو گەمژە بەولاوە .

پاش هەفتەیەك ـ ئیفان ـ ی برام دێت بۆ لام ، پیاوێکی دڵنەرمو خۆش ڕووە ، بەلام ئەو خاوەن مولکەو سەری بۆ زانست نا لەقێ .

ئەم نامەیەم ـ تروفیم ـ ی خزمەت کارم بۆت ئەهێنێ لە تەواوی کات ژمێری هەشتی ئێوارەدا ، ئەگەر هاتو دواکەوت بزانە سەرخۆشی شەڵی کردووە . بۆت هەیە زللەیەکی چاکی لێدەیت وەك مامۆستایەکی بەرێز .

من یەکەم کەس نیم کە نەریتی میوانداری و هاتنە لایەك دابمەزرێنم و دوا کەسیش نیم لەبەر ئەوە بە گەرمی داوات لێ ئەکەم ئامادە بیت لە ماڵی ئێمەو کتێب و پێویستی یەکانیشت لەگەڵ خۆتا بهێنیت حەزم ئەکرد خۆم بێمە لات بەلام زۆر شەرمنمو جورئەتی ئەدەبیم نییە .

ئەترسم من ـ منی قسەزل ـ زویرم کردبیت بەم نامەیە !.. داوای لێبوردنت لێ ئەکەم . دوا جار ڕێزی زۆری چاوەشی قۆزاقی کارکەناری نەژاد زادە بۆ جەنابتان .

دراوسێت
واسیل سلیمی پۆلاتۆف

پاشماوەی : نیکسۆن و نەخشە نوێیەکەی ..

بهێنێ کە خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات .

گسینگەر گەیشتە سایگون

لەلایەکی تریشەوە (ئا.ر.ف) بلاوی کردەوە کە کسینگەر ڕۆژی ١٦ـ٨ لە زیوریخەوە چوە بۆ سایگون ، بەلام باسی مەبەستی سەردانەکەی نەکراوە وە ڕوناڵد زیگلەر یەناوی کوشکی سپی ئەمەریکاوە وتویە: کیسینگەر لەسەر قسەی نیکسون چوە بو سایگون و سەر لەشوینێکی تر ئەدا بەلام ناوی ئەو شوێنەی نەدرکاندوە، ئاژانسەکانی دەنگوباسیش لەوباوەڕەدان کە ئەو شوێنە دوورنیە هانۆی بێت . وە لە هانوی بلاوکرایەوە کە وەفدی ئێتنامی دیموکرات لەگفتوگو چوارقۆلیەکەی پاریس ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردو گەڕاوەتەوە هانوی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا .

پاشماوەی : گەشتێك لە دەربەندی ...

بەشێکی فروانی خواروی دۆڵی (تانجەڕۆ) دروست ئەکات ، هەروەها بۆم دەرئەکەوێ کە نزمایی شارەزور (١٥٠)مەتر قولترە لەو زەوی یانەی دەورو بەری(١) ، لە پێشا دەریاچە بوە ئاوەکەی لەڕێگەی گەروی (دەربەندیخان)ەوە ئەڕۆیشت کە ئەویش لە ئەنجامی لیك پچڕانی شاخەکانی ئەوناوە دروستبووە . ڕوباری (سیروان) بەم گەروەدا ئەڕوات بنکی ئەم دەریاچەیە بە درێژایی ڕۆژگار بەو نیشتوانە پڕ بۆتەوە کە ئاو لە شاخەکانی دەورو بەریەوە ڕاپێچی کردون، وە ئەو بەرزایی یەلێژی یەکی لە پاڵدا بوە بەرەو گەروکە بۆتە هۆی ئەو خورانەی کە لە بەردەکانی (دەربەندی خان)دا ڕوی داو بوە هۆی وشك بونی دەریاچەکەو کەم بونی ئاوتیدا ، وە بەم جۆزە دەشتی شارەزوری ئیستا دەرکەوت .

کاریکی ڕۆژگاری سەیرو سەمەرەیە ئەگەر ئێمە ئیستا هەوڵ بدەین و بەدەست بلاویەوە پارە خەرج بکەین لە پێناوی بەرزکردنەوەی بنکی گەروی (دەربەندی) خاندا بۆ گەرانەوەی دەریاچەی (شارەزور) کە پێش دەیان هەزار ساڵ وشکی کردوە .

هەروها ئەشێ دوڵی (بازیان)یش دەریاچە بوبێ لە سەرەنجامی ڕۆچونێکی جێگەیی دا دروست بوبێت ، وە ئاوەکەی لە (دەربەندی بازیان)ەوە دەرچوبێ . بەلام بەدرێژایی ڕۆژگار شاخەکە تەقیوەو (دەربەندە سوتاو) کراوەتەوە بە هۆی تەوژمی ئاوی دەریاچەکە لەبەر ئەوەی ئەم دەربەندە تازەیەی دیواری دەریاچەکە نزم تر بوە لە دەربەندی بازیان لە بەرئەوە ئاوی دەریاچەکە بەرەو (دەربەندی باسەڕە) ڕژاوەو دەریاچەکە وشکی کردوە .

(گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە بۆ ملەی تاسلوجە)

١ ـ بەشی یەکەم : پێشەکی

٢ بەشی دووەم : گەرابێکی مێژویی .

٣ ـ بەشی سێهەم : گەشتەکە .

(١) بەرزی بنی (نزمایی شارەزور) لە ڕوی دەریاوە ٤٥٠ مەترە ، وەلاکانی (جانب) فراوان ئەبێت .

بەرمایێ : لێ نقستنا گران ..

ژ گوندێ خو دێ چیت بو گوندەکێ دی و دێ شولا خو کەتە (ڕەقاس) گوند بەر گوند دێ هەر چیت ، وێ دڤیا بخو (شوی) کەت و سەرێ وێ بکەڤینە سەر بالیفکەکێ ، لکوندەکێ کوڕەکێ ئێکێ دەولەمەند دبینیت حەز لێد کەت و ئیا بخو بینیت ژ دل ، بەلێ بابێ کوڕکی ناهێلیت و ڕێ نادەتە کوڕێ خو ، چنکو لڕوژ ئافای گزیرتێد جاوا چێنەد بو کو مروڤەکێ حال خوش و یێ دەولەمەند ژنەکا (ڕەقاسکەر) ئینابا ، لوێرێ پێ شەرم بو کو ئێکێ ژ فامیلیەکا دیار کچەکا کەس نەزانیت یا ژ کی یە لخو مەهر بکەت ، لگزیرتێ (بالی) جهێ سەنەم پەرێسایە ، ژ مروڤێت وێرێ دیاریا بو وان سەنەما دبەن ڕوژێت جەژن ، و سەر سال ..

وەرگێرانا : شالوکی

بەرمایێ : شۆڕشا شێخ عبیداللەی نەهری ...

(اقبال الدولة) حاکمێ ئورمیێ کوردا هەمیا لڤێرێ بریارا دای بو ڤێرێ کر تێدا دیار کر : (کو تو دزانی (٥٠٠,٠٠٠) فامیلی لکوردستانێ دژین ، بەلێ ئەز باوەرناکەم کو بەدبەختیا وان ٥٠٠,٠٠٠ هزارا بدەتە سەرێ هەمی کوردا کو بژین دڤێ حالێ هو یێ ئەخوش دبن دەستێد کاربەدەستێد تورك ، و ژ وێ زوردارییا ئەو لێدکەن ، ڤێجار کو پیکڤە و دگەلێك بژین ، و خو بگەهینە ئێکو دو و ئەو بخو حوکمی لخو بکەن ، ئەڤ جڤات و کومبونە نا هێنە هەرشاند و ڤەڕەڤاندن بتاقەتێ ئەڤ کاغەزە شێخی هنارت بو وی کاربەدەستێ تورك ، ئەوێ بویە حاکم لئورمیێ ، بەلێ چ جاب ژێ ڤەنە زڤرینە ڤە .

پاشماوەی : بزوتنەوەی تۆبامارۆس .

شۆڕشە تۆبامارۆس بو .

ستراتیژی گیڤارا لە ٢ ڕووەوە لەسەر ئەو نباغەیە بو (دروست کردنی زیاتر لە ڤێتنامێك لەکشوەری ئەمەریکادا هەتا ئیمپریالیەکان نەتوانن بەهەمو لایەکا هەڵسوڕێن) . سەرەڕای شەهیدبونی گیڤارا بزوتنەوەی تۆبامارۆس بەشێوەیەك بناغەی خۆی داکوتا بویە هیچ شیوەیەك دوژمنانی نەیتوانی بن بڕی بکەن .

لە ئۆڤاری ـ الکاتب ـ ی میسریەوە

پاشماوەی : ڕوانگەو ... کوێرە ڕەخنە ..

بیەوێ تێم بگات ، خۆی ماندونەکات ، ئاگاداری شۆڕشی کۆمەلایەتیو فەلسەفی سەدەکەی خۆی نەبێت .. من بەش بەحاڵی خۆم بۆ خوێنەری وا نانوسم ، شاعیری ئەمڕۆ تەنیا شیعر بۆ ئەوە نانوسێت بۆ ئەوەی کەسانی تر بیخوێنێتەوەو بەس بەلکو بۆ ئەوەشە ئاگاداری شۆڕشی سەردەمی خۆی بێ ، تەعبیر لە واقیعی ڕاپەڕین بکات ، شایەتی ئەم سەدەیە بێت ، شاعیرێ وابێ ، داوای لێ ناکرێ بۆ ئەوەی بوەستیو خوێنەر بیگرێتەوە ، بەلکو پێویستە لەسەر خوێنەر خۆی شوێن شایەتەکانی سەدەی خۆی بکەوی » گۆڤاری الاقلام ژمارە ١١ـ١٩٧٢ .

بەلێ ئێمەش ، لەو بارەیەوەتەواو لەگەڵ بەیاتیدا یەك ئەگرینەوە ، وەهەر ئەو باری سەرنجانەشە ، گەیاندوێنێ ئەو ئەنجامەی بڵێین : مەسەلە لای ئێمە واناکەوێتەوە ـ بۆ کێ ئەنوسین ؟ ـ بەلکو (دەربارەی چی ئەنوسین ؟ ـ لەچی ئەدوێین و چی نیشان ئەدەین و لەبەرژەوەندی کێ دایە .. بەرهەمەکانمان تەرخان ئەکەین ؟ ئێمە .. دەربارەی پێش مەرگەو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو ڕەشوڕووتو چەوساوەکان ئەنوسین ؟ دەربارەی (حەقیقەـ تێك) ئەنوسین کە قابیلی کەرت کردن نەبێت لەهیچ شوینێكدا ! دیبلوماسیەت ناکەین بەدیۆ جامایەك بۆزاوکردنی حەقیقەت . بەلێ مەسەلە لای ئێمە وائەکەوێنەو . (دەربارەی چی ئەنوسین) ؟ . بەلام ئێمە خەتامان نییە ، ئەگەر زۆلم و زۆری نەتەوایەتی و چینایەتی و کۆمەلایەتی ، کاریکی وای کردبێ جەماوەری میللەتێ ، ڕەش ڕووتی . لە خویندەواری بێبەری کردبێو لەتاریکی نەزانینا دیلی کردبێو ، تیمان نەگەن .. لینین ئەڵێت « بۆ ئەوەی بتوانین هونەرمەند لەمیللەتو میللەتیش لەهو بەرمەند نزیك بکەینەوە ، پێویستە لەسەرمان ، بەر لەهەموو شتێ ، دەستبکەین بەبەرزکردنەوەی ڕادەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی » الثقافەوالثورة الثقافیة ـ ل ـ ٢٢٩ .

● پاپلۆ نیرۆدای شاعیری پێشکەوتنخوازو ، خاوەنی خەلاتی نۆبلی ١٩٧٢ « کە نازانم ئەمیش هەر بەلای کاك (فاضل)ەوە لە بورجوازی بچووکەو لە وڕینەکەرەکانە یان نا ؟ » .. لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا ، کە بۆ کریکاران سازئەکرێ ، شیعرێکی خۆی ئەخوێندێتەوە ، دوای تەواو کردنی شیعرەکەی ، ئەوەهاوڕیەی لەتەنشتیەوە وەستاوە ، ئەچرپێنێ بەگوێدا ڕێی ئەڵێت « بڕوات وایە ئەم کریکارانە .. تێت گەیشتن تۆ ئەڵێی چی ؟ » .. نیرۆدا لەوەرامدا ئەڵێت « نەء .. تێم نەگەیشتن .. بەلام زۆر چاك ئەزانن کە لەبەرژەوەندی ئەوان ئەدوێم و لەسەر ئەوان ئەکەمەوە » .. گۆڤاری ـ الاقلام ـ ژمارە ١١ـ١٩٧٢ .

دیسان هەر ئەم ڕوداوە ، ئەو چاوپێکەوتنەوەی ـ لینینـ مان دێنیەوە بیر کە لەسالی ١٩٢١دا ، وەلەسەردانیکیا بۆ یەکێك لە کومونەکانی دەرەوەی مۆسکودا ، لەگەڵ چەند هونەرمەندێکا ، ئەکەوێتە قسەکردن ، لێیان ئەپرسێت « چی ئەخوێندنەوە .. پوشکین ئەخوێندنەوە ؟ » .. یەکێکیان هەڵبڕداتێو ئەڵێت (نەء .. ئەو بورجوازی بوو ئێمە .. مایکوفسکی ئەخوینینەوە » .. لینین پێ ئەکەنیو ئەڵێت «بەلام لای من .. پوشکین شاعیرترە» .. في الثقافة والثورة الثقافیة ـ ل ـ ٢٢٠ .

بەلێ ئەگەرچی ـ پوشکین بورجوازی بوو ـ بەلام بەلای لینینەوە ئەو شاعیرترە لە (مایکوفسکی) ! مامۆستایینە .. ئەمە ئەدەبەو شانەی حیزبایەتیو ڕاپۆرتی سیاسی نییە ، بەهرەیەو تاقی کردنەوەو ڕۆشنبیری ، ئایدولۆژیەت ، هیچ ئایدولۆژیەتێك .. شاعیرو چیرۆك نوس دروست ناکاتو نایان خولقینی ، وەك چۆن کادرێکی سیاسی پێ ئەگەیەنێت نەء .. ناتوانیت .. بەهەرەدروست بکات ..

● بەلای نووسەروە ئەوانەی وەك نووسەرەوە ، لە ئەدەبی ئەم سەردەمە ئەگەن زۆرجار وشەی (خەوو) (وڕینە) بەکارئەهێنین ، بەبێ ئەوەی لەوەگەیشتبن ، کە (خەو)ە وەرەی بنینی سەروو ئاسایی ، ئەبینیی لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا ، وەتەنانەت (خەو) بینین .. بەشێکە کە لە واقیعە هونەریەکە خۆی جیاناکرێتەوە ، ئێمەهەموومان ، نوستوینو خەویش ئەبینینو لەهەمان کاتیشدا . لەزەمینی ئەم واقیعە جیانابینەوە بگرە .. هەموو یەکێکمان ، لەوخەوانەدا کە ئەیانبینن، هەست بە ، جوڵانەوەیەکی ئاسایی ئەکەین . لە خەوەکانمانا ، (خەوەکەدا) زۆر ئاسایی یە لەلامان ، هەر لەبینی یەك خەودا بیەوێ تێم بگات ، خۆی ماندونەکات ، ئاگاداری شۆڕشی کۆمەلایەتیو فەلسەفی سەدەکەی خۆی نەبێت .. من بەش بەحاڵی خۆم بۆ خوێنەری وا نانوسم ، شاعیری ئەمڕۆ تەنیا شیعر بۆ ئەوە نانوسێت بۆ ئەوەی کەسانی تر بیخوێنێتەوەو بەس بەلکو بۆ ئەوەشە ئاگاداری شۆڕشی سەردەمی خۆی بێ ، تەعبیر لە واقیعی ڕاپەڕین بکات ، شایەتی ئەم سەدەیە بێت ، شاعیرێ وابێ ، داوای لێ ناکرێ بۆ ئەوەی بوەستیو خوێنەر بیگرێتەوە ، بەلکو پێویستە لەسەر خوێنەر خۆی شوێن شایەتەکانی سەدەی خۆی بکەوی » گۆڤاری الاقلام ژمارە ١١ـ١٩٧٢ .

بەلێ ئێمەش ، لەو بارەیەوەتەواو لەگەڵ بەیاتیدا یەك ئەگرینەوە ، وەهەر ئەو باری سەرنجانەشە ، گەیاندوێنێ ئەو ئەنجامەی بڵێین : مەسەلە لای ئێمە واناکەوێتەوە ـ بۆ کێ ئەنوسین ؟ ـ بەلکو (دەربارەی چی ئەنوسین ؟ ـ لەچی ئەدوێین و چی نیشان ئەدەین و لەبەرژەوەندی کێ دایە .. بەرهەمەکانمان تەرخان ئەکەین ؟ ئێمە .. دەربارەی پێش مەرگەو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو ڕەشوڕووتو چەوساوەکان ئەنوسین ؟ دەربارەی (حەقیقەـ تێك) ئەنوسین کە قابیلی کەرت کردن نەبێت لەهیچ شوینێكدا ! دیبلوماسیەت ناکەین بەدیۆ جامایەك بۆزاوکردنی حەقیقەت . بەلێ مەسەلە لای ئێمە واناکەوێتەوە . (دەربارەی چی ئەنوسین) ؟ . بەلام ئێمە خەتامان نییە ، ئەگەر زۆلم و زۆری نەتەوایەتی و چینایەتی و کۆمەلایەتی ، کاریکی وای کردبێ جەماوەری میللەتێ ، ڕەش ڕووتی . لە خویندەواری بێبەری کردبێو لەتاریکی نەزانینا دیلی کردبێو ، تیمان نەگەن .. لینین ئەڵێت « بۆ ئەوەی بتوانین هونەرمەند لەمیللەتو میللەتیش لەهو بەرمەند نزیك بکەینەوە ، پێویستە لەسەرمان ، بەر لەهەموو شتێ ، دەستبکەین بەبەرزکردنەوەی ڕادەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی » الثقافەوالثورة الثقافیة ـ ل ـ ٢٢٩ .

● پاپلۆ نیرۆدای شاعیری پێشکەوتنخوازو ، خاوەنی خەلاتی نۆبلی ١٩٧٢ « کە نازانم ئەمیش هەر بەلای کاك (فاضل)ەوە لە بورجوازی بچووکەو لە وڕینەکەرەکانە یان نا ؟ » .. لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا ، کە بۆ کریکاران سازئەکرێ ، شیعرێکی خۆی ئەخوێندێتەوە ، دوای تەواو کردنی شیعرەکەی ، ئەوەهاوڕیەی لەتەنشتیەوە وەستاوە ، ئەچرپێنێ بەگوێدا ڕێی ئەڵێت « بڕوات وایە ئەم کریکارانە .. تێت گەیشتن تۆ ئەڵێی چی ؟ » .. نیرۆدا لەوەرامدا ئەڵێت « نەء .. تێم نەگەیشتن .. بەلام زۆر چاك ئەزانن کە لەبەرژەوەندی ئەوان ئەدوێم و لەسەر ئەوان ئەکەمەوە » .. گۆڤاری ـ الاقلام ـ ژمارە ١١ـ١٩٧٢ .

دیسان هەر ئەم ڕوداوە ، ئەو چاوپێکەوتنەوەی ـ لینینـ مان دێنیەوە بیر کە لەسالی ١٩٢١دا ، وەلەسەردانیکیا بۆ یەکێك لە کومونەکانی دەرەوەی مۆسکودا ، لەگەڵ چەند هونەرمەندێکا ، ئەکەوێتە قسەکردن ، لێیان ئەپرسێت « چی ئەخوێندنەوە .. پوشکین ئەخوێندنەوە ؟ » .. یەکێکیان هەڵبڕداتێو ئەڵێت (نەء .. ئەو بورجوازی بوو ئێمە .. مایکوفسکی ئەخوینینەوە » .. لینین پێ ئەکەنیو ئەڵێت «بەلام لای من .. پوشکین شاعیرترە» .. في الثقافة والثورة الثقافیة ـ ل ـ ٢٢٠ .

بەلێ ئەگەرچی ـ پوشکین بورجوازی بوو ـ بەلام بەلای لینینەوە ئەو شاعیرترە لە (مایکوفسکی) ! مامۆستایینە .. ئەمە ئەدەبەو شانەی حیزبایەتیو ڕاپۆرتی سیاسی نییە ، بەهرەیەو تاقی کردنەوەو ڕۆشنبیری ، ئایدولۆژیەت ، هیچ ئایدولۆژیەتێك .. شاعیرو چیرۆك نوس دروست ناکاتو نایان خولقینی ، وەك چۆن کادرێکی سیاسی پێ ئەگەیەنێت نەء .. ناتوانیت .. بەهەرەدروست بکات ..

● بەلای نووسەروە ئەوانەی وەك نووسەرەوە ، لە ئەدەبی ئەم سەردەمە ئەگەن زۆرجار وشەی (خەوو) (وڕینە) بەکارئەهێنین ، بەبێ ئەوەی لەوەگەیشتبن ، کە (خەو)ە وەرەی بنینی سەروو ئاسایی ، ئەبینیی لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا ، وەتەنانەت (خەو) بینین .. بەشێکە کە لە واقیعە هونەریەکە خۆی جیاناکرێتەوە ، ئێمەهەموومان ، نوستوینو خەویش ئەبینینو لەهەمان کاتیشدا . لەزەمینی ئەم واقیعە جیانابینەوە بگرە .. هەموو یەکێکمان ، لەوخەوانەدا کە ئەیانبینن، هەست بە ، جوڵانەوەیەکی ئاسایی ئەکەین . لە خەوەکانمانا ، (خەوەکەدا) زۆر ئاسایی یە لەلامان ، هەر لەبینی یەك خەودا

پاشماوەی : ڕوانگەو ... کوێرە ڕەخنە ..

سنوری کاتو شەتین ئەپچرینینو لەساتێکا (لێرەین) و هەر لەهەمان ساتا لە ناو « مانگیش»داین ، وەهەر لەهەمان ساتیشدا بەلەش واین لە واقیعی دوای هەڵسانمانا . تەنانەت ئەمە بونیشا لەناوەندی ئەو « تصوراتانەدا » کە مرۆڤ زۆرجار ، لەکاتی بەخەبەرخۆی دروستی ئەکات ، ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی مێژویی لەوەوبەرو ، یان بەپێچەوانەوە .. ئەچێتە ناودوورترین ئەستێرەی ئەم گەردونەوە ، ئەمە هەموی لەکاتیکدا .. کە ئێمە پیمان لەم زەمینی واقیعەش نەبۆتەوە .. جیاکردنەوەی (خەو) لە بەرهەمی ئەدەبیو بەتایبەتی شیعر .. وەك جیاکردنەوەی گیان وایە لە (لەش) . جاریوا هەیە ، بیرمان لەکاتو شوینێکی زۆر دووتردا ، ئەجوولێو کەچی لە هەمان کات .. لەگەڵ یەکێکیتردا .. کەلامانەوەیە .. ئەدوێینو .. قسەش ئەکەین .. (خەو) لەشیعری تازەدا ، بەرزبونەوەیە بۆ ئاستی نموونەییو دۆزینەوەی دنیایەکی تر ، « شیعر » لە « وڕینەش » خاڵی نییە ، چونکە ئادەمیزاد خۆی لێی خاڵی نییە، کولن ولسن ئەڵێت « خەیاڵ بەمانا ئاسایی یەکەی ئەو وزەیە ئەگەینێت لە خولقاندنی وێنەی شتێکا ، کەئیستا وجودی نییە ئا لەمەدا زانایەکیشو هونەرمەندیکیش یەك ئەگرنەوە چونکە هەردووکیان لەپێناوی (کەمالی) ئادەمیزاد او ، لە پیناوێکا هەوڵ ئەدەن بۆ خولقاندنو داهێنان .. کە ئیستا وجودیان نییە » المعقول واللامعقول في الادب الحدیث ـ ل ـ ١٩٦٥ ، هەروەها باوکی ریالزمی سوشیالستی (مەکسیم گۆرکی) ئەڵێت « ئەدیب پێویستە ، کەلەڕێگەی گۆرڕانو چونەپیشەوەی شۆڕشگێرانەوە ، تەماشای مرۆڤو کۆمەڵ بکاتو (واقیع) بەرزبکاتەوە .. بۆ ئاستی .. (میسال) » ، بەلێ (میسال) .. کاکی نووسەر !

نەك .. هەر ئەمەندەش ، بەلکو ئەتوانین بڵێین ، کە داستانو خەوەکانی ئادەمیزادە، هی میللەتانە ، بۆنەتە هەوێنی پاشەڕۆژو ، ئەبن ، چونکە هەر لەڕێگەی ئەو خەوی داستانانەوە ، ئادەمیزاد بیری لە پاشەڕۆژێکی باشتر کردۆتەوە فێری ورەبەرنەدانی کردوەو (طموحێکی) گەورەی داوەتێ بۆ بەدی هێنانی ئەو دواڕۆژەی ، کردەوەکانی بگەیەنە ئاستی بەدی هێنانی وڕینەو خەوەکانی خۆی . هەر لەم ڕوەوە براین ڕۆژیە گارۆدی چی ئەڵێت . « مارکس بەئاشکرا دەست نیشانی ئەوە ئەکات ، کە داستانو ئوسطورەو خەوەکانی ئادەمیزاد ، ئەلقەی پەیوەندین لەنیوانی ژێرخانو سەرخانی سەرەوەدا ، بەمەش دەوری وجودی مرۆڤایەتی لەیەکالا کردنەوەی واقیعەتی هونەردا ، ئەسلەمێنێت ، چونکە ئەو واقیعەی کە ئادەمیزادی تیدایەبەتەنیا لەبوونی خۆیدا نابڕێتەوە بەلکو لە هەموو ئەوشتانەشدا کە پاشەڕۆژ کۆیان ئەکاتەوە ، خەوی ئادەمیزادە داستانی میللەتان هەوینی ویژدانی پاشەڕۆژن » واقعیە بلا ضفاف .. ڕۆژیە گارۆدی .. ل ٢٢٨ .

● هەر لەبارەی ئەم خەووڕینەو مەتەڵو .. دا بڕینی دوورکەوتنەوەیە .. لە جەماهیرەوەك نووسەر ئەڵێت .. بە پێویستی ئەزانم چەند پرسیارێکی لێ بکەم ، وەك ڕۆشن بیرێك « بێ گومان بورجوازی بچووك نا ! » کە بزووتنەوەی نیشتمانی لەم قۆناغەی ئیستای عیراقدا باسی کردووە .. کە بێ گومان ئەم بزوتنەوەیەش لەبزوتنەوەی ئەدەبی جیاناکرێتەوە ، وە ـ یارەبەلای نوسەریشەوە .. ئەو، باری سەرنجانەی دەربارەی ڕوانگەیی یەکان ، دەری بڕیوە .. بەتایبەتی لە مەسەلەی (وڕینەرمەتەل)دا لە (لێ گەیشتنو تێ نەگەیشتن)دا .. ئەبێ هەرهەمان سەرنجیش بەرامبەر .. ئەدەبی عەرەبیو .. ڕەشـ وڕووتو چەوساوەکانی ئەوانیش .. ئەڵێم .. بەپێویستی ئەزانم کاك (فاضل) ئەوەمان

هەرجارەی باسێك

پێنج سەرنج دەربارەی چیرۆکی کوژن

◆ چیرۆك نووسی ئەمڕۆ بۆ ئەوەی خۆی لە وشك بوونەوەی سەلیقەو بەهرە بپارێزێ ٠ هەرگیز نابێ تەریك و دووره پەرێزبێ ٠٠ دەبێ بچێتە دوو تووێی ئازارەکانی مرۆڤی شارو لادێوە ٠٠ بەسنگی ئەوان هەناسەبدا ٠٠ لە خوێنیان دابڕێ ٠ دەنا کەوا نەبێ دەبێ لەپشت پەردەیەکی ئەستوورەو بیان بینێ ٠٠ بەناچاری درۆیان بەدەمەوە بکا ٠٠ وە لە ئەنجامیشا بەرهەمێکی کاڵو کرچ بداتە دەست !

◆ باماوەی ئەوە بدرێ پاڵەوانانی کورتە چیرۆك ڕووکەنە سێبەرو هەتاوو ، ئەو دیوو ئەو دیوی کۆمەڵ ٠٠ نهێنییەکان دەربێنن ٠٠ ڕواڵەتە تەم گرتووەکان هەڵدەنەوە ٠٠ هەتا نوسینەکە لە قالبی حەقیقەتی بەرزی ئینسانی هونەرییدا بتوێنەوە ٠ بانگ بۆ گیروگرفتەکانی مرۆڤی سەردەم دووبارە کاتەوە چیرۆك نووسی ڕاسپێری داریکە هەڵەکانمان بۆ ڕاست دەکاتەوە ٠٠ دەست لەسەر لەپێ زامەکانمان ڕۆ دەنێ بۆ تیمار کردن ٠

◆ چیرۆکی ئەم سەردەمە با خۆی لە گێرانەوەی وشکی بێ بڕانەوە قوتارکا ٠ با دەرمانی خەو لێخستن نەبێ ٠ بە پێچەوانەوە ٠٠ با خەو بزڕێنێ ٠٠ سەرەنا کەی ئاکامەکەی نەبینێ ٠٠ با هەر دیرێکی شتێ بڵێ ٠٠ گشت ڕستەیەکی زللەیەکی قایم بێ بمان هێنێتەوە هۆشن با هەڵوێستە گرژەکان دەسکەوە کاو لەدێراوی دێری ئازادا بیان ژێنێ ٠٠

◆ تەداعی کە لە جێی خۆیدا بەکاربێت وەك و پێویست ٠٠ ئەوا وەك خشڵی ڕەنگاو ڕەنگ و بەنرخ بەرۆکو ڕووتی چیرۆك لەساکاری دەربازدەکات ٠٠ نرخو فەرو هێزو پێزێکی تازەی پێ دەبەخشێ ٠٠ وە دەبێتە هەورازو نشێوی ڕێبازی چیرۆك هەتا کۆتایی ، ڕەونێکی جوانی پێ دەبەخشێ و گەرمی و کەف و کولیش لەدڵی خوێنەرا بەرپادەکا ٠

◆ با لەپێش هەموو شتێکا خۆمان لە بیر نەچێتەوە ٠٠ کۆمەڵە ئادەمیزادێکی دواکەوتو لەگشت ماف و چارەنوسێك بێبەری ٠٠ هەژاری و نەخوێندەواری ئێستاش دەستە برای بەوەفای! گەلەکەمانن ٠٠ با نووسینەکان لەگەڵ هەنگاوی پێش کەوتی گەلەکەمانەوە بچن ٠٠ لەپێشەو بڕۆن و ڕێ نیشاندەربن ٠٠ بەڵام لەتەمەنێکا بن مەتەڵمان پێ هەڵبێ ٠٠ واش نەبێ کولکە خوێندەوار سەری بۆ بلەقێنێ با چیرۆکەکانمان خوێندەوار لەسەر بیرکردنەوە ڕابێنن ٠٠ مێشکیان بگوشن ٠ جیهانێکی تازەیان بخەنە بەردەم ٠

جەزا عەلی ئەمین - قەلادزێ

زەردەخەنە :

حاکم : کێت لەگەڵا بوو کە دزیت کرد ؟

دز : بۆ ناشکورى نەبێ کەس ماوە پیاو پشتی پێ ببەستێ ؟

جین فوندا لەپەردەی سینەماوە بۆمەیدانی تێکۆشان

جین فوندا بەدەستسەربازی ترساوو حەپەساوی ئەمەریکاوەدوای ئەوە بەیاننامەی دژی شەڕی ناڕەوای ئەمەریکا لەهیندی چین بڵاو کردوتەوە ٠

ئەو گۆڕانە گەورەیەی بەسەر ژیانی ئەستێرەی سینەمایی ناسراو جین فۆندا هاتو لە ئافرەتێکی جوانی سەر پەردەی سینەماوە گۆڕا بە تێکوشەرێکی نەترس دژی رژێمی ئیمپریالیستی ئەمەریکاو دژی جیاوازی رەگەزایەتی و پشت گیری کردنی خەباتی گەلی ڤێتنام و پروپاگەندەکردن دژی شەڕی ناڕەوای رژێمی ئەمەریکا لە ڤێتنام ، ئەم گۆڕانە بۆتە جێگای تێکولینەوەی فراوانی هەمو رۆژنامەو گۆڤارو ئیستگەکانی جیهان ، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی فوندا لەکۆماری ڤێتنامی دیموکراتو ئەو پێشوازییە گەرمەی لێی کرا لەوکاتەیشەوە رژێمی ئەمەریکا بریاری داوە هەرکاتێ فوندا بگەڕێتەوە بۆ وڵات بیگرێتو بەگوناهی - تاوانی گەورە - بیدات بە محاکەمە ٠

ئەم کچە هونەرمەندە ئەمەریکاییە بەهەستیکی بەرزەوەو بروایەکی قایمەوە ئەچێت بەگژ تاوانەکانی زیمی سەرمایەداری ئەمەریکادا ئەوەبو پار لەوتاریکدا کە لە خۆنیشاندانێکی پیست رەشەکاندا خوێندیەوەتی :

«ئەگەر هەر هیچتان لەدەست نایەت ، بەتف روی رژێمی سەرمایەداری ئەمەریکا سواغ بدەنو بیکەن بە پەنگ» ٠

فوندا لەسەر دانەکەی ڤێتنامی دیموکراتا ، بە زۆر شوێنی ڤێتنامدا گەراو لەگەڵ جەنگاوەرەکانا کۆبوەو فلیمێکی تایبەتی بۆ فرۆکەوانەگیراوەکانی ئەمەریکا گرتوەکە تیایا ناڕەزای خۆیان دەربریوە بەرامبەر بەردەوامی شەڕی ناڕەوای ئەمەریکا لەڤێتنامدا ، کە گەرایەوە پروپاگەندەی دژی رژێمی ئەمەریکای فراوانتر کرد لەپاریس کونگرەیەکی رۆژنامەنوسی بەستوە ، تیایا ئەو فلیمانەی پیشاندا کە لەڤێتنامی دیموکرات گرتونی ٠

جین فوندا لە فلیمیکی ئەم دواییانەیدا

جین فوندا ئەوە :

● ئەم هونەرمەندە کچی ئەکتەری سینەمایی ناسراو هنری فوندایەو لە ٢١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧دا لەدایك بوە ٠

● یەکەم فلیمی سینەمایی لەساڵی ١٩٦٠ دا بڵاو کرایەوە بە ناو نیشانی - چیروکێکی درێژ - ٠

● لەساڵی ١٩٦٩ بەسەردان چو بۆ هندستان ، ئەم سەرەدانەی سەرەتای گۆڕانی بو ، لە هیندستان بەناو هەژارەکانا گەڕا ٠ ئەوەی دی زۆر کاری تێ کرد ، کە گەڕایەوە وناریکی لە رۆژنامەیەکا بڵاو کردەوە تیا وتویە : کاتی ئەوە هاتوە روی ئەم جیهانە بگورین ٠

● ساڵی ١٩٧١ پاداشتی ئوسکاری وەك یەکەم ئەکتەری سینەمایی ئەو ساڵە پێدرا ٠

● هەر لە گەڕانەوەیەوە لە هیندستان ، تێکەڵاوی فولە رەشەکان و هیندیە سورەکان بو لەخۆیشاندانەکانیانا بەشداری ئەکرد ، لەساڵی ١٩٧٠دا لەو خۆپیشاندانە گەورەیەدا بەشداربو کە هەمو خۆپیشاندەرەکان رەکان رژانە سەربازگەی - فورت لوسی - لەواشنتۆن و پولیس ئابڵوقەی دان ، ئەمیش گیرا ، شەوێك لە بەندیخانە مایەوەو بەیانی بەرەڵاکرا ، دەربارەی ئەو گیرانە جین فۆندا وتویە :

« ئەو گرتنە یەك شەویە منی گەیاندە بەرەی شۆڕش دژی رژێمی ئەمەریکا » ٠

لێکۆڵینەوەی فولکلوری کوردستان :

هەفتەی رابوردو لیژنەیەکی تایبەتی مەڵبەندی فولکلاور چو بو کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی پیشەسازی میللی کورد لە گوندو لادێکانی پاریزگای کەرکوك و سلێمانی ٠

ئەم لیژنەیە ، هەفتەیەك بەوشوێنانەدا ئەگەڕێت و وێنەی پیشەسازیە دەست کردەکان ئەگرێت بۆ ئەوەی لەپیشانگای مەڵبەندی فولکلور پیشان بدرێن ٠

*

وێنەیەك لە دەرەوە :

منال ، لەخۆی منالتر ئەپاریزی ٠٠٠

+ بەپەنگ پێ ئیمپریالیزمی ئەمەریکا وەکو بەپەنگیش بووە ٠٠٠ خەباتی گەلان لەپیناوی سەربەخۆیی و ئازادیا لە هەمو چەکیکی تر بەتوانا ترە ٠٠٠

منالیکی ڤێتنامی خوشکە ساواکەی لەکاتی بوردومانا ئەپاریزێت

باوکی ئیشی چیە ؟!

مامۆستا : باوکت ئیشی چیە؟

قوتابی : لە پۆستە خانەیە

مامۆستا : بەڕێوەبەرە ؟

قوتابی : نەء

مامۆستا : فەرمانبەرە ؟

قوتابی : نەء

مامۆستا : فەڕاشە ؟

قوتابی : نەء

مامۆستا : ئەی چیە پۆستە گێرە ؟

قوتابی : نەء ٠٠

قوتابیەکی تر لەوڵاوە هەڵ ئەداتێ : مامۆستا سندوقی پۆستەیە !

*



کونگرەیەکی جیهانی لە پیناوی هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عیراق دا دەربارەی میللی کردنی نەوت

INTERNATIONAL CONFERENCE FOR SOLIDARITY WITH THE IRAQI PEOPLE IN OIL NATIONALISATION

ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی و ریکخراوی هاوکاری کردنی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و هاوکاری کردن لەکۆماری عیراق ریکی ئەخات

ORGANIZED BY WORLD PEACE COUNCIL, AFRO-ASIAN PEOPLES SOLIDARITY ORGANIZATION AND THE NATIONAL COUNCIL FOR PEACE AND SOLIDARITY IN THE IRAQI REPUBLIC

بەغدا ١٧ - ١٨ - ئاب (اغسطس) ١٩٧٢

دەوڵەتی دۆسکیەکان لە کوردستانی ناوەراست

ئەم کتێبە کە بەزمانی عەرەبی نوسراوەو هەفتەی رابوردوو کەوتوتە بازارەوە ، یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی وردە دەربارەی میژوی دەوڵەتێکی کوردی ، کە بەدرێژی باسی قۆناغەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی دوسکیەکان و فراوان بونی و گۆڕانەکانی باری سیاسی ئەکات ، بێجگە لە ڕون کردنەوەی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئەو دەوڵەتە ، نوسەری ئەم کتێبە مامۆستا عبدالرقیب یوسف بۆ باسەکەی پشتی یە گەلێ سەرچاوەی گرنگ و بیروڕای زۆر لە میژو نوسەکان بەستوە ، کتێبەکە ٣٨٤ لاپەڕەیەو بەیارمەتی کۆڕی زانیاری کورد لەچاپ دراوە ، نوسەر دانەیەکی بە دیاری بۆ رۆژنامەکەمان ناردوە زۆر سوپاسی ئەکەین و هیوادارین خوێنەرانی کورد کتێبخانەکانیان لەم کتێبە میژوییە نایابە بێبەش نەکەن ٠

●

کتێبەکەی مامۆستا تەها جەزراوی

لەم رۆژانەدا کتێبی (الدول النامیه ومشاکل التصنیع فیها) لە نوسینی ماموستا طه الجزراوی کەوتە بازارەوە ٠ کتێبە کە لەناوەروکێکی تێروتەسەلو بەرگێکی قسەشەنگدایە ٠ نوسەر دانەیەکی پێش کەش کردوین سوپاسی ئەکەین و هیوادارین کتێبەکەی رەواجی ببێت ٠

بچوکترین چیرۆك نوس

یەکێك لەچاپخانەکانی ئەڵمانیا کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناوی « چیرۆکە جوانەکان »ەوە بڵاوکردۆتەوەو ئەڵێت نوسەرەکەی « بچوکترین چیروك نوسە» « سیلگا » ٠٠ کچێکی (١٢) ساڵی یەو یەکەم چیرۆکی لە تەمەنی (٧) ساڵیدا نوسیوەو تا ئیستاش بەردەوامە لە نوسیندا ٠

مامۆستاو هاوڕێیانی سیلگا لەم هەواڵە سەریان سوڕما چونکە ئەم کچە زۆر رقی لە نوسینی « انشاء »ی قوتابخانە ئەبوەوە ٠

سیلگا ٠٠ هەر خۆشی چەند نیگارێکی بۆ چیرۆکەکانی کێشاوە ٠

بیرێکی راگوزاری ٠ عبدالله عباس ٠

-١-

● ئەگەرچی مرۆڤ لەهەندی سروشتیا لە ئاژەڵو پەلەوەر نزیکە ٠٠٠ بەڵام لەگەڵ سروشتی بنچینەیدا گەلێك لێیانەوە دورەو ٠٠٠٠٠ هەرهەوڵیش ئەدات زیاتر بگاتە پلەهەرە بەرزەکانی مرۆڤایەتی ٠

وە مرۆڤ تا بگاتە ئەم پلە بەرزانەوەو هەر بەرزیش بێتەوە ئەبێ بچێت بەگژ پەندی « رەزامەندی بەوەی لەبەردەستایە » ٠٠٠ چونکە رەزامەندی بەوەی لەبەردەستایە بەرداشی سەرەرێی پیشکەوتنی مرۆڤایەتیە ٠٠٠

● مرۆڤ ئەروات بەرەو پێشەوەو پەنا ئەباتە بەر هەمو وزەو توانایەکی خۆی ٠٠٠ ئەك هەر بەشانو بازو ٠٠٠ بەڵکو لە ناخیشیەوە بەبیرو هوشی ئەبزوێتو ئەجوڵێتو تا پێ بگاتو بزانی و زیاتر فیر بێتو لەدنیا شارەزابیت ٠٠

● مرۆڤ وەستان بەکوتایی ژیان ئەزانیت !

● ●

-٢-

● سەربەستی یەکەم پایەی تێگەیشتنو پێگەیشتنی مرۆڤایەتیە سەربەستی بەماناقوڵە راستەقینەکەی سەربەستی مرۆڤە لەو کۆتو پێوەندانەی ئەبنە هوی وەستاندنی لەزیاتر زانینو تێگەیشتنو پێگەیشتن ٠

● ریگای سەربەستیش لەفەرهەنگی مرۆڤی ئەم چەرخەدا ریگای (شۆڕش)ە ، شۆڕش لەدژی ئیمپریالیزمو دەزگاکانی، شۆڕش لەپێناوی بەختیاریدا ٠

● ئەمڕۆ شۆڕش بەرزترین دروشمی دەستی مرۆڤە لەپێناوی گەیشتن بە مەبەستی هەرەپیرۆز ٠٠٠ چونکە سەربەستی ئەمانگەیەنێتە بەرزترین پلەی بەرزی مرۆڤایەتی پیشکەوتوو ٠

*

نوخشەی تازەی هونەرمەند

- شەماڵ صائب -

*

هەفتەی رابوردو نوسەریکی هاوکاری چاوی ئەکەوێت بە هونەرمەند مامۆستا شەماڵ صائب وە لەو چاوپێکەوتنەدا دەربارەی چالاکی هونەرمەندانەی داهاتوی هەندێ پرسیاری لێ ئەکات ، لەوەڵامدا مامۆستا شەماڵ صائب ئەڵێت چاوم بە مامۆستا محمد سعید صحاف بەریوەبەری گشتی دەزگای ئیستگەو تەلەفیزیونو سینەما کەوتوە وە لەبارەی ئیستگەو تەلەفیزیونەوە گفتوگۆمان کردوەو مامۆستا صحاف دەری بریوە کە ئامادەیە هەمو یارمەتیەکی پیشکەوتنی بەشی کوردی ئیستگەی رادیوی بەغدا بدات هەروەها بۆ پیشکەوتنی دەربارەی تەلەفیزیونیش ٠ وە رێککەوتوین کە (١٥) گۆرانی لەهاوینە هەوارەکانی کوردستانا بەفلیمی سینەمایی تۆمار بکەم وە بۆ ئەم ئامانجە دەرهینەری ناسراو کاك مهدی صفار لەلایەن بەڕێوە بەرایەتی ئیستگەو تەلەفزیون ئەم ئەرکە ئەگرێتە ئەستۆی خۆی ٠

هەروەها مامۆستا شەماڵ صائب وتی کە چالاکیمان تەنیا لەم سنورەدا ناوەستێ بەڵکو لەگەڵ مامۆستا صحاف دا رێککەوتوین کە بەرنامەیەکی فراوان جێ بەجێ بکەین وەهیوادارم بەم کارە بتوانین یارمەتی پیشخستنی گۆرانی و هونەری کوردی بدەین ٠

نوشتەو ئەفسانە لە میسر ٠٠٠ !

رۆژنامەی - الاخبار الیومی قاهیرەی لەژمارەیەکی هەفتەی رابوردوا رێپورتاژێکی بڵاو کردبوەوە تیا ئاشکرای کردبو کە : هەر لەقاهیرەدا ٢٧٤ نوشتە گرەوەو ئەفسانەباز هەیە ، لەوەش سەیرتر وتویە : ٦٢٪ی دانیشتوانی شار لە میسر باوەڕیان بە نوشتەو ئەفسانە هەیەو لە لادێکانا ٩٦٪ی خەڵکی باوەڕیان بەم شتانە هەیە ٠

ئەڵێن :

● پیاوی چاك ئەخوا بۆ ئەوەی بژی ، پیاوی خراپ ئەخوا نەوەك بمرێ ٠

● ترسنۆك ئەو کەسەیە لەراستی لائەدا ٠

● بەهیز ئەو کەسەیە بەسەر ئارەزوودا سەر ئەکەوێ ٠

*

جوڵانەوەی رۆشنبیری لەهەفتەیەکا

کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقێك لە بەغدا ئەکاتەوە

پارێزگای بەغدا ، بەنوسراوی ژمارە ٣٢٩٦٨ رۆژی ١٠-٨-٧٢ لەسەر کردنەوەی لقی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لەبەغدا رازی بو ئەوەی شایەنی باسە ، ماوەیەك لەمەوبەر ، دەستەیەك ئەدیبو هونەرمەندی لاو لەبەغدا ، داوای کردنەوەی لقی کۆمەڵی ناوبراویان کردبو کۆمەڵ بەم زوانە دەست ئەکات بەئیشوکاری خۆی ، بارەگایەك ئەکاتەوەو دەرگای وەرگرتنی ئەندامانیش ئەخریتە سەر پشت ٠

فەرهەنگی رۆشبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری شاری سلەیمانی

پارێزگای سلەیمانی لیژنەیەکی پێك هێناوە بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگیکی روشنبیری فراوان کە بریتی ئەبێت لە میژوی سلەیمانی و رێگای هاتوچۆو جۆگرافیای سلەیمانی و دانیشگاکەی و باری ئابوری و توتن و بەرهەمی هێنانی و هاوینە هەوارەکان و کۆمەڵەی زانستی و رۆژنامەو چاپەمەنی و بزوتنەوەی شانۆگەری و بزوتنەوەی ئافرەتان و کریکاران و جوتیاران و ئەدەب و هونەری موسیقاو گۆرانی میللی و پیشەسازی دەست کرد ٠

ئەوەی شایەنی باسە ژمارەیەك نوسەرو میژوبووسی ناسراو دانراون تا بەشداری دانانی ئەم فەرهەنگە بکەن لەمانە : مامۆستایان : دوکتور کەمال فوئاد ، غفور رشید دارا ئاغا ، دوکتور صلاح حفید ، مستەفا صالح کەریم کامەران ، ئەندازیار محمد محی الدین ، فوئاد عزة مستەفا شاکر فەتاح ، محمد مستەفا کوردی ، حسیب قەرەداغی ، عمر علی امین ، دوکتور سعدی غریب ، دوکتور علی عسکری ، انور قەرەداغی ، علی شەونم ، روءف شیخ عارف ،

گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات (بەکوردی)

پاشکوی گۆڤاری - کلیة الاداب - بەکوردی دەرچوە کە بەرهەمی مامۆستایانی بەشی کوردی (لە کولێجی ئەدەبیات) تیایە ، باسەکان ئەمانەن :

- دوو کێشی عەروزی لە شیعری کوردی تازەدا - دکتۆر ئیحسان فوئاد ٠

- فەقێ تەیران ، ژیانو بەرهەمی - دوکتور عیزەدین مستەفا رەسول ٠

- شیعری سیاسی کوردی لەکوردستانی عیراقدا - دوکتور مارف خزنەدار ٠

مامۆستا دوکتور مارف خزنەدار دانەیەکی لەم گۆڤارە بەدیاری بۆ رۆژنامەی هاوکاری ناردوە ، سوپاسی ئەکەین ٠

دەنگی مامۆستا

ژمارەی یەکەمی ساڵی دووەمی گۆڤاری دەنگی مامۆستا ، کە نەقابەی مامۆستایانی کوردستان لقی سلەیمانی دەری ئەکات ، کەوتە بازارەوە گەلێ باسی پەروردەو زانستیو بەرهەمی ئەدەبی بەکەلکی تیایە ، ژمارەی ئەمجارەش بەدیاری گەیشتە رۆژنامەی هاوکاری سوپاسی هەڵسوڕینەرانی گۆڤاری دەنگی مامۆستا ئەکەین و هیوادارین سەرکەوتو بیت ٠

*

Institut kurde de Paris

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە
لە دار الجماهیر دەرئەچێ و لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

ژمارە : ١٣١
٢٦-٨-١٩٧٢

نرخی ٢٠ فلسە
تەلەفون ٢٠٣٦٥

گرنگترین هەواڵ

نیودەلهی ٢٤-٨ : عێراق و هیندستان پەیمانێکی ئابوری و بازرگانیان مۆرکردوە بۆ ماوەی سێ ساڵ • وەبەپێی ئەم پەیمانە هیندستان نەوت و گۆگرد لە عێراق وەرئەگرێ، کارەسەو شتومەکی هیندستانی ئەدات بە عێراق • پەیمانەکەش لە نیودەلهی لەلایەن دکتور فخری قدوری ئەندامی مەکتەبی کاروباری ئابوری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عیراق و میستەر دورها دهاری وەزیری ئابوری هیندستانەوە مۆرکراوە •

دکتور قدوری بە پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی وتوە : مۆرکردنی ئەم پەیمانە پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو ولات پتەوتر ئەکات • لەلایەکی تریشەوە وەزیری ئابوری هیندستان وتویە : عیراق و هیندستان لە بەرەیەکی خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم دا ئەوەستن و هەردوولا ڕێگای پەرەسەندنی سوشیال دیموکراتیان گرتۆتەبەر ، وەتویە ولاتەکەی پشتگیری گەلی عەرەب ئەکات لە خەباتیا دژی دەستدرێژیەکانی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم •

ئا•د•ع

شۆڕشگێڕانی ڤێتنام پەلاماری سایگۆن و دانانگ ئەدەن

موشێ دایان و مەلیك حسەین خەریکی ڕێککەوتنێکی دووقۆلین

٦٠٠ هەزار تەن نەوتی کەرکوك لە هەفتەی ڕابوردودا بارکراوە

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆمپانیای عیراق بۆ کاروباری نەوت ڕایگەیاند کە هەفتەی ڕابوردو ٥٩١ هەزارو ٩٦٤ تەن نەوتی بیرەکانی کەرکوك کەمیللی کراوە ، بارکراوە بۆ بازارەکانی دەوڵەتان •

وە وتی : لەهەفتەی پێشوو نر ٤٤٧ هەزارو ٥٢٩ تەن نەوتی کەرکوك بارکرابو •

وە ئەم نەوتەش لە پانزە پاپوری نەوت گوێزەرەوە لەبەندەری بانیاسی سوریادا ، بارکراوە ، لەمانە ٧ پاپوریان هی فەرەنسا و ٤ هی یۆنان و سێی بولگاریا و یەکێکی ئەلەمانیای دیموکرات بوە •

ئا•د•ع

تێك شکاندنی پرۆژەکانی مەلیك حسەین فرمانی ئەمڕۆی نەتەوەی عەرەب

بەپێی وتەکانی ئەم دواییەی مۆشێ دایان وەزیری بەرگری سەهیۆنیەکان و روجەرزی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کە خێرا خێرا بلاوی ئەکەنەوە و تیایا ئەڵێن ئاشتی و ڕیککەوتنی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بەهۆی وتوێژی ڕاستەوخۆ یا نزیك لە یەکتریەوە ، نزیك بۆتەوە ، وە بەپێی ئەو چالاکیانەی عەرەب نۆکەرەکانی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم لەخاکی داگیرکراودا ئەینوێنن و ئەو هاتوچۆکردنەی ئەم دواییەی (الشوا) لەنێوان خاکی داگیرکراوی عەرەب و ئیسرائیلدا ئەو ڕاستیە دەرئەخات کە ماوەیەکی زۆرە ڕۆژنامەو هێزە پێشکەوتن خوازەکانی فەلەستین و عەرەب دەستی بۆ ڕائەکێشن کە مەلیك حسەین و چەند سەرکردەیەکی تری نۆکەرو کۆنەپەرستی عەرەب بەپێی نەخشەیەکی دانراو لەلایەن ئەمەریکاوە خەریکی سازکردنی ڕێککەوتنێکن لەنێوان خۆیاناو ئیسرائیلدا کە ئیتر کێشەی گەلی فەلەستین لابەلا بکات و دەوڵەتە دەستکردەکەی ئیسرائیل بپارێزێت

بێ گومان مۆشێ دایان کە ئەڵێت ئەو هەلە هاتۆتە پێشەوە کەعەرەب و ئیسرائیل ڕێك بکەون و بەئاشتی پێکەوە بژین وە کە ئەڵێت ئیتر مەلیك حسەین ئەو ترسەی لەبەردا نەماوە کە هەر خۆی تاکە پیاوی عەرەب بێت لەگەڵ ئیسرائیلدا مۆری ڕیککەوتننامەیەك بکات، بێ گومان مۆشێ دایان لەخۆیەوە ئەم قسانە بلاو ناکاتەوە بەڵکو پشت بەو گفتوگۆو نەخشەو پیلانانە ئەبەستێت کە هیچ نەبێت لە دوای شەڕی (٥)ی حوزەیرانی شوومەوە دەزگاکانی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و کۆنەپەرستی عەرەب ریسەکەیان هۆنیوەتەوە و ئەو نەخشەو پیلانانەیان پێچنیوە •

وە نەبێ ئەم پیلان و نەخشانەی ئیستا سەرەتای ئاشکرا ئەکرێت و بە ئارەزوی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم کێشەی نیشتمانی فەلەستینی پێ چارەئەکرێن تەنیا نەخشەو پیلان بن دژی گەلی تێکۆشەری لێقەوماوی فەلەستین بەڵکو ئەمانە بەشێکن لەو پەلامارە درندانەیەی ئیمپریالیزمی دنیا بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا ئەیبەنە سەر بزوتنەوەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست بە تایبەتی هی گەلانی عەرەب و سیستەمە پێشکەوتن خوازەکانی • هەر سەرنجێکی سەرپێیی لەو ڕووداوانەی لەم مانگانەی دواییدا زنجیرەیەك پیلانی دوژمنانەمان دێنێتەوە بەرچاو وەکو سازکردن و بەشکردنی ناوچەی نیمچە دوورگەی عەرەب لەنێوان ئیمپریالیزمی ئنگلیز و ئەمەریکاو دوو دەوڵەتە کۆنەپەرستەکەی ئێران و سعودی، ئنجا پیلانەکانی دژی بزوتنەوەی شورشگێری چەکداری زەفارو کۆماری گەلی یەمەنی خوارو و ئەو ڕیککەوتنانەی لەنێوان ئەمەریکاو ئەلەمانیای ڕۆژئاواو چەند دەوڵەتێکی عەرەبداکرا وەکو یەمەنی ژوورو سودان و بەستنەوەی بێوەندی دیبلوماسی لەنیوان ئەمانەو دەوڵەتی عەرەبی ترو ئەمەریکاو ئەلەمانیای ڕۆژئاوادا • هەر وەها ئەو هەڕەشەو پیلانە دوژمنانەی بەرامبە ڕکۆماری عیراق و بزوتنەوەی پێشمەرگەکانی فەلەستین و تێکرای بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی عەرەب ئەکرێت •

بۆیە بەیەك بەستنەوەی پرۆژەکەی مەلیك حسەینی تاوانبارو ئەو هەواڵانەی واتەگەیەنن کە لەگۆشەی تری خاکی عەرەبی داگیرکراوە وە ڕیککەوتنی تر ئاشکرا ئەکرێت ، بەیەك بەستنەوەی ئەمانە لەگەڵ تێکرای ئەو پیلان و نەخشانەی دژی نەتەوەی عەرەب ئەکرێت بۆتە بێوستیەکی ئیجگار گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی قەوارەی تەواوی جم و جۆڵی دوژمنانەی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و کۆنەپەرستی لەناوچەکەدا وەبۆ دانانی نەخشەی خۆپاراستن لەم پیلانانەو پوچەڵکردنەوەیان لەلایەن هێزو دەوڵەتە ئازادی و پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب •

لەلایەکی تریشەوە سەبارەت بەوەی نەتەوەی کورد بەتێکرایی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئەژی و بەشێکی خاوەن بزوتنەوەیەکی تەتەوایەتی بەهێز لەگەڵ

بڕینە : ل - ٢ -

ئیسرائیل و ڕژێمی ئەردەن خەریکی ڕێککەوتنن

مۆشێ دایانی وەزیری بەرگری ئیسرائیل ڕۆژی ٢٣-٨ لە کۆبونەوەیەکیا لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی کاری سەهیونی ڕایگەیاند کە هەڵێکی باش نزیك بۆتەوە بۆ ڕیککەوتن لەگەڵ ئەردەندا • وە وتویە : هیچ کۆسپێك لەبەردەم ئەم ڕیککەوتنەدا نەماوە مەلیك حسەینیش لەوە سڵ ناکاتەوە کە تاکە پیاوی عەرەب بێ لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕێك بکەوێ •

پاشە ڕۆژی شاری قدس

دایان وتویە : هەڵوێستی مەلیك حسەین بەرامبەر بە مەسەلەی قدس گۆڕاوە ، وە ئەم تەنەکە نادات و ئەتوانرێ بە وتوێژ چارەسەر بکری • وە ڕۆژنامەی هاڤارتسی سەهیونی نوسیویەتی کە لەم کاتەدا هەڵێکی باش لەئارادایە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەردەن •

ئەمەریکاو پرۆژەی ڕێککەوتنەکە

لەلایەکی ترەوە ، ئەو هەواڵانەی دەربارەی ڕیککەوتنە دوو قۆڵیەکەی ئەردەن و ئیسرائیل ، گەیشتونەتە بیروت وائەگەیەنن ، کە حکومەتی ئەمەریکا نەخشەو سنوری ئەو پرۆژە ڕێککەوتنەی نێوان عمان و تل ابیبی داناوە • وە انور الخطیب کە نوێنەری تابعەتی مەلیك حسەینە لەبەری ڕۆژئاوادا ئەم نەخشەیەی بینیوەو مەلیك حسەین نیازی وایە کە دوای هەڵبژاردنی سەروکی نوێ ئەمەریکا ، بانگی بکات بۆ عمان و داوای لێ بکات وەزارەتێك پێك بهێنی • وە مورکردنی ئەم ڕیککەوتنە بگریمە ئەسو

شۆڕشگێڕانی ڤێتنام زیانێکی گەورە لەهێزەکانی دوژمن ئەدەن

سایگون : ئاژانسەکان . بەدرێژایی هەفتەی ڕابوردو شۆڕشگێڕانی ڤێتنام هێرشیان بردوتە سەر سەربازگەکانی حکومەتی سایگون لە بەرزاییەکانی ناوەراست و دەوروپشتی شاری سایگون دا •

وە ڕۆژی ٢٣-٨ شۆڕشگێڕان بە تۆپ و شەستیر پەلاماری شاری کونتوم یان داوە و زیانێکی گەورەیان بە هێزەکانی دوژمن گەیاندوە •

تۆپباران کردنی بارەگای هێزەکانی حکومەت

وە لە ناوچەی سایگون شوڕشگێڕان دلێرانە پەلاماری بارەگای سەرکردایەتی هێزەکانی حکومەتیان داوە کە لەنزیك (بلاوی کی)یەوە • وە گەنم گردی شاری (فوکونگ) یان داگرتوە کە ٢٥ کیلومەترە لە سایگۆنەوە دوورە •

لە ناوچەی دانانگ

لەلایەکی ترەوە ڕادیوی شۆڕشگێڕان بلاوی کردەوە کە شۆڕشگێڕانی ڤێتنام ناوچەیەکیان لە نزیك شاری دانانگ ڕزگار کردوە • وە شاری کونگ تریان توپباران کردوە، لەئەنجامدا ١١ کەس کوژراون و پێنج خانو ویران بوە •

وە لە ناوچەی (تان لوك) شەڕێکی قورس لەنێوان شۆڕشگێڕان و هێزەکانی حکومەت هەڵگیرساوە دوبارە لە هەرێمی دین تونگ فروکە بومبا هاویژیی کە ئەمریکا دەستیان کردوە، بەبۆمباران کردنی بنکەکانی شۆڕشگێڕان و لەئەنجامدا ٢٠ کەس بریندار بون •

گفتوگوی دوو قولی عیراق و پۆلەندە

وارشو : ٢٣ - ٨ دکتور سعدون حمادی وەزیری نەوت و کان لەگەڵ کازیمیرز ئولسوسکی جێگری سەرۆك وەزیرانی پۆلەندە کۆبۆتەوە • ئاژانسی دەنگوباسی پۆلەندە کەئەم هەواڵەی بلاو کردەوە وتویە : دکتور حمادی لەگەڵ کاربەدەستانی پۆلەندە گفتوگۆ ئەکات دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی هاوکاری بازرگانی و ئابوری نێوان هەردوو ولات •

دکتور حمادی بەسەردانێکی ٧ ڕۆژی لەسەر داخوازی وەزیری پیشەسازی کیمیایی پۆلەندە هەفتەی ڕابوردو چو بۆ وارشو •

تاوانەکانی ئیمپریالیزمی پورتگال لە ئەنگولا

لەلباکی نتمو وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی حکومەتی شۆڕشی وەختی ئەنگولا ، لەچاوپێکەوتنیکا لەگەڵ وەفدێکی لیژنەی مافی ئادەمیزادی سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان ، ئاشکرای کردوە کە لەم دواییەدا هێزەکانی ئیمپریالیزمی پورتگال دەستیان کردوە بە ماددەی کیمایی ڕشتن بەسەر ئەنگولادا •

نتمو چەند بەڵگەیەکی نیشانەی وەفدەکە داوە بەو بەڵگانە سەلماندویەتی کە هێزەکانی پورتگال گازی ژەهراوی بەکار ئەهێنن بۆ لەناوبردنی نیشتمان پەروەرانی ئەنگولا • ئەوەی شایان باسە وەفدی ناوبراو ئیستا لەشاری کینشاسایە بو لێکولینەوەی تاوانەکانی ئیمپریالیزمی پورتگال •

٤٨٤٦ کەس ئەگەڕێنەوە سەرەکار

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لیژنەی ئاشتی بە بەیانێکی (ئا•د•ع)ی وتوە کە لەکاتی دەرچونی بەیاننامەی یانزەی ئازارەوە ٤٨٤٦ فەرمانبەری کورد گەڕاونەتەوە سەر ئیش و کارو وەزیفەکانیان • وەلەم دواییەشدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بڕیاری داوە کە ١٩ کەسی تر بگەڕێنەوە شوینەکانی خۆیان و ماوەی بەشداربونیان لە ڕوداوەکانی ژوورو بۆ تەرفیع و تەقاویتی بۆ حساب بکرێت •

ئا•د•ع

ژەنەرال ئەمین : ڕزگار کردنی ئابوری ئۆگەندە خەباتێکی سەختی ئەوێ

کەمپالا ٢٢-٨ ئاژانسەکان :ژەنەرال عیدی ئەمین سەروکی ئۆگەندە داوای لە هاوولاتیان کردوە کە یەکبگرن و هاوکاری لەگەڵ یەکتریدا بکەن بۆ ڕزگار کردنی ئابوری ولاتەکەیان

وە وتویە : گەلی ئۆگەندە حەفتا ساڵ تێکوشا تاکو لە ساڵی ١٩٦٢دا سەربەخۆیی سیاسی بەدەست هێنا ، وە ئیستا پێویستە چاکی خەباتی لێ بکا بەلادا بۆ ڕزگار کردنی ئابوری ولاتەکەی •

ئەمجار ژەنەرال ئەمین باسی بڕیارەکەی ئەم دواییەی کردوە دەربارەی دەرکردنی ئەو ئاسیاییانەی پاسپۆرتی بەریتانیایان هەیە و وتویە : لەمەولا ئۆگەندەییەکان دەستیان بەسەر سامان و ئابوری ولاتەکەیانا ئەڕوات • وە لەو ڕۆژەوە ئیسرائیلیەکانمان لە ئۆگەندە دەرکردوە پاشە ڕوژی ولاتەکەمان ڕوناکترو پرشنگدارتر بوە بەم زووانەش خەڵکی ئۆگەندە بەڕوبومی ڕزگار کردنی ئابوری ولاتەکەیان دەسگیر ئەبێ •

پسپۆڕەکانی چین سەر لەمیسان ئەدەن

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابوردو وەفدێکی پسپۆڕانی چین چون بۆ شاری عەمارە بۆ بینینی پرۆژەکانی ئاودانی (ری) لە پارێزگەی میساندا •

وەوەفدەکە لەلایەن پارێزگاری میسانەوە پێشوازی کراوە • ئەوەی شایانی باسە لە ٢٤ی مانگی حوزەیرانی ڕابوردو ئەم وەفدە بەسەردانێکی ڕەسمی هات بۆ عێراق بۆ گفتوگو کردن لەگەڵ کاربەدەستانی ولات دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندی هاوکاری و ئابوری نێوان عیراق و چین •

ئا•د•ع



وێنەی ئەو خۆپێشاندانەی لە شاری میامی بیچ ڕێکخراوەدژی بڕیارەکەی پارتی جمهوری بۆ دووبارە دانانەوەی نیکسون بە سەرەك کۆماری ئەمەریکا •

کورتە هەواڵ

فەریق شەهاب گەیشتە پراگ

● فەریق حەماد شەهاب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری بەرگری ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردو دوای سەردانە ڕەسمیەکەی یەکێتی سۆڤییەت ، لە مۆسکۆوە چوو بۆ پراگ • وە سێ ڕۆژ لە چیکۆسلۆڤاکیا ئەمێنێتەوە •

ئا•د•ع

● ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردو محمد المصمودی وەزیری کاروباری دەرەوەی تونس گەیشتە پەکین • ڕادیوی تونس بلاوی کردەوە کە المصمودی گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی چین ئەکات دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو ولات •

● هەفتەی ڕابوردو گونگریسی هەفدەهەمی یەکێتی لێکولینەوەی زانستی دەوڵەتان لە پۆلەندە دەستی پێ کرد • لەم کونگریسەدا ٢٨٠ زانا کەنوینەری ٣٧ دەوڵەتن تیایا بەشدار ئەبن • وە مەسەلەی قەلاچوکردنی شوینەواری تیشکی ئۆتوم یەکێکە لەو مەسەلە گرنگەی کە ایێ ئەکولنەوە •

● احمد اللوزی هەفتەی ڕابوردو وەزارەتێکی نوێی لە ئەردەن پێك هێنا ، ڕۆژنامەی (بیروت) کە لە لوبنان دەرئەچێ وتویە : ئەرکی هەرەگرنگی ئەم وەزارەتە نوێیە ڕاپەڕاندنی کاروباری جێبەجێ کردنی پرۆژەی مەملەکەتی عەرەبی یەکگرتووە کە مەلیك حسەین پێشنیازی کردوە •

● بڕیاروایە لەم هەفتەیەدا دەستبکرێ بە محاکەمە کردنی تێکوشە (مهدی رضائی ٢٤ ساڵ) بەتۆمەتی ئەوەی یەکێکە لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری هێنەری ئێران و چەند جارێك بەشدار بوە لەهێرش بردنە سەر پاسگاکانی ژاندارمیری و سازمانی ئەمنی ئێرانا •

institut kurde de paris

راستی هێزکێشانەوە لە ڤیتنام

دیسان نیکسون هەسەبەی دیلە ئەمەریکاییەکانی لەڤیتنام ردوە بە بیاوی ئەوکۆسپانەی ئەیانخاتە بەر کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەڤیتنامو کۆتایی هێنان بە جەنگ لەو ناوچەیەدا • وەکۆنگریسی ئەمەریکاش نزیکەی دوو هەفتە لەمەوپێش پەنای بردە بەرهەمان بیانو دوای ئەوەو ئەنجومەنی پیران دەنگی بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا لە هەمو هیندی چینلە ماوەی چوارمانگدا ، ئەمەش بەمەرجێك کە (هانۆی) دیلەئەمەریکاییەکانی جەنگ لەم ماوەیەدا بەرەڵا بکات •

– جوامێر –

بۆگومان نیکسون ئەم هەرایەی ئەسەر دیلە ئەمەریکاییەکان بۆیەناوەتەوەکە لەم کاتی هەڵبژاردنەدا پێشانی بدات چەند بەتەنگ ئەمانی هاوڵاتیەکانیەوە دێت و چەند بە پەرۆشەوەیە بۆ ئاشتی و ئەمانی جەنگ ! ئەمەش هەر بۆنەوەی بەڵکو لەسەر تەختی سەرۆکایەتی کۆمەڵەوەو زیاتر بەرژەوەندی سەرمایەدارە مونوپۆلیەکانی ئەمەریکا بپارێزێت •

ڕاستە ئەمەریکا نزیکەی ٦٩ هەزار سەربازی لەڤیتنام کێشاوەتەوە ، ئەمەش بەشێکی کەوزەی هێزەکانی ئەمەریکانە لە ڤیتنام • بەڵام ڕاستی ئەم مەسەلەیە بەم ساددەییە نیە ، چونکە ئەمەریکا هەو هێزەکەی لەڤیتنام تەنیا « ڕاستۆنەوە » بۆ بنکەکانی نزیك ڤیتنامو تەستۆلی حەوتەمی ئەمەریکایی کە لە دەریاکانی ئەو ناوەدا ئەڕاتێن ئەکات •

واتە « هێز کێشانەوە » نیە بۆئەمەریکا ، ئەم ڕاستیانەش لە ڕۆژنامە ئەمەریکاییەکاندا بەڵاو کراونەتەوەو بەوردی ئاشکرا کراون • بۆ نمونە ، بروسکەیەکی ئاسۆشێتدبریس رایگەیەنێت کەوا هەمو ڕۆژێك سەدەهەزار سەربازی ئەمەریکایی لە ڤیتنام ئەچەنگێن بۆ ئەوەی هی ئوردوگاکانی ناو وان لە تایلاند •

ئەم ڕاستیانە ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە هێزەکانی ئەمەریکا نەکێشراونەتەوە بۆ ئەمەریکا ، بەڵکو تەنیا « جێگۆڕکێ »یان پێکراوە ، لەبنکەیەکەوە بۆ بنکەیەکی تر ، وەئەمەش بۆ چەند مەبەستێك کراوە :

لەلایەکەوە ، بۆئەوەیە وەك بەسەرەوە وتمان کە نیکسون خەڵکی فریو بدات بەوەی کە گوایە بەڵێنەکانی بەجێ ئەهێنێت و ئەیەوێ کۆتایی بە جەنگی ڤیتنام بهێنێت • هێز کێشراوەتەوە کەچی لەم دواییەدا هێرشی هێزەئەمەریکاییەکان زیاترو توندوتیژتربوە •

لەلایەکی تریشەوە بزوتنەوەی شورشگێرانەی چەکدار لە تایلاند ئێستا لە جاران زیاتر دژی بنکەو ئەمەریکاییەکانو ڕژێمی تایلاند تاری سەندوە • بۆیە ئەمەریکاش وا زوربەی ڕۆژی هێزەکانی لەوێ مۆڵ کردوە ، بۆ ئەوەی لەهەمان کاتا بەربەرەکانی ئەم بزوتنەوەیەشو پێبکات و بەرژەوەندیەکانی خۆی لە تایلاند بپارێزێت ئەمەیەراستی هێز کێشانەوە لە ڤیتنام وەئەمەیە ئەم درۆو دەلەسەو چاوو ڕاوەی کە ئیمپریالیستە ئەمەریکان لەگەل ڤیتنامو هەموو هیندی چینو تاسەرکەوتنی تەواو هەر گەلی ئەمەریکاو گەلانی جیهانی بەرەوپێش ئەبەروات •

بۆگومان نیکسون ئەیەوێ بۆ چوار ساڵی تریش سەرۆکایەتیەکەی نوێ بکاتەوە بەتایبەتی ئاشکرایە کە گواستنەوەی هێزە ئەمەریکاییەکان لە ڤیتنامەوە بۆ شوێنێکی وەك تایلاند هیچ لەمەسەلەی جەنگ لەوێ ناوچەیە ناگۆڕێت ، چونکە ئەم هێزانە ئێستا وان لەتایلاندو بنکەکانی تر ، هەردەم ئامادەن بۆ جەنگ وەکەی پێویست بن ئەبرین و شەریان پێئەکرێت لە هەر لایەك بێت لە هیندی چین • ئەوەتا بەتاو بەتاو بەجەنگی ڤیتنام بهێنێت • بەتایبەتی لەم کاتەدا کە هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا لە ئارادایە ، هێزئەمەریکاییەکان زیاترو توندوتیژتربوە •

لەلایەکی تریشەوە بزوتنەوەی شورشگێرانەی چەکدار لە تایلاند ئێستا لە جاران زیاتر دژی بنکەو ئەمەریکاییەکانو ڕژێمی تایلاند تاری سەندوە • بۆیە ئەمەریکاش وا زوربەی ڕۆژی هێزەکانی لەوێ مۆڵ کردوە ، بۆ ئەوەی لەهەمان کاتا بەربەرەکانی ئەم بزوتنەوەیەشو پێبکات و بەرژەوەندیەکانی خۆی لە تایلاند پبارێزێت ئەمەیەراستی هێز کێشانەوە لە ڤیتنام وەئەمەیە ئەم درۆو دەلەسەو چاوو ڕاوەی کە ئیمپریالیستە ئەمەریکان لەگەل ڤیتنامو هەموو هیندی چینو تاسەرکەوتنی تەواو هەر بەرەوپێش ئەڕوات •

چەند بەشێك لە دیفاعاتی ڕێکخراوی گیانبازانی گەلی ئێران

ئامادەکردنی جەمال

-٣-

لەئاخرین لێکدانەوەدا هەڵەی مصدق ئەوە بو کە دەیەویست بە دەلیل و مەنتیق شەڕی زۆرداری و کەلەرەقی بکا • بۆیی ئێمە ئەودەرسەمان باش-وەرگرتوە و جێگایەك بۆ وتووێژ لەریگای قسە و مەنتیقەوە نابینین • لەپاش کودیتا یەكلاکردنی حیساب لەگەڵ موخالیفان دەست پێکراوە زۆر قارەمانی وەك دوکتور فاطمی، خسرو روزبە، شیستری سیامك ، کریمپور و خلیل طهماسبی یا لەژێر ئەشکنجەی فەرمانداری نیزامیدا کوژران ، یا بەزیندویی لەئاگردا سوتان و یان درانە بەر دەستریژی شیست تیر • هەرکەس توزقالێك لێی وەشك کەون بەناوی تودەیی کمونیست ، خەڵاپکار ، دوژمنی خەلك ، دوژمنی ئیسلام • بێجورمەتی بە مەقامی «بەرز»ی پاشایەتی دەخرێتە ژێر محاکمەو گیران و ئازار و ئەشکنجە • دەستی بێگانە لە تالان و چەپ-وگویی سامانی خەلك دا کراوەتەوە • سەرچاوەکانی نەوت کە میللەت بۆمیللی کردیان ئەو هەمو کوێرەوەریەی چێشت دوبارە خرایەوە ژێر دەستی ئیمپریالیستەکان • داهاتی نەوتیش هەروەك رابردو هەتا ئاخرین دولار یا بۆ کرینی چەك و جبەخانەی کۆن و رزیوی لەشکری ئەمریکا و انگلیس بۆپاراستنی ریژیمی پاشایەتی خەرج دەکرێ ، یا دەدرێ بەهاوەدەستە ئەمریکایی و ئورووپاییەکان یان بەباوی بەرنامەی ئاوەدانی سەدان میلیون دولار دەچێتە گیرفانی شیرکەتەکانی بێگانەو دەسکیسە خۆمالیەکانیانەوە بەجۆرێك لەپاش چەندساڵ رادەگەیەنن کە لەوچەند ساڵەدا سەدان میلیون دولار خوراوە و دزراوە • کێشەی بزوتنەوەی نیشتمانی نوسرای جیهانگیر لیستە و ئامارێکی زۆر ورد و سەرنجراکێشی لەوبارەوە تندایە • بەڵام لەوچەند ساڵەدا کە بەڵێن درابو ئیران بەپارەی نەوت بێتە بەهەشتی سەرزەوی میللەتی ئیران زۆر بە زۆرهەژارتر و برسیتر بوە • وەڵامی کریکارانی کورەپەزخانەکە داوای نانیان دەکرد بە دەستریژی موسەلسەل درایەوەو ٢٠٠ کەس لەوکارەساتەدا کوژران • مانگرتنی مامۆستایان و فەرهەنگیان بەکوژرانی دوکتور خانعلی و بریندار بونی زۆرەیەك لەفەرهەنگیان تەواو بو • سەیر ئەوە بو کە هەموجاری پیاوکوژەکان بەسزای جێبەجێ کردنی فەرمان دەرەجەیان بۆدەهات • سەرگور، شهرستانی بەکوشتنی دوکتورخانعلی بو بە سەرهەنگ شهرستانی •

ئایا ئیستاش دەتانەوێ میللەت کەوەڵامی داخوازەقانونی و سروشتی و رەواکانی بەدەستریژی گوللە و سەرەنیزە دەدرێتەوە بێدەنگ دانیشێ و دەست نەداتە چەك ؟ بۆگومان ریگای خەباتی چەکدار دوژمن بەمیللەتی نیشان داوە • میللەت بەناچاری دەست بۆتفەنگ دەبا • وەك تەنیا ریگای رزگاری ساڵی ١٣٣٦ قانونی دامەزراندنی سازمانی ئەمنیەت (ساواك) لە مەجلیسی دەستکر دا پەسەندکرا و بەم جۆرە ئەو زەبروزەنگ و پشوبڕینە سیاسیە بارێکی قانونی بەخۆیەوە گرت • لەوە بەدواوە ساواك بو بە مەئموری پاراستنی ئەمنیەتی چینی فەرمانڕەوا و بەربەرەکانی موخالیفان • هەر بەودەلیلە و بە لەبەرچاوگرتنی هەڵومەرجی شورشگیری دنیا و بەرەگرتنی خەباتی دژی ئیمپریالیستی زنیشتمانپەروەرانە لەهێندێك وڵاتی عەرەبی و تەئسیری لەسەر ئیران پێویست بو بەرنامەیەکی تازە بێتە کایەوە • بەفەرمانی هەڵسورێنەران وتووێژ دەست پێکرا و گەیشتە ئەم ئەنجامەکە ئەو ئاڵوگۆڕە پێویستە هێندێك ئازادی سیاسی لەگەڵدا بێ تا هەم موخالیفەکان ئاشکرا بن و بناسرێن و هەم ئەوشێوەی اصلاحات خوازی کە رابەرە سیاسیەکانی ئەودەم باوەریان پێهەبو ببێتە باو • بەڵام ئەوئازادیە مەسلەحەتیەش زۆری خۆ رانەگرت • دەستریژ لە خۆپیشاندانی قوتابیانی تاران و کوژرانی قوتابیەك بەناوی کەلهور ، پەلاماری کۆماندۆکانی پۆلیس بۆسەر زانستگە لە ئەکەن • بەڵام با ئیمپریالیزم، نوکەرانی وەبەتایبەتی ئیمپریالیستە ئەمەریکاییەکان ئەوراستیە باش بزانن کە نەبەفروفێڵ و چاووراو ، وەنە بەهێزە گەورە بێشومارەکانیان ناتوانن دەنگی گەلان کپبکەن و وەریان پێ بەر بدەن ، وە باچاك بزانن کە لێشاوی شورشگێرانەی چەکداری گەلان و تەوژمی خەباتی سەختی دزێخایەنیان سەرکەوتوەر دواروژی رەشی ئیمپریالیزمی پێشترخستوەو کاروانی سەرکەوتوی شۆڕشی گەلی ڤیتنامو هەموو هیندی چینین تاسەرکەوتنی تەواو هەر بەرەوپێش ئەڕوات •

هەفتەی جاسێك

بەشۆڕشی گەل ڕژێمی کۆنە پەرستی مەراکیش هەڵئەتەکێت

ئەم جارەش مەلیکی مەراکیش لەنەخشەیەك بۆ لەناوبردنی رزگاری بو ئەوەبوزۆژی چوار شەممەی رابوردر هەندیك لە عەسکەریەکانی مەراکیش نەخشەیەکیان کیشا بۆ بەردانەوەی ئەو ئرۆکەیەی کە مەلیکی ئەبردەوە بۆ مەراکیش بەڵام ئەم نەخشەیەشوەکو ئەوەی تری بار کە لە صخێرات جێبەجێکرا بۆکوشتنی مەلیك و دەسەلات گرتنەدەست بەهیچ دەرچووە ئەنجامەکەی بەگرتن و کوژرانی پیلانگێرەکان کۆتایی هات •

نەخشەکەی ئەم جارە زۆرلەوەی صخێرات زیاتر دەنگی دایەوە ، چونکە ئەمە دووەم نەخشەیە لەماوەی سالێك وە چەند مانگێکدا ، وە هەروەها سەبارەت بەوەی ژەنەرال ئوفقیری وەزیری بەرگری مەراکیش و پایەی هەرە قایمی دەسەلاتی مەلیك لەم نەخشەیەی دوایدا بەشدار بوەو خۆی نەخشەکەی لەناوبردنی مەلیکی کێشاوە •

ئەم ڕوداوانە بەتەواوی ئەوراستیە دەرئەخەن کە ڕژێمی کۆنەپەرستانەی مەلیك چەندشلۆقەو تاچرادەیەك بێباوەڕی، ناپاکی کەوتونەتە نێو کاربەدەستانی مەراکیشەوە ! ئەم جۆرە ڕوداوانە شتێکن کە لەجۆرە ڕژێمێکی وادا جێی لانادرێت ، بەڵام لەوڵاتێکی وادا کە ڕژێمێکی کونەپەرستی نوێنەری دەرەبەگو بورجوازی کومپرادۆری تیایەو بەشی هەرە زۆری گەل دوچاری ستەمو چەوساندنەوەیەکی چینایەتی توندوتیژ بوونو هێزە سیاسیە نیشتمانپەروەرە پێشکەوتنخوازەکان ڕووبەڕووی تێرۆرو زەبرو زۆری ئەم ڕژێمە بونەتەوەو مافە دیموکراتیەکانی گەل بەتەواوی پێشێل کراوە ، لەم وڵاتەدا بێگومان ، تەنیا شۆڕشێکی بنەڕەتی جەماوەرانی گەلی چەوساوە ئەتوانێت وڵاتلەم بارە ئالوزە پڕ مەینەتیە ڕزگاربکات ، نەك « شۆڕشی »چەند عەسکەریەکی دەستتێکەڵاو لەگەل ڕژێمی مەلیك کەئەیانەوێ بەهەمان شێوەی کۆن دەسەلات بگرنە دەست •

بەڵام لەمەراکیش لەبەرپەرشو بڵاوی هێزو پارتی و ڕێکخراوە سیاسیە نیشتمان-پەروەرە پێشکەوتنخوازەکانو هەروەها نەبونی پارتیەکی پێشڕەوی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی خەڵکی چەوساوەی گەل مەراکیش واتە پارتیەکی شۆڕشگێری خاوەن تیوریەکی عیلمی کەلەم قۆناغەی خەباتی گەلی مەراکیشدا ڕابەری کریکاران و جوتیاران و چینو دەستەو کۆمەڵە نیشتمان-پەروەرەکانی تر بکات بۆ بەدیهێنانی شۆڕشی دیموکراتی نوێی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم شۆڕشە ، ئەم هۆیانەزەمینەی بۆ ڕژێمە کۆنەپەرستەکەی ئێستای مەراکیش خۆش کردوە کە بەمێنێتەوەو درێژە بە چەوساندنەوەی گەل بدات • کەواتە بەکارترین چەك بۆ ڕامالینی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە دوژمن بەگەلە ئەوەیە کە هێزو پارتی و ڕێکخراوە سیاسیەکان لەبەرەیەکی نیشتمانی پێشکەوتودایەك بگرن و ناکۆکیەکانی ناوخۆیان کە ئیستا بێگومان ناکۆکی سەرەکی نین و بەڵکو ناکۆکی ناوریزەکانی گەلن بخەنە لاوەوەو ناکوکی سەرەکی دەستنیشان بکەن کە ناکۆکی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەی گەلی مەراکیش لەلایەكو ڕژێمی کۆنەپەرستی سەر بە دەرەبەگو بورجوازی کومپرادور لەلایەکی تر • وە بەبێ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیە ، ناکۆکیەکانی تر چارەسەر ناکرێن و نیشتمان نەچنگی چینە کۆنەپەرستەکان رزگار ناکرێت • وە بۆمەراکیش و هەمو وڵاتی تری نیمچە دەرەبەگو نیمچە ژێردەستە لەم قۆناغەدا کە قۆناغی رزگاری نیشتمانیە لەچنگ داگیرکەری راستەوخۆو ناراستەو خو ، تەنیا ڕێگا ، هەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلی چەکدارە بەڕابەری چینی کریکاری هاوپەیمان لەگەل جوتیاران •

ئەمەیە ڕێگای رزگاری تەواوەتی لە هەمو جۆرە ستەمو زۆرو چەوساندنەوەیەكو لە پێناوی دامەزراندنی دەسەلاتی چینە چەوساوەکانی گەلدا •

– سوارە –

تێکشاندنی پرۆژەکانی مەلێك حسەین فرمانی ئەمرۆی نەتەوەی عەرەبە-پاشماوە

بەشیك لە نەتەوەی عەرەبدا لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی نیشتمانیدا ئەژی ، سەبارەت بەمانە نەتەوەی کوردیش لایەکی ئەم پیلانانەی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو کۆنەپەرستی ئەیگرنەوەو ڕوی تێئەکەن بۆیە پێویستە هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی نەتەوەی کورد دژی هەمو نەخشەکانی ئیمپریالیزم بن و خەباتی خۆیان بەوپەڕی توانا وە لەگەل خەباتی نەتەوەی عەرەبو گەلانی روژهەلاتی نزیکو ناوەراست گرێبدەن ، بەك هەر لەو ڕوەوە کە بزوتنەوەی کوردایەتی هەفالی بزوتنەوەی نەتەوەی عەرەبەو بەشێکە لە بزوتنەوەی تێکرای گەلانی ئازادیخوازی دنیا بەڵکو لەو ڕوەشەوە کە ئیمپریالیزم وەکو گەلانی عەرەب دوژمنایەتی گەل کوردیش ئەکاتو نەخشەی دوژمنانە جێبەجێ ئەکات دژی بزوتنەوەی کوردایەتیو لەپێناوی پوچەل کردنەوەی ناوەروکە کۆمەڵایەتیو چینایەتیەکانی •

جالەم کاتەدا کە ئیمپریالیزم گەشتوتە ئاستی ئاشکراکردنو جێبەجێکردنی پیلانەکانی فرمانی سەرەکی هەمو گەلانو بزوتنەوە نیشتمانپەروەرو ئازادی خوازەکانی ناوچەکە ئەوەیە بە هاوکاری بزوتنەوەی کریکارانی دنیاو گەلانی خەباتکەری وڵاتە ژێردەستەو تازە رزگاربوەکانی دنیا ئەم پیلانانەی ئیمپریالیزم نێك و پێك بدەنو ڕێگای خەباتێکی نوێی پشت بەستو بە بیروباوەڕێکی عیلمی شورشگێری سەرکەوتو بگرنەبەر تا ڕامالینی ئیمپریالیزمو رزگاری ئەتەوایەتیو چینایەتیو دامەزراندنی دوا ڕۆژێکی بەختیار •

لاپەڕە : (٢)

institutkurde@paris

لە ژمارە (۱۲۹)ی ئەم رۆژنامەیەدا ، برادەر فاضل مەلا محمود سەرنجێکی لە پیاچوونەوەکەی من بە وتارەکەیدا لەبارەی روانگەو ئەدەبی ریالیستی سۆسیالیستیەوە – دەربڕیبوو • سەرنجەکەی برادەر فاضل گەلێ شتیوای تێدا بوو نەئەشیا بەسەریا بڕۆمو بە پێویستم زانی ئەی بدوێم •

ئەرکی ڕەخنەگر ئافەرین کردن نییە •

برادەر فاضل لە باسەکەیداگلەیی لەوە کردوە کە من هاتووم خەتی راستو چەپم بەسەر وتارەکەی ئەودا هێناوەو هەڵەو راستم دەست نیشان کردووەو ، ئەمەی بە « شێوە- یەکی ناشیاوی ڕەخنە گرتنی ئەدەبی » داناوە •

نازانم ئەی برادەر فاضل ئەیەوێ چی بکەمو ، شێوەی شیاوی ڕەخنە گرتن لای ئەو چۆنە ؟ هەرکەس هەرچی بڵێو بنووسێ ، دیارە – لە بارو کاتێکی تایبەتیدا – یا راستە یا هەڵەیە • ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگریش ئەوە نییە چەپلە بۆ راستەکەی لێ بداو ئافەرینی بۆ بکا ، چونکە راستگۆ ئەو کارەی کردووە کە پێویستە بیکا • ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگر دەربڕینی هەڵەو راست کردنەوەی چەوتییە • منیش هەر ئەوەم کردووەو ، ئەمەش واتە لەوی‌تریدا لە لەسەری نەڕۆیشتووم‌و لێی نەدواوم ، لەگەڵیمی‌و ، پێویست بەوەش نییە ئەم پشت‌گیریەم بە نووسین دەربڕم •

ئەمجارە ..

لەگەڵ برادەر فاضل مەلا محمود دا

محمدی مەلا کریم

کەواتە ، برادەر فاضل کە ئەڵێ من لە سەرانسەری وتارەکەمدا شتێکم باس نەکردووە کە بیرو رامان نیایدا ڕەك یەك بێ ، قسەکەی لەجێی خۆیدا نییەو گەلێ شت هەیە عاودەنگین تیایدا •

کە دەشڵێم لە چوار چێوە گشتیەکەی وتارەکەی برادەر فاضلدا لەگەڵیدام ، ئەوەندە ئێگەیشتنم هەیە کە بزانم چوار چێوە ئەوەیە وردە بابەتەکان کۆئەکاتەوەو ، وردە بابەتەکان جۆیان شتێکی ترنو ، هەر بەوە کە لەگەڵ چوار چێوەکەدا بم ، پێویست ناکا لەگەڵ تێکڕای بابەتەکانی ناویشیا بم چوار چێوەی وتارەکەی برادەر فاضل لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبی زوانگە لە باری سەرنجی سیاسیو چینایەتییەوەو ، پێو ڕانگی منیش بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمی روانگەو بۆ هەر دیاردەیەکی‌تری ناو کۆمەڵ هەر ئەمەیەو ، ئیتر مەرج نییە بردو لامان بە یەکجۆر بۆی بچینو رێی تێ‌ئەچێ باری سەرنجمان جیاواز بێ یا بەکێکمان بە هەڵەدا بچێو ، وتارەکەی منیش لەم رووەوە وابزانم – ناکۆکی (تناقص)ی تیدا نییە ••

یەکەم ئەمەوێ بڵێم با چ برادەر فاضلو چ هەموو ئەوانەش کە ئەم وتارانەماز ئەخوێننەوە ، دڵنیا بن من شتیوام نەوتووە •• بەڵام بەڕاستی حەزم ئەکرد وتارەکەی برادەر فاضل وابوایەو بۆ ئەوە بشیایە بە ئاوی ئالتوون بنووسرێتەوە • من وەکو مارکسیستێك مایەی ئەوپەڕی شادمانیمە بیری مارکسی‌هەمیشە سەردەستەی هەموو بیرێك بێ برادەر فاضلیشم بە یەکێك لە هەڵگرانی ئەم بیرە زانیوە •

ئەنجا ئەوەی لە سلێمانی واتوومە لەوە زیاتر نییە کە وتارەکەی وتارێکی گرنگەو ، پشتی ئەو چوار چێوەیەم‌گرتووە کە وتارەکە لە سنووریدا نووسراوە ، ئەم چوار چێوەش – وەك پێشان وتم – ئەوەتە کە برادەر فاضل لەرووی‌سیاسەت‌و سەرنجی چینایەتی‌یەوە لە مەسەلەکە کۆڵیوەتەوە •

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم پێ ناخۆش بوونی خۆم لەوە دەربڕم کە برادەر فاضل وام ئەداتە قەڵەم کە لەخۆمەوە قسە فڕی ئەدەمو قسەی رووتیش گومرگی لەسەر نییە •• چونکە ئەو ئەبوو پیشان بیزانیایە راستە من ئەو قسەیەم کردووە یا نەو ، ئەگەر کردوومە بۆچی لێی پاشگەز ئەبمەوە •• من ئەوەندەی لە سیاسەت‌و لە خۆم بگەمو ئەوەندەی عەقڵم پێ‌بشکێ هەوڵ ئەدەم هەرچی ئەڵێمو هەرچی ئەنووسم ، لە سەنگو تەرازووی‌بیرو باوەڕم دەرنەچێو لەو وتراوو نووسراوانە نەبێ کە بێ لێکۆڵینەوەو لێ‌پرسینەوە ئەکرێنو ئەنووسرێن •

لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شوورەیی نییە لە سلێمانی رایەکم بووبێو لە بەغدا رایەکی‌تر • چونکە پیاو ئەوەیە ئەگەر هەڵەی خۆی بۆ دەرکەوت لەسەری سوور نەبێو ، لێی بگەڕێتەوە ، بگەڕێتەوە گەلو ، ئیلتیزامیان بە لایەنی سەر رێکەی راست•• لەوانەشە دوژمنەوە کرد ، ئیتر چی تێدا جاروبار ئاوو هەوا بیرو باوەڕ بە بنیادەم بگۆڕێو ، کاژێکی پێ فڕێ بداو کاژێکی‌تری پێ دەرخا •

کورد بدوێنە .. شەرعی خۆی ئەکا !

برادەر فاضل ناڕەزایی لەوە دەرئەبڕێ کە من نووسیومە وتارەکەی وا ئەگەیەنێ ڕوانگە دژی گەلەو ، ئەڵێ : لە کام دێڕی وتارەکەمدا شتیوا نووسراوە ؟••

خۆزگە برادەر فاضل ئەگەر لە بیریشی نەبێ چی نووسیوە ، هەر هیچ نەبێ بگەڕایەتەوە بۆ سەر وتارەکەیو جارێکی‌تر بیخوێندایەتەوە ، تا بێتەوە یادی چی نووسیوەو، بۆی دەرکەوتایە قسەی رووت کێ ئەیکاو ، قسەی کێ گومرگی ناچێتە سەر ••

institut kurde de paris

گەشتێك :

لە دەربەندی بازیانەوە بۆ ملەی تاسلوجە

بەشی یەکەم

(پێشەکی)

ئێمە لە سلێمانی بە وولات یا ناوچەی گەرم ئەڵێین (گەرمیان) وە بە وولاتی سارد ئەڵێین (کوێستان) ، هەروەها (گەرمیان) بۆزستانە هەوارو (کویستان) بۆ هاوینە هەوار بەکار ئەهێنین شاری (کەرکوك)ی ئیستا دائەنریت بە گەرمیان و شاری سلێمانی بە کویستان ، هەرچەند ئیمە شارەزوریش بەگەرمیان دائەنێین کە بەشێکە لە دەشتی سلێمانی .

وەرگێڕانی : ئەحمەد ڕێبوار

ناوچەی پارێزگای کەرکووکی ئیستا کە کەوتۆتە میانەی زاگروس و زێی بچووك و دیجلە و شاخی حەمرین و سیروان - دیالە - وە هەمان ناوچەیە کە لە چاخی ساسانی یەکاندا پێی ئەوترا (گەرمەکان) (موئیزخورین ، سەدەی پێنجەمی زایینی) ، ئەو ناوەی سەرچاوە عیسایی یە سوریانی - یەکان بە شیوەی (بیت گەرمای) توماریان کردووە ، بە سووك کردنی پێیان ئەووت (باگەرمێ) وە بە عەرەبی کراوە بە (باجەرمێ) یا (جەرمەقان) وە لە (گەرمەکانی) ساسانی - یەوە کراوە بە عەرەبی کە لە سەرەوە باسمان کرد ، ئەو دوو واژە سوریانی یە (بیت گەرمای) یا (بیت گەرمی)[1] وە هەروەها واژەی (گەرمەکانی) ئێرانی هەمووی مانای نیشتمانی گەرم یا وولاتی (گەرم) ئەگەیەنێت .

(١) بڕوانە پەراوی قواعد اللغة الكردية - توفيق وهبی - بەرگی - ١ - بابی - ١ - ل ٧ ، ل ١٥ .

تێبینی : وشەی (گەرمەك) لە واژەی (گەرم)ەوە وەرگیراوە وە لە پاشکوی « ئۆکجۆ »ی ئێرانی یەوە کەلە بنەڕەتی هیندو ئێرانی دا ناسراوە بە (ەکەو) لە رووی نازو بچووك کردنەوە بەکار ئەهێنرێت ، وە لە زمانی کوردی دا بێجگە لە مانا بنەڕەتیەکانی وەکوو ئامرازێك بەکار ئەهێنریت بۆ پێناسینی دیاری کراو کە لە زمانی عەرەبی دا (ال)ی پێناسینی بۆ بەکار ئەهێنرین .

بە داخەوە ئیمە ئیستا ناتوانین مانای تەواوی واژەی (گەرم) بسەلمێنین کە لە - گەرمەك و ، جەرمەقی - عەرەبی دا هەیە ، بەڵام شیوەی (گەرمەکان) یان (جەرمەقان) لەوەوە دروست بوە کە (ان)ی ئامرازی کو کردنەوەی ئێرانی پیوە لکێنراوە کەلیرەدا مانای (شوێن) ئەگرێتەوە ، بەمە مانای گەرمەکان یا جەرمەقان ئەبێت بە نیشتمانی (گەرم) یا (گەرمەك) یا (جەرم) یان (جەرمەق) ، (بیت گەرمی)ی ئارامی یان (بیت) جەرمەق) کە کوورت کراوەتەوەو بووە بە (بارجەلی)یان (باجەرمەق) بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی جێگای (گەرمەکان)ی ئێرانی بگرێتەوە کە مانای نیشتمانی - گەرم - و جەرمەق - ٥ .

کەواتە ئەو (گەرم) انە کێن کە ئەم ناوچەیەیان بە ناوەوە ناونراوە ؟ ئەمە ناتوانم ئیستا کتومت بەراستی وەڵامی بدەمەوە ، بەڵام من لە باسێکی ترا ووتومە کە ناوی (کرم - انج) ئەو ناوەی ئەمرۆ بە کوردە لادیی یەکان و دانیشتووی شارەکان ئەوواتریت لە ووشەی (کرم)ەوە[1] وەرگیراوە کە بە شێوەی (گرم) واژەی ئەکرێ وەکو چۆن (یەزدەگەرت) بە شێوەی (یەزدەگەرد) واژە ئەکرێ بە گورینی دەنگی (کاف) بە (گاف) .. - یەزتە کەرت ، یان یەزدان کەرت - مانای (ئافەریدەی خوا) ، ڕێی تێ ئەچێت کە بنەڕەتی وشەی - گەرمەکان - (گەرمەکان) بووبێت - مانای وولاتی گەرم ، لە پێشەوە وتم واژەی - کرمانج - کە ناوێکی تری کوردەکانە مانای (نەوەی مار) یان (مار پەرست) « بڕوانە گۆڤاری گەلاویژ ، تۆفیق وەهبی ساڵی ١٩٤٠ ، ژمارە (٧) بەرگی (١) ، ل ٣٨ » ئەوە سەیرە ئەرمەنیەکان لە مێژووەکانیاندا بە نەتەوەی - ماد - یان ئەووت - مار - لە زمانە ئێرانیەکاندا کە کوردیش یەکێکە لەو زمانانە هەر مانای (مار) ئەگریتەوە ، وە لە پەراوی (کارمانیك أراتحشیری پاپەکان) کە لە نزیکەی سەدەی شەشەمی زایینی دا نووسراوە، ناونیشانی کوردەکان بە شێوەی کوردان شاهی مادی) نووسراوە مانای (پاشای مادی کوردەکان) ، لەوە تێ ئەگەین کە (ماد) و (کورد) لەو سەردەمەدا ناوی یەك نەتەوە بون . هەروەها (شپیگل) لەتێ بینی یەکی و ئەڵێت : لە نێوان ئەو تیرە ئەرمەنی یە خانەدانانەدا کە لە نزیك (ماسیژ)ەوە وەنیشتە جێ ، هەن کە ئەڵێن ئێمە لەنەوەی (ماران شاهی مادی) ین - ب . نیکتین ، بەرگری کوردیك لە مەژهەبی سوننی ١٩٢٣ ل ١١ - وشەی ماسیژ ئەمە ناوی شاخێکە لەو وولاتەی لە پەراوە عەرەبی یە کونەکانداً بە ناوی وولاتی ئەرمینیا ناسراوە - هەمان سەرچاوە ل ١٠ - .

زنجیرە چیایەك شاری کەرکوك و سلێمانی لە یەك جیا ئەکاتەوە کە لە روباری (سیروان)ەوە تا روباری - زێی بچووك - درێژ بۆتەوە ، ئەم زنجیرە پارچەیە کە لە یەکەم زنجیرەی ڕۆژئاوا لە زنجیرەکانی - زاگروس - ی مەزن کە لە باکوری ڕۆژئاواوە بۆ باشوری ڕۆژهەڵات درێژ بۆتەوە هەندێ جار هاورێکی و هەندێ جار بە ناو یەکدا چووە ، ئەمە ئەبێت بە دیواری ڕۆژئاوای بانی ئێران هەر لە سەرەکەیەوە لەباکووری تا کەنداوی عەرەبی ، وە درێژی نزیکەی (١٠٠٠) کیلومەترە بەڵام پانی نزیکەی (٢٠٠) کیلومەترە یە .

(١) بڕوانە قواعد اللغة الكردية ، توفيق وهبی ، بابی (١) ، مادەی (١٠) و (١١) .

پاشماوەی : لاپەڕە (٣)

ڕوانگەو ... گو ئیرە ڕەخنە

بێ پەروا ، بێ خۆتەفرەدان ، بێ ئەوەی سەرخۆشی خۆش بینیەکی گەوجانە ببین کە مل شکاندنی لە دوابێت ، گەلێ جار بەتەنیا نیشاندانی لایەنی (سلبی)..

دەرخستنی لایەنی ئیجابیە - تیشە ، بێ ئەوەی دەست نیشان بکرێت ، بە تایبەتی ئەو بەرهەمە لە شەخسیەتی شاعیر جیا نەکرێتەوە ؟ واتە کێ ئەوەی وتوە ؟ دوژمنێکی کورد وتویەتی ؟ یان دۆستێکی ؟ ئایا نوسەر .. بڕوای وایە .. من لەگەڵ ئەو زەم کردن و توندو تیژیەشمدا ئەو شیعرەم بەنیازی سوك کردنی کورد نوسی بێ ؟ یان بە نیازی دڵسۆزی ؟

ئەو نوقاتی تەفتیشی یە پۆلیسیانەی کە کاك (فاضل) کردونی بە پاسەوان بەسەر شیعرو ئەدەبەوە ، بۆ ئەوەی (بیری) یان تیابپشکنێ .. دەمێکە لای پێش کەوتن خوازەکان .. بەسەر جادەی شۆڕشگێڕێتی کەوتون و شوێنەوارەیان .. سەرراوەتەوە . « ئۆدن » شاعیری ئینگلیزی بە ناوبانگ ، لە هەڵبەستێکیا ئەڵێت :

(ئاخ .. ئینگلتەرە .. ئەو وڵاتەی تەنیا پیاوێکی تیابی یە لە پیاوبچێ) کەس نەهات .. ج میری و ج لە ناو خەلکیشا ڕێگە لە ئۆدن بگرن چونکە دڵنیا بوون لەوەی شاعیر بەم وتانەی هیوای پاشە ڕۆژێکی چاکتر بۆ وڵاتەکەی ئەخوازێ ، لە کاتێکا زەمیشی ئەکات ، ئەمە لە کاتێکا « ئۆدن » خۆی مارکسی یەو دەوڵەتیش دژی بیروباوەڕەکەیەتی) .. گۆڤاری الكلمة ژمارە (٤) تەموزی ٩٧٢ ئەمانە هەمووی لەوڵاوەبوەستێت ئەگەر مەسەلە کویرە ڕەخنەو ڕقێکی نامەوزوعیانە نەبێت ، بۆ ئەبێ نووسەر بەتەنیا بۆ پارچە شیعرێ بگەڕێ کە ئەیەوێ تۆمەتەکانی خۆی لەسەر بنیات بنێ ، لەبەرچی بەدەیان پارچەی تر ئەخاتە پشت گوێ ؟ لەبەرچی سەراپای ڕەخنەکەی هەر قەسابخانەی سەربڕینەو .. تەنیا ئیشارەتێکی تیانی یە بۆ ئەوەی ئێمە (نەشیعرێکمان وتوە لە شیعر بچی و نە چیرۆکێکیشمان نوسیوە لە چیرۆك بچێت) .. ئەمە لە کاتێکا .. دەبارەی شیعرەکەی من ئەڵێت تەنیا لایەنێکی ئیجابی باس نەکردوە ! لەبەرچی ؟ نە بەرچی ؟ ئای کە وەرامەکەی .. لای خوێنەرێکی زیرەك ئاشکرایە !

وشەی « من »و زمانی شیعر

● کاك (فاضل) بێمان ئەڵێت « هەموو رستەیەکیان بە تەنیا بە باری سەرنجێکا ، من ، زۆرەکەم ، دایکم ، خۆشەویستم ، دەرونم ، یاخی بونم ..

دەست پێ ئەکات ، خزیان مەوزوعی باسن کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لەچوار چێوەی خۆپەرستی و زاتیەت نەچونەتە دەری و خەریکی گیروگرفتی شەخسی خۆیانن » .. وە هەروەها ئەڵێت « یاخی بون تەعبیر لە نەفەسی کورت و رارایی و پەلەپەلی بورجوازی بچوك ئەکات ، کە ئەمەش لە ڕێبازی سیاسی گیفارستەکانا خۆی ئەنوێنێ » ..

ئەوەی یەکەم جار لەم قسانەدا ، نیشانەی پەلەپەلی بورجوازی بچکۆلانە .. دەرئەخات ، نوسینی بێچاو پیاگێڕانەوە ، نیشان ئەدات ئەوەیە کە ئەڵێت « هەموو رستەیەکیان» واتە رستەیەکمان نییە ، بە (من) دەست پێ ئەکات ، لام وایە ئێستا نوسەر ، لە دڵی خۆیدا دان بەوەدانێ ، کە هیچ نەبێ « بموتایە .. هەندێ ، گەلێ ، بە زۆری .. » نەك « هەمو » لێرەدا لام وایە (رارایی) بە کەڵك ئەهات ئەگەر نوسەر ، کەمێ بەتەنگەوە بوایە !

لەلایەکی تریشەوە ، نوسەر خۆی توشی باسێ کردوە ، کە تەنیا بە باری سەرنجێکا ، وە لە باس کردنی - خەتێ گیفاراستیدا - ، نەك تێکەڵاو کردنی ڕەمزی گیفارا خۆی بە ئەدەب چی ئەگەینێت ؟ کە ئێمە ئەمەیانمان مەبەستە .. چونکە ئێمە خەتێکی سیاسی گیفارستی یان غەیرە گیفاراستیمان نییەو پێویست بەوە ناکات لەم ڕووەوە بدوێم و لەسەری بڕۆم .. بێ گومان یەکێك زمانی شعر ، یە زمانی جاڕدان ، نەزانێ ، دڵنیایە لەوەی کە وشەی (من) لەو پەیوەندی یە ئەدەبی یەدا ، لە وشەی (ئێوە) جیا ناکرێتەوە ، بە تایبەتیش کە تەواوی بەرهەمەکە خوێنرایەوە (شارەکەم) ئەوە ناگەینێت شاری من بێ و هی خۆم ، بەڵکو یەکسەر خوێنەر ئەوە وەرئەگرێت (شارەکەمان)شارەکەی ئەویش و شارەکەی شاعیریش ، « وشەی (من) بریتی یە لە کۆمەڵێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و لە هەمان کاتا ئاوێتە بە کۆمەڵێ ڕەمزو نیشانەی مرۆڤایەتی » « بینینی تاقە سەربازێکی بریندار ، ئەوە دەرئەخات کە سوپا بەسەلامەتی رزگاری نەبوە » گۆڤاری الكلمة - تموز ١٩٧٢ .

تەنانەت ئەو وشەو زاراوانەی پەیوەندی یەکی زۆر تایبەتیشیان نییە ئەمڕۆ بە تەنیا بۆ - ئافرەتێکی خۆشەویست - بۆ لاپەڕە -٧-

پێشەکیەکی کورت :

فرانز کافکا (١٨٨٣-١٩٢٤) لە نێو کۆڕو کۆمەڵانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی ئێمەدا ، بە دانەری چەند ڕۆمانێکی بە نرخی وەك : (موحاکەمە)و (قەڵا)و (ئەمەریکا)و چیرۆکە کورت و درێژەکەی (گۆڕان) بەناوبانگە . بەڵام ئەو کافکایەی کە هەر بە ڕۆمان نوس ناسیومانە ، سەرەتای تەمەنی بە کورتە چیرۆك دەس پێ کردوە ، بە تایبەتی ئاتی، کە لە ساڵی ١٩١٣دا کۆمەڵێك کورتەچیرۆکی ڕۆر کورتی خۆی لە ژێر سەرناوی (تێڕامان) دا بڵاو کردەوە ، سەرەڕای ئەمەش بە ئەوپەڕی لێوەشاوەیی و بەهرەی جۆشداری خۆی جەختی هونەرێکی تری ئەدەبی کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژاوادا بە (حیکایەتی

چەند حکایەتێکی ڕەمزی : کافکا

(پرد)ەکە !!.. ئەمەو بەرای کافکا وادیارە گەلێ هێزی نەبینراوی ناقۆڵا هەیە ، لوت ئەژەننە کارو چارەنوسی مرۆڤی نائومێدو لانەشێواو ، وەك لە (ڕێنما)و (گەشتکەرانی شەمەندەفەر)دا دیارە .. بەم پێیە ئادەمیزادی کافکا هەمیشە لە دۆژەی ئاوارەیی و سەرگەردانی دا نقوم ئەبێ و بەخەمو پەژارەو دەردەدڵو ژانەسەر ، سەر ئەنێتەوە و دانەچۆقەو نیگەرانی ئەیتوقێنێ ترسان و گومان دایئەهارێ !! هەر بۆیەش ئەیەوێ بە هەمو توانایەوە خەڵکی تر لەروی ئەم راستی یەدا بێدار بکاتەوە ، وەك ئەوەی لە (شەو)ەکەیدا ئاشکرایە !! هەر لەبەر ئەم داپچڕانو لێك دابڕانەش کە لە نێوان دەرەوەو ناوەوەی مرۆڤدا هەیەو ناکۆکی و شەڕێکی قورس و نالەبار لە نێوان ئەم دوجیهانە جیاوازەدا خولقاوە ، لە (گوندی ئەودیو)دا ئەم مەسەلەیە شی ئەکاتەوە !! لە دنیای ئەمرۆکەی ڕەخنەی پێشکەوتودا ، نوسینەکانی کافکا بەو ڕەنگە دەس نیشان ئەکرێت ، کە ئەم جۆرە بەرهەمە زینەدوو ڕاستکۆیە ، خۆی لە خۆیدا - شان بەشانی هەر جۆرە ئەدەبێکی لەم بابەتە - ڕەنگرێژی ئەو واقیعە سەختو تەسك و بەکارەی سەرمایەداری یە کە مرۆڤی خستۆتە هەڵپەو چڵێسك و ساختەکاری و بەدبینی و پێشێل کردنی کەرامەتو کردنی مرۆڤ بەو (بورغی یە) مل کەچەی نێو ماکینەی لەندەهۆری ڕیژیمی بلحی سەرمایەداری .. باوەڕنامەیەکی ڕاستەو ڕاستی ئادەمیزادێکی زیرەك و هەڵکەوتوو هەڵپرو کاوی ژێر سایەی بێ ئۆقرەو حەوانەوەی ئەم ڕیژیمە ناپەسەندەیە .. بێگومان ئەبێ سوپاسێکی گەرمیش بۆ مامۆستا جەودەت هوشیار هەڵگرین کە ئەم چەند پارچەیەی لە روسی یەوە بۆ ئامادەکردین ..

وەرگێڕ : محمود زامدار

- ١ - (درەختەکان)

مادامەکی ئێمە وەك ئەو درەختانەین کە لە چلەی زستاندا ئەروتێنەوە وامان دێتە بەرچاو ، وەك بلێی ئەم درەختە شەختەگرتوانە ، زۆر بە سانایی لەسەر تاشە بەفرەکان ئەخزێنەوە ، یا هەر پچێك دەستی پێوە بنێین ، ئەکەونە جمێو جوڵان . نەء .. ! هیچ کاتێ ئەمەمان بۆ ناکرێ ، چونکە بە چەشنێکی زۆر سەیر وشك بونەتەوەو بە قولی ڕەگ و ڕیشەیان لە ناخی بەفردا داکوتاوە نزیك بەرەوە ، تا تاقی کەیتەوە .. ئەنجام ! هەر ئەمەیە کە لە بەرچاوتایە ..!

- ٢ - (کراسەکان)

ساتێ کە کچە نەشمیلانەکان ئەبێنم، بەکراسە شیرینەکانیان کە بە جۆرەها ڕەنگ تەنتەنەو نەخش و نێگارەوە جنراوەو خۆیانی پێ ئاراستە داوە ، یەکسەر ئەوەم بە بیر دێ کە ئەم جۆرە کراسانە تاسەر ، ئاوا لە دەقی خۆی نامێنێتەوە .. چونکە بەیەکترەوە، تێك ئاداو لەیەکیان ناپچڕێنێ .. وەك ئەوەی بڵێم « خۆشەویستەکەم » ، واتە لێرەدا ئەگەر مەبەستم لە لە ئافرەتێ بێ، ئەو پەیوەندی یە - تایبەتی - یە .. بە مەبەوەی زۆرتر ئەبەسێتەوە وەك لە کەسانی لاوەکی تر ، وە هەروەهاش بڵێم - منالەکەم - واتە مەبەستم منالەکەم خۆمێ ، ئەڵێم تەنانەت ئا لەم کاتانەشدا کاتێ بەرامبەرەکەم ، ئەوەی گوێی لێ گرتوم ، ئەوەی ئەیخوێنێتەوە ، وەك کارتێکردنێکی سایکۆلۆجی و ئەلقەیەك بۆ بیرکەوتنەوەی تاقی کردنەوەکانی تایبەتی - خوێنەر خۆی - یەکسەر خۆشەویستەکەی خۆی منالەکەی خۆی ، زۆرەکەی خۆی بیرئەکەوێتەوەو دێتە بەرچاو

سەرەڕای ئەمانەش ، زمانی شیعرو ئەدەبی ئەمڕۆ ، گەلێك زاراوەی لە ناو یەکتردا تواندۆتەوە بۆ چەند مەبەستێ یان بەکارهێنانی وشەیەك بۆ چەند مەبەستێ ، کە لە بنچینەدا لەمانا فەرهەنگی یەکەی ڕزگار کردوە ، واتە خستوتێتە بە .. بزوتنەوەو ژیانێکی کراوەترەوە ، بەرگە کزنەکەی لەبەر داکەندوەو ، بە جۆرێکی تر گۆڕیوێتی ، بۆ نمونە :وشەی (خۆشەویستم) ، وشەیەك نی یە ئەمڕۆ بە تەنیا بۆ - ئافرەتێکی خۆشەویست - بۆ لاپەڕە -٧-

زام و کەسەرانەی کە گرمان تێ بەر ئەدەن و هەروەك : (سەندوقی سەیرو سەمەرە) شەڵ و شەکەتمان ئەکەن .. ! لەم چەشنە وەختانەدا کەس نیە بپرسێ :

« لە مەودوا چی ئەکەم ؟ یان (بۆ پێویستە ئەمە بکەم) ؟

- ٥ (ڕێنما)

قیژاندم : ئایا من ڕێنما نیم ؟

تۆ ! پیاوێکی ڕەش ئەسمەری کەڵەگەت لەم فسەیەم حەپەساو چاوەکانی هەڵگڵۆفی و وەك بڵێی لە خەوێکی قول بیدار بوبێتەوە .. لە شەوەزەنگێکا ، لەبەردەم ڕەورەوەی (ستێرن)ەکەو لە ژوری کاپتن دا وەستابوم گزیدەی بەربەیان بە بێ هەوەسو بەکزیەکەوە ئەدرەوشایەوە . ئەم ئادەمیزادە هات و ویستی لە پێچکەی ستێرنەکە هەڵمقەنێنی ، بەڵام من لە جێی خۆم نەجوڵامەو .. بۆیە بە هەمو هێزێکیەوە پێ یەکانی خستە سەر سینەم و ویستی گلۆرم کاتەوە .. مە بەردەوام ، خۆم بەستێرنەکەوە گرتبو و بە هەمو لایەکا ئەمسوراند .. کەچی لە پرێکا لە دەستی دام و تورە تێی هەڵدام و ستێرنەکەی گرت و دایچەسپاند .. کەچی پاش ماوەیەك کە هوشیار بومەوە ، روم کردە لای ئەو کولانکەیەی کە بۆژوری شوفێرەکان ئەچوو لەوێدا دەستم کردە قیژاندن و داوام لە کەشتیەوانەکان کرد تا بە هاوارمەوە بێن :

- بگەنە هانام .. کابرایەکی نەدیت و نەناسراو ستێرنەکەی لەدەس دەرهێنام . بە هیواشیەکەوە ، چەند ڕەلامێکی زرتەبۆزو زەبەللاحی هیلاك و بەلاداچو ، بە پەتژەکە هەڵگژانە سەر ولێم پرسین :

- ئایا ، لێرەدا من ڕێنما نیم ؟

بە سەربادانێکەوە سەیریکیان کردم ، بەڵام چاویان هەر بەلای کابرا غەریبەکەوە بو ، لەپاشان لەنزیکیەوە نیوە دەورەیەکیان بەستو هاواری لێ کردن :

« لاچن ، ڕێم لێ مەگرن و لە کارم مەخەن » .

هەمو زەلامەکان بون بە دەستەیەکو سەر لەنوێ سەرێکیان لێ بادام و ڕویان کردە پەیژە کەو یەکە یەکە شۆڕبونە ژێرزەمینەی پاپۆڕەکە .

ئەمانە چۆن ئادەمیزادیکن ؟ ئایا بیر لە هیچ ئەکەنەوە ، یا هەر تەنیە لە کاتی ڕێکرد بانا هەڵ ئەدەن جێرە جێڕ لە پێلاوەکانیان بێنن ..!

- ٦ - (لە نیوە شەودا)

خۆزیا هەر جارێ خۆوت لە ناخی نیوە شەودا ئەدۆزیەوە ، هەروەك چۆن جار ناجار بەسەری بە ئەژنۆتەوە بیر ئەکەیتەوە .. خۆزیا بە هەمو قەوارەو گیانتەوە شۆڕ ئەبویتە ناخی نیوەشەوەوە ..

خەڵکەکەی دەوروبەرت ئەخەون .. ئەپهای لەم بەزمە گچکەیەو وای لەم خۆ هەڵقریواندنە سادەیە .. وەك بڵێی ! لە ماڵی خۆیانو لەسەر چارپایەی تونەدو لە ژێر بنمیچەی پاك و خاوێنا ئەخەونو خۆیان لەناو پێخەفو سەرینو دۆشەگو لێفەو بە تانیەدا ئەگەوزێنن ، گەچی ڕاستیەکە ئەوەیە ، ئەمانە بە تێکڕایی ، خۆیان لە سارایەکی کاکی بە کاکیو لەشکرگایە ژێر ئاسمانێکی ساماڵاویو شینا دۆزیەوە .. ئەم خەڵکە لە ژمارە نایێن ، سوپایەکی تەواون ، میللەتێکن لەسەر خاکێکی ساردو سایەی ئاسمانێکی ساردا ئەژین .. بە

بڕوانە ل ٧

insituttkurdeparis

پاشماوەی : ئەمجارە لەگەڵ برادەر فاضل

دەستمە • من لەبارەی گیفاراوە نووسیومە : « بەڵێ ڕاستە ئەبێ مارکسیست چاوی لە هەڵەو هەڵەپەرستی نەنووقێنێ، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا کە گیفاریزم نەبوە بە بەردی بەر پێچکەی ڕەوڕەوەی مێژوو، سووك کردنی تێکۆشەرێکی •• وەکو گیفارا ، کاری ئەوانە نییە قەدری قوربانیدان و خەباتو لێبووردنیان لایە» • هەروەها نووسیومە : « حوکم دانێکی موتلەقی وەك حوکمەکەی برادەر فاضل بەسەر گیفاریزمدا کە لە شوێنێکی تایبەتیو بارێکی تایبەتیدا سەرکەوتووە یا بەزیوە ، حوکم دانێکی دوگماتیە » • ئەمە چ عاطیفە جووڵاندن و بازرگانی پێوە کردنێکی تیایە ؟

جیاوازی من و برادەر فاضل لە بە هەڵە دانانی ڕێو شوێنی گیفاریستیدا تەنها لەوەدایە من نەمتووە گیفارا بۆیە بە هەڵەدا چووە چونکە بە فەرمانی فلان کەس، بەڕێوە نەچووە ، ڕێو شوێنی یبەتیی خۆی بووە •

برادەر فاضل هەڵ لە کیس ادا بێ ئەوەی مەسەلەکەی بێوان خۆمو خۆی بخاتە قالبی ناکۆکی نێوان دوو هێلە ناسراوەکەی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی یەوەو هەندێ بەسەر گوێلاکی لایەکیاندا بێت ، هەرچەند ناویشیان نابات •• من هەرگیز ئەوەم بە ئەرکی سەرشانی خۆم دانەناوە کە ئاگری ناکۆکیی ناو تیپە شۆڕشگێڕەکانی جیهان خۆش بکەم • لەبەرئەوە داوای لێبوردن لە برادەر فاضل ئەکەم کە لەم مەیدانەدا پیا ناگەمەوەو ، بە ڕاست دانان یا بە هەڵە زانینی ڕێو شوێنی هەرکام لەمانە بەجێدێڵم بۆ ڕەوتی ژیانو ، لاموایە ژیان خۆی لە هەموومان باشتر چاری ئەم مەسەلەیە ئەکاتو ، هەر شتێ کاتو شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە •

من و برادەر فاضل چۆن لە یاخی بوون تێ گەیشتووین ؟

برادەر فاضل وای دائەنێ کە هەڵوێستی هەردوکمان لەبارەی یاخی بوونەوە وەك یەکە ••

با دیسانەوە بگەڕێینەوە دواوە بزانین ئاخۆ ڕاستە وایەو ، هەر کامێکمان چیمان نووسیوە • برادەر فاضل نووسیویە : « یاخی بوون شۆڕش نییە •• یاخیبوون شۆڕشگێری نییە •• یاخی بوون دەربڕینێکی کرچو ناهوشیارە ، وەکو گێژەڵووکەی ناو فنجانە •• هەر لە دەروونی ئەوکەسە یان چەند کەسێکا گینگڵە ئەدات یان ئەکەوێتە ڕەو لە شێوەی تەقینەوەیەکی ناڕاستەکراوی بێ مەبەستا •• کە وەکو بڵقی سەرئاو تەمەنی کورتو بێتەئسیرە •• یاخی بوون تەعبیر لە نەفەس کورتیو ڕاڕایی و پەلەپەلی بۆرجوازیی بچووك ئەکات •• » •

منیش نووسیومە : « مارکسیستەکان مەسەلەکە بەم جۆرە لێك ئەدەنەوە : یاخی بون لە کێو کێیە یاخی ئەبێ ؟ ئێمە ناتوانین هەمور یاخی بوونێك بە چاك یا بە خراپ دابنێین » • ئەوجا هەر لەناو ڕوانگەیی یەکان خۆیاندا دوو نموونەم بۆ یاخی بوونی بۆ پێشەوە چوون و پاشگەز بوونەوە هێناوەتەوە •

جا توخوا با خوێنەران بڵێن ئەم دوو قسەیەی من و برادەر فاضل لەچی دا یەکن ؟ ئەوەی تۆزێك لە سیاسەتی مارکسیستی بگا ئەزانێ نەگەر بە قسەکەی برادەر فاضل بێ ئەبێ مارکسیستی چاوی لە هەڵەو هەڵەپەرستی بێ ، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا کە گیفاریزم نەبوە بە بەردی بەر پێچکەی ڕەوڕەوەی مێژوو، سووك کردنی تێکۆشەرێکی •• وەکو گیفارا ، کاری ئەوانە نییە قەدری قوربانیدان و خەباتو لێبووردنیان لایە» • هەروەها نووسیومە : « حوکم دانێکی موتلەقی وەك حوکمەکەی برادەر فاضل بەسەر گیفاریزمدا کە لە شوێنێکی تایبەتیو بارێکی تایبەتیدا سەرکەوتووە یا بەزیوە ، حوکم دانێکی دوگماتیە » • ئەمە چ عاطیفە جووڵاندن و بازرگانی پێوە کردنێکی تیایە ؟

جیاوازی من و برادەر فاضل لە بە هەڵە دانانی ڕێو شوێنی گیفاریستیدا تەنها لەوەدایە من نەمتووە گیفارا بۆیە بە هەڵەدا چووە چونکە بە فەرمانی فلان کەس، بەڕێوە نەچووە ، ڕێو شوێنی یبەتیی خۆی بووە •

برادەر فاضل هەڵ لە کیس ادا بێ ئەوەی مەسەلەکەی بێوان خۆمو خۆی بخاتە قالبی ناکۆکیی نێوان دوو هێلە ناسراوەکەی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی یەوەو هەندێ بەسەر گوێلاکی لایەکیاندا بێت ، هەرچەند ناویشیان نابات •• من هەرگیز ئەوەم بە ئەرکی سەرشانی خۆم دانەناوە کە ئاگری ناکۆکیی ناو تیپە شۆڕشگێڕەکانی جیهان خۆش بکەم • لەبەرئەوە داوای لێبوردن لە برادەر فاضل ئەکەم کە لەم مەیدانەدا پیا ناگەمەوەو ، بە ڕاست دانان یا بە هەڵە زانینی ڕێو شوێنی هەرکام لەمانە بەجێدێڵم بۆ ڕەوتی ژیانو ، لاموایە ژیان خۆی لە هەموومان باشتر چاری ئەم مەسەلەیە ئەکاتو ، هەر شتێ کاتو شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە •

یاری بە وشە کردن و لە دیالەکتیك نەگەیشتن

برادەر فاضل بۆ ڕەخنە گرتن لەوەی کە من وتوومە کەوا شتی ئەساسی لە ئەدەبدا یەك گرتنی شێوەو ناوەڕۆکە ، هاتووە پارچەیەکی لە کتێبی « لەبارەی ناکۆکییەوە »ی برادەر ماو تسی تۆنگ وەرگرتووەو گوایە بەوە بەرپەرچی منی داوەتەوە ••

ئەمەش بەلای منەوە جۆرێکی تری کرچو کاڵی بەڵگە بە تیووری هاوردنەوەیەو تێ نەگەیشتنێکی ئاشکرای قانوونی دیالەکتیکە • زۆرم پێ باشبە برادەر فاضل لەوە بگا کە هیچ ناکۆکییەك نییە لەنێوانی ئەوەدا شتی ئەساسی لە ئەدەبدا ـ وەك لە هەمووشتێکیتردا ـ ناوەڕۆك بێو ، هەروەها شتی ئەساسی لەئەدەبدا یەك گرتنی شێوەو ناوەڕۆك بێو ، دیالەکتیك وامان فێر ئەکا • چۆن ؟

ئەمە کە شتی ئەساسی لە ئەدەبدا ناوەڕۆکە ، لەوە ڕووەوەیە کە ئەدەب هۆیەکی ڕاگەیاندنی بیرە بۆ کۆمەڵانی خەڵك و کەواتە ئەگەر ناوەڕۆکی ئەدەب کۆنە پەرست بوو ، دیارە ئەدەبەکە ئەدەبێکی کۆنە پەرستە ئەبێو، بەڵای مارکسیستەکانەوە لەبارەی ناوەڕۆکەوە ، تەنها ئەو شتە پەسەندە کە ناوەڕۆکی پێشکەوتوو بێ •

ئەمەش کە شتی ئەساسی لە ئەدەبدا یەکێتیی شێوەو ناوەڕۆکە ، لەوڕووەوەیە کە ئەدەب ڕاگەیاندنی بیرە لە چوارچێوەیەکی تایبەتیداو واتە ئەدەبی ڕیالیستی سۆشیالیستی بەوە ئەوترێ کە مەبەستێکی سۆشیالیستی لە شێوەیەکی ڕازاوەو جواندا پیشان بدرێ • وا دەرکەوت ئەم دوو شتە ئەساسییە دوو سەری جیاوازی مەسەلەکەنو ، ئیتر مەعنای یەکێتیی شێوەو ناوەڕۆك وا لێك نادرێتەوە سەنگو تەرازوویەك بێنین بزانین هەرکامیان چەند گرامنو کامیان لە کامیان زیاترە !

تێ نەگەیشتنی ئەم ڕاستییەو زاڵ کردنی یەکی لەم دوو سەرەی مەسەلەکە بوو بەسەر سەرەکەی تریانا ، دەیان ساڵ بوو بەهۆی ئەوە کە هەزاران شیعرو چیرۆك و بەرهەمی تری کاڵو کرچی « ئەدەبی » ، هەر لەبەرئەوەی ناوەڕۆکەکەی پێشکەوتوو بوو ، کرا بە شاکاری ئەدەبیو بە شانو باڵیا هەڵدراو ، چەشنی هونەرەی گەلی پێ مرینرا ••

بۆئەوەی ئەم بابەتە دیالەکتیکییە بەئاسانتر بە برادەر فاضل قووت بچێنم ، نموونەیەکی سادەتری بۆ ئەهێنمەوە : شتی ئەساسی لە « چێشت »دا چییە ؟ ژیاندنو تێر کردنی چێشتخۆرە یا ئەوەتە چێشتەکە باش لێ ترابێو ڕۆن و پیازو خوێو کەرەستەکانی تری ئەوەندی پێویست تێ کرابێ ؟ بێ گومان ئەگەر شتی ئەساسی ژیاندنو تێر کردن بێ ، هەرچون بێ چێشتخۆری هەر پێ تێر ئەبێو پێی ئەژی •• ئەگەر باش لێ نان و تەواوی کەرەستەکانیشی بێ هەر بە چێشت دائەنرێ ، هەرچەند لەلاوە کەوچکێ ژاریشی تێ کرابێو بخۆرەکەی بکوژێ •• لێرەدا وا مەسەلەکە ڕوون بووەوە : کەس ناتوانێ بڵێ مەسەلەی ئەساسی لە چێشتا ژیاندنو تێر کردنی چێشتخۆر نییەو ، دیارە چێشت بۆ ئەم مەبەستە لێ ئەنرێ • کەسیش ناتوانێ بڵێ پێویستو ئەساسی نییە ئەم ژیاندنو تێر کردنە شان بەشانی باش لێ نانو کەرەستە تەواوی بڕوا ، چونکە ئەگەر وابوایە کەس چێشتی لێ نەئەناو هەرچی بەردەست کەوتایە قنیاتی پێ ئەکردو ، کەسیش لە مالا گوێی نەئەدایە ئەوە کەیبانووەکەی چێشتێکی چۆنی بۆ لێ ئەنێو ئاخۆ ئەیکا بە تل و خوێ ، یا ڕۆن و پیازی تێ ناکا !••

وتیان : کوێرە چیت ئەوێ ؟ وتی : دوو چاوی ساغ

برادەر فاضل ئەڵێ من گلەییم لەوە هەیە کە ئەو بە تیژی خەتی لەبەینی دۆستو دوژمنا کێشاوەو ، وتوویە لەتێوان شۆڕشی پرۆلیتاریار کۆنە پەرستاندا شوێنێکی بێ لایەن نییە •

سەد خۆزگە برادەر فاضل وای گردبوایە ، تا من بە هەردوو دەست چەندم پێ ئەکرێ چەپڵەی بۆ لێ بدەم • بەڵام داخەکەم نە خەتی وام دی لە وتارە (پێشووە) کەیداو ، نە شتی وایشم خوێندووەتەوەو ، نە گلەییشم لە شتیوا کردووە کە وەك وتم هەر لە ئارادا نییە • من گلەییم لەوە کردووە کە بەشێکی لە گەل خستووەتە بەرەی دوژمنانی گەلەوەو کەوتووەتە جەنگ لە گەلیاو ناکۆکی ناو ریزەکانی گەلی کردووە بە ناکۆکیی ناو گەلو دوژمنانی گەل •• من گلەییم لەوە کردووە کە ئەڵێ ئیلتیزام نەکردن بە لایەنی گەلەوە ئەبێ بە ئیلتیزام کردن بە دوژمنانی گەلەوەو ، ئەم قسەیەی ئەوم بە هەڵویستیکی دوورە ـ پەڕو زیان بەخشن داناوە چونکە کۆمەڵانێکی فراوانی زۆر لەناو هەر کۆمەڵێکا هەن لە مەسەلەی گەل نەگەیشتوونو ، ئەیان کردووە بە مالی خۆیانو ، نەك هەر دوژمنی گەلیش نین ، بەڵکو خۆیان گەلن • ئیتر برادەر فاضل ئەم « خەرمانە شەبەنگە بەڕۆژی »یە لەپێناوی چی یا بە دەوری خۆیدا دروست ئەکاتو ، وەك بڵێی هەر خۆی قانوونی خەباتی چینایەتیو گۆڕانی کۆمەڵایەتیی دۆزیبێتەوە !

ئەنجا برادەر فاضل هەزار شت لەسەر بناغەی بۆشی ئەم شتە نەوتراوە دروست ئەکاو ، ئەیکا بە بەڵگە بۆ هێرش بردنە سەر بەرەیەکی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهان •• من دیسانەوە هەر ئەوە دووبارە ئەکەمەوە کە خۆش کردنی ئاگری ناکۆکیی نێوان شۆڕشگێڕانم نەکردووە بە پیشەی خۆمو ، پێم باش بووە برادەر فاضلیش کەمێك لەم ڕووەوە « تواضع »ی پێشان بدایەو ، بیزانیایە هەرلایەك ئەوەندەی بەڵگە بە دەستەوەیە بتوانێ هەڵویستی خۆی پێ پاساو بداو ، چاکی کەوای ئەولای پێ خۆڵاوی بکا ••

لایەنگرتنی گەل زۆر ڕووی هەیە ••

هەر لەم باسەیدا برادەر فاضل ڕەخنەی لە بابەتێك گرتووە کە من ئیشارەتم بۆ کردووە ، کورتەکەی ئەوەیە : « لە ڕۆژێکا کە ئەدەب کرابێ بە کەرەنای چینی حوکمڕانی کۆنە پەرست ، ئەدەبی پێشکەوتوو ئەوەیە خۆی بە باسی سروشتو زوڵفی خاوو چاوی ڕەشەوە خەریك کردبێو، بەم جۆرە خۆی لە داوی پیا هەڵدانی کۆنە پەرستان ڕزگار کردبێو ، گرفتاری کۆتو زنجیری ئەدەبی ڕەسمی نەبووبێ » •

برادەر فاضل ئەڵێ گوایە قسەکەی من وائەگەیەنێ تا میری ڕێگای ئەدیب نەدات تێ بکۆشێ ، ئەبێ هەر خۆی بخلافێنێو ، جا هاتووە بەرپەرچی ئەم مەعنا نەووتراوو نامەبەستەشی داوەتەوە •

ئەوەی من وتوومە شێکی ڕاستو دروستەو ، لەکاتێکا کە ئەدیب تەنها توانای هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو ڕێگای هەبێ : یا چوونە لای بەرەی دوژمن ، یا بێ لایەنی ، بێ گومان بێ لایەنی یەکەی باشەو بۆ ئۆردووگای پێشکەوتن بەسوودە ، چونکە هیچ نەبێ نایەڵێ بەرەی دوژمن زیاد بکاتو ، لەوانەشە سوودێکی هونەری بۆ گەل هەبێ • ئەمەش بە هیچ کلۆجێك وا ناگەیەنێ ئەگەر ئەدیب گیانی خەباتو تێکوشانی تیا هەبوو، تێ نەکۆشێو بێ دەنگ بێ • بێ گومان ئەو ئەدیبانەی لە ڕۆژە ڕەشەکانی ژیاندا لایەنی گەل بەرنادەنو لەگەڵیو لەپێشەوەی ئەڕۆن ، مایەی شانازیو شکۆی گەلو نەتەوەو مێژوون •• بەراستی مایەی داخە برادەر فاضل ڕێگای خۆی بدا مەعنای قسەکانم وا لێك بداتەوە کە من لایەنی بێ لایەنی ئەگرم بەرابەر بە تێکۆشانو ، قەدری ئەدیبی تێکۆشەرم لا نییە ••

ئاخری خێر بێ !

برادەر فاضل لە پێینی ئەم باسەیدا هێرشێکی شەخسیی بۆ سەر خۆیشم هێناوەو ، پارچە شیعرێکی تایبەتیمی کردووە بە بەڵگەو ، بەجارێك خەتێکی ڕاستو چەپی بەسەر تێکڕای هەڵسووڕانی سیاسیو ئەدەبیمدا هێناوەو ، وتوویە هەزار خۆزگە بە ڕوانگە ، کە ئەگەر نەختێ وردی لێ بکۆڵینەوە ئەبێ بڵێین : ئاخری خێر بێ ••

بەوەشەوە نەوەستاوە هاتووە وشەی « نۆکەرم »ی لە شیعرەکەمدا خستووەتە ناو دوو کەوانەوە •• ئەمە یانێ چی ؟ دیارە برادەر فاضل تێ ئەگا من بە شێعرانە قسەم لەگەڵ ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی نەکردووەو ، مەسەلە لە بە شانو باڵدا هەڵدانی « جوانی » بەولاوە نییە ، ئیتر ئەیەوێ پلاری چیم تێ بگرێ ! سەد حەیفو سەد مەخابن دەمەتەقێی ئەدەبیو سیاسی بگاتە ئەم بلەیە !•• ئەنجا شیعرەکانی بۆ وا لاوو وێر نووسیوەتەوەو، هەندێ وشەی گۆڕیونو نرخی هونەریانی کەم کردووەتەوە ؟ لەی ئەتوانی بگەڕێتەوە سەر « ڕۆزی کوردستان »ەکەو بە ڕاستی وەریان بگرێ ؟•

بە کەس نالێم گاکە تا چۆلەکەم بۆ بگرێ •

ئەوەی برادەر فاضل بە منی ئەڵێ گوایە بازرگانی بە عاطیفەی خەڵکەوە ئەکەم لە دوا ـ وتەکەیدا لە خۆیدا هاتووەتەدی • برادەر فاضل ئەیەوێ ئەو ڕەخنەیەی لە حسین عارفم گرتووەو ، ئەو هەڵسەنگاندنەی بۆ شێرکۆم داناوە بیکا بە بیانوو بۆ ئەوەی حسین عارفم لێ زیز بکا •• یەکەم من وەکو مارکسیستێك هەڵویستی حسینو شێرکۆم یەکالا کردووەتەوەو « کاك » حسینم بە سووك سەیر نەکردووەو ، مەسەلەکە مەسەلەیەکی سیاسییەو ، ئەشزانم کاك حسین چی کردووەو چی نەکردووەو ، بەتەمای ئەوەش نیم چۆلەکەم بۆ بگرێو ، واش باشترە مەسەلەکە لە سنووری مەوزووعییەت دەرنەچێو بەم جۆرە نەبێ بە مەسەلەیەکی شەخسی ••

ئاش هار لە خەیاڵی و • ئاشەوان لە خەیاڵی ••

لەبارەی « بەندەری هێمنی مارکسیسزم ـ لێنینیزم »یشەوە هەر ئەوەندە ئەڵێم برادەر فاضل خراپی بۆ ڕۆیشتووەو ، مەسەلە مەسەلەی خەباتی «هێمن »و خەباتی «بارووتاوی» نییەو ، مەبەستم لە هێمن بوونەوەی دەروونو نەمانی دووەڵی و لەنگەر خستنە لە لێواری بەندەری مارکسیزمداو دەس هەڵگرتنە لە ئایدیۆلۆژیەتی تر •• ئەگەر ئیستای شێرکۆ ، لای برادەر فاضل ، چاکتر بێ لەوە کە وەك من ئەمەوێ ببێ بە هەر کەسەوە پێوانەی خۆی

برادەر فاضل لە دوا ـ دێڕەکانی وتارەکەیدا ناڕەزایی لەوەش دەربڕیوە کە من هەردوکمانم بە سەربازێکی بچووکی لەشکری پڕ شکۆی مارکسیزم ـ لێنینیزم داناوەو، ئەڵێ « ئێمە لە دوو ڕێبازی فکریی جیاوازو لەدوو لەشکری جیاوازینو ، پێوانەکەی کاك محمد پێوانەیەکی ناشۆڕشگێڕانەیە » و ، چەپکە گوڵی دواییشی هێرشێکیتری بۆ سەر ئەو بەرە شۆڕشگێڕەی کە پێشان چەند هێرشیتری بردە سەر ••

من کە هەردوکمانم بە سەربازی لەشکری پڕ شکۆی مارکسیزم ـ لینینیزم دانا ، چونکە ئەزانم دنیا هەر دوو لەشکری تیایە : لەشکری خوێنمژانو لەشکری خوێن مژراوانو ، من لە لەشکری دووهەمم • ئەگینا ئەمزانی لە هەندێ شتدا شێوەی بیرکردنەوەمان جیاوازە • جا ئەگەر ئەو بەجۆرێکیتر لە تای تەرازووی بدات ئارەزووی خۆیەتیو ، ئیتر مال ئاوا !•

هەرکەسەو پێوانەی خۆی

ئەدیبێکی مارکسیست لێینیستە ، ئەوە با ئەو هەر وا بزانێ •• من لام وا نییە ••

پاشماوەی : لاپەڕە (٦)

ڕوانگەو ••• کوێرە ڕەخنە

هەر لە هەڵبەستی (لیریك) دا بەکار بهێنری ، بۆ یارو بەس ، بەڵکو هەر لەیەك کاتا شاعیر بۆ یاریشو بۆ نیشتمانیش بەکاری ئەهێنێ ، بۆ چەکەکەی •• بۆ بیروباوەڕو خاکەکەی •• مانایەکی (درامی) پێ ئەبەخشێت ، بە پێچەوانەی بەکارهێنانی ئەم وشانەوە لەلای ڕۆمانسێ کان کە لە قاوغی خۆیان زیاتر نەئەچوە دەرەوە •• ئێمە (هەوڵ ئەدەین) ئەم وشەو زاراوانە لەشیعرەکانمانا بەو جۆرە بەکاربێنین ، نەك بەر جۆرەی نوسەر بۆی چووە ، چونکە یەکێك لەو هۆیانەی کە بۆتە هۆی دروستبونی (یاخی بونی هۆشمەندانە) لە ئەدەبی ئەمڕۆدا ، ڕامالینی پاشماوەی ئەو ـ زاتیەتە داخراوو خودپەرستەیە ـ کە لە ئەدەبی شۆڕشگێڕە یاخی بوەکاندا••• جێگەی نابێتەوە ، « تامرۆقیش مابێت وشەی (من)یش هەر ئەمێنێت » •

● (یاخی بون) ، لای ئێمە وەك نوسەر ئەیەوێت بە زۆر ببسەپێنێت ، (یاخی بونی کوردانە) نییە ، هەروەکو بەر لە دوو ساڵ لە بانگەوازەکەماندا ، ئەمەمان دەستنیشان کردوە ، بەڵکو بزوتنەوەو ڕازی نەبونە ، هەڵگەڕانەوەیە لە ڕووی ئەو ـ واقیعە ـ دا ، کە حەقیقەتە تیا بریندارکراوە ، پاکێتی تیا پیس ئەکرێ ، پیسێتی تیا ئەکرێ بە پاك ، یاخی بونە دژی هەموو جۆرە بەهوساندنەوەیەك ، لەسەر کرنەوەی چەوساوەکانە ، ڕامالینی هەموو ئەو نەرینتو عورفو تەقالیدە ڕزیوانەیە کە ڕێگەیان لە گۆڕینو پێشکەوتن گرتوە ، شەڕکردنە لەگەڵ کۆنە پەرستیدا ، جا ئەو کۆنە پەرستێتیە بەهەر ناونێکەوە بێت ، بەرەنگار بونەوەی تاوانو جانەوەرانە ئادەمیزاد خۆیەتی ، بۆ شکاندنی تەوقی کۆیلەتیە لە سەدەیەدا ، بۆ ڕەهەڵمالینە لە ڕووی دڕندەیەتیو خراپی شارستانیەت خۆی ، بەرگری کردنە لەو (سەربەستیەی) کە هەموو زوڵمو زۆرێکی ئەمانەش هەموی کردوینی بەلاسایی کەرەوەی «هیپیە»کان •• ئەمانە لە مەیدانی لێك دانەوەدا چەندیان بەچەندو تا چەند لە عیلمیەتەوە نزیکن؟ ناوهێنانی « گیفارا » ، بەکارهێنانی وەك ڕەمزێکی زیندوو لە بەرهەمەکانمانا ، وەك شۆڕشگێرێك ، وەك پیاوێکی نمونەیی لە گیان بەختکردندا ، وەك مرۆڤێکی ئوسطورە ، ئێمە بە نیشانەیەکی بەپیتی ئەزانین ، بۆ زەمینی داهێنانو ئەدەبی تازەی خۆمان، کە نوسەر بیەوێو نەیەوێ ، ئەمە بۆتە نیشانەیەکی ئاشکراو دیار لە ئەدەبی هەموو لاوانی دنیادا ، جا ئیتر ئێمە لەمە بەولاوە ، نامانەوێ بجینە کێشەی ئەوەوە ، ئەم خەتە سیاسییە •• چییەو چۆنەو ئەنجامی بەچی ئەگات و چەند لا لەسەر ئەمە ڕێکەوسونو ؟ لە چەند لای ترەوە ؟ هەر هەمان قسەی نوسەر ئەبیسینەوە کە ڕەنگە دژ بە ئایدیۆلۆژیەتی ئەمیشو ئەولاش بن و یان ئەم خەتەیان لە مەیدانی تاقی کردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیەتەدا لەو خەتەتریان پەسندتربێ ؟ یان نەبێو ؟•• هتد ، ئێمە ئەمەیان بەکاری سەرەکی (ڕوانگە) نازانین ! کە دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت (ئاگاداریان) نەبین •

نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتیو چینایەتی •• ئەیانەوێ دەست بنێنە بیێیو بیتاسێنن ، سەربەستیی شۆڕشگێڕەکان ، بخنکێن •• یاخی بونە دژی هەمو ئەو کۆتو زنجیرانەی ، کە ئەیانەوێ داهێنان ـ ئیبداع ـ ببەستنەوەو بەندی کەن ، ئەو یاخی بونەی ئێمە باسمان کردوە ، دژی هەمو « دیبلوماسیەتێکی » لە « ڕاستیی » فێڵ کەرە ، ئەو ڕاستییەی هێزی زوڵمو زۆر ئەیەوێ بیکوژێ ، ئەو یاخی بونەی ئێمە باسمان کردوە ، پریشکی تەقینەوەی شۆڕش خۆیەتیو لێی جیانابێتەوە ، ئەو حەقیقەتەی ئێمە باسی ئەکەین ، حەقیقەتی یاخی بووە نەترسەکانە ، دابڕینێتی لەو ـ ناوو ڕواڵەتو حەقیقەتانەی ـ ، کە پێویستە وەك هەموو درۆیەك بخرێتە ڕوو ، لاسایی کردنەوە داهێنان ئەکوژێت ، بۆیە لە بنەڕەتەوە، لەگەڵ یاخی بونی ئێمەدا ناگونجێت •• « بەردەوامیش هەوڵ ئەدەین » ئەو یاخی بونە ، لە داهێنانی ئەدەبیمانا ، لە شێوەو ناوەڕۆکی بەرهەمەکانماندا ، لە زمان خۆیدا ، زنجیرە شۆڕشێکی نەپچڕاوی هەمیشە تازەکەرەوە بێت ، کە بێ گومان لە کارتێ کردنو لە گۆڕانی ناو کۆمەڵدا ، واتە لە کارتێ کردنا بۆ پێش خستنی ،جیاناکرێتەوەو پەیوەندیان ، پەیوەندیەکی مەوزوعیو دینامیکییە •

● « گیفارا »ش ، (وەك خەتێکی سیاسی ڕێکخراوی ناسراو •• نا) واتە خەتی گیفاراستی ـ ، کە نوسەر لە تێکەل کردنێکی هەڕەمەکیو هەرزەدا ، یاخی بونەکەی ئێمەیشی پێوە بەستۆتەوە واتە بە خەتی ناوبراوەوە ، ئەمە لە ڕاتیکا ، نوسەر هەر زۆر زوو وە لەپاش چەند دێڕێك ئەوەی لە بیرچۆتەوە ، کە ناوی لێ ئەنایین «ڕەگەزپەرست» تەتەوەپەرست » وا ئیستاش لێرەدا ، « یاخی بونی ئێمەی بە یاخی بونی گیفارستەکانەوە لە بونی گیفارستەکانەوە لە قەڵەم داوە ، وە دوا بەدوای ئەمانەش هەموی کردوینی بەلاسایی کەرەوەی «هیپیە»کان •• ئەمانە لە مەیدانی لێك دانەوەدا چەندیان بەچەندو تا چەند لە عیلمیەتەوە نزیکن؟ ناوهێنانی « گیفارا » ، بەکارهێنانی وەك ڕەمزێکی زیندوو لە بەرهەمەکانمانا ، وەك شۆڕشگێرێك ، وەك پیاوێکی نمونەیی لە گیان بەختکردندا ، وەك مرۆڤێکی ئوسطورە ، ئێمە بە نیشانەیەکی بەپیتی ئەزانین ، بۆ زەمینی داهێنانو ئەدەبی تازەی خۆمان، کە نوسەر بیەوێو نەیەوێ ، ئەمە بۆتە نیشانەیەکی ئاشکراو دیار لە ئەدەبی هەموو لاوانی دنیادا ، جا ئیتر ئێمە لەمە بەولاوە ، نامانەوێ بجینە کێشەی ئەوەوە ، ئەم خەتە سیاسییە •• چییەو چۆنەو ئەنجامی بەچی ئەگاتو چەند لا لەسەر ئەمە ڕێکەوسونو ؟ لە چەند لای ترەوە ؟ هەر هەمان قسەی نوسەر ئەبیسینەوە کە ڕەنگە دژ بە ئایدیۆلۆژیەتی ئەمیشو ئەولاش بن و یان ئەم خەتەیان لە مەیدانی تاقی کردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیەتەدا لەو خەتەتریان پەسندتربێ ؟ یان نەبێو ؟•• هتد ، ئێمە ئەمەیان بەکاری سەرەکی (ڕوانگە) نازانین ! کە دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت (ئاگاداریان) نەبین •

پاشماوەی : کافکا ••

سەر نزمیەوە ، هەر لە شوێنەکەی خۆیانەدا دەرئەکەون و ئەچنە پرخەی خەوی خاو ••

کەچی تۆ هەر بە بیداری ماویت ، تۆیەکێکی لە چەرخەچیەکان •• تاوەکو چاوت بە مەشخەڵی ناو لەپی ئەو کەسە بکەوێتەوە کە لە پوشو پەڵاشە داگیرساوەکەی ژێر پێت هەڵیقۆزیەوە •• تۆ بۆ تا ئەم درەنگە شەوە ماویت و نەخەوتویت ؟

ئەڵێن : ئەبێ یەکێك بەردەوام ئێشك بگرێ • کەواتە پێویستە یەکێك هەروا بە بیداری بمێنێو نەخەوێت !!

ـ ٧ (پردەکە)

ساردوسڕ هەڵگەڕابوم • لەسەر پردێکی ڕاکشاوی سەر کەندەڵانو دوڵێکی هەزار بە هەزارا بوم • لەم سەرەوە پەنجەکانی پێم چەقیبوە لمی زەویو لە سوچی ترەوە هەردێ دەستەکانم •• ددانەکانم ژەندبوە قۆڕەرەشو لیچەکە ، هەر دولای بەروانکەکەم بەملاو بەولادا شۆڕبوەوە ، لە ژێر پێما جۆگە شەختە بەستوەکە لە خڕەو هاژو هوژابو ، وردە ماسیەکانی تێدا گەوتبوە هەڵەوانی •• یێی هیچ جیهانگەڕێك نەگەیشتۆتە ئەم لاپاڵو هەڵدێرە ترسناکە •• پردەش تا ئێستا لەسەر هیچ نەخشەیەکا دیاردێ نەگراوە ، بەلام چونکە تازەدامەزرابو ، پێویستی مانەوەی هەبو •• ئەمە سەر لە ئێوارەیەکا ڕویدا نازانم ئێوارەی یەکەمین بو یا هەزارەمین ، بیرو لێکدانەوەم جۆشی سەندبو ، لە ژەردەپەڕی ئیوارە وەختێکا بە تکەنك خوڕەی جۆگەم بیست ، لەو ساتەدا ترپەی هەنگاوی کابرایەك لە گوێی دام !! نزیك بەوە لێم •• ئەی پرد خۆت ڕاست کەوە ، ئەی تەختە بەندە ڕاکشاوەکە و بێ بە هانام ، ئەو کەسەی باوەری پێ کرووی ، لەسەر پشتو میهرەبانتا هەڵیگرە ، بە خامۆشیەوە ، هەنگاوە شەڵو شێواوەکانی ڕێکخەو ئەگەر بەلاشداچو دەسگیریی بە ، وەك فواوەندێکی شاخاویش فرێی دەئەو دیو خۆتەوە •

لە پاشان کە نزیك بوەوەو بەگاڵۆکە نوك ئاستینەکەی دەستی ، گەوتە ویزەم ، هەر بە گاڵۆکەکەش هەردولای بەروانکەکەی قیت کردمەوە ، نوکە ئاستینەکەی چەقاندە پەرچەمی پەشێواوەو لە پاش ماوەیەکی درێژ وایکێشایەوە • لە پاشا وام هاتە بەرچاو کە بە کەودەنیەکەوە سەری خۆی بەم دیوو ئەو دیوا بە ئەدات دوا جار بە بەرزە فڕێوە بۆ ئەو دیو شاخو داخو شیوو دوڵەکان لە تەك ئەوا بەرز ئەبومەوە جلیتێکی داو بە پاژنەکەی پاڵی پێوەنام ، لە ئەنجامی ئەم ئازارە کوشندەیە کەوتمە لاقە فرتێو داچلەکان و بەرچاوم تاریك داهاتو کەوتە ڕێشکەو پێشکە ••• ئەمە کێبو ؟

ساوایەك بو؟ یا تاوانکارێك؟ پیس بو ؟ یا خوێریو چەقۆ وەشێن ؟ یا ئاژاوەچیەك ؟

ئاوڕم دایەوە ، تا بیبینم•• پردەکەش لەگەڵما ئاوڕی دایەوە !!

کاتێ کە لامکرد سەرێکم بو بادا •• گیانم دازا ، لەشم داهێزرا ، کڕوڕبوم ، لەنێو خوێنی زامەکانما گەوزام •• کوچکە بەردە سەر گرنجاویەکان دەرزی ئاژنیان کرد •• لە کەویری ئاوە تۆقیوکەوە ، وردە بەردە سەر ئەبلەقەکان ، بەشادمانیەوە تێیان ئەڕوانیم!!

institutkurde.de/paris

خاڵە سێوەی هونەرمەند

(بولبولێ بو لەهەڵ ئوژر خەندان ، وەکو خوڕەی ئاری نشێو ، خاوەن دەنگێکی ئاوازێکی هەست بزێو ، هیوانی ئازیزی دەڕون ، سارێژ ئەرزامی زەوون ، دەنگو سازی خاڵە « سێوە » وشەی زەخیرەی سەر ئێوە) •

خاڵە سێوەی هونەرمەند لەساڵی ١٨٨٢ لەشاری کۆیە چاوی کردۆتەوەو بەدیداری چیا سەر کەشەکەی « هەیبە سولتان »و رەزوو باخە چڕەکەی « ئومەر خۆچان » شاد بوە •

ئەم هونەرمەندە بەرزە هەر لە منداڵیەوە خولیای گۆرانی کەوتوتە سەری و دەستی داوەتێ ، هەموو ئامەنگەو زەماوەندو کۆڕێکی شایی‌و بەزمی زاراندۆتەوە • سەبارەت مەزنە بەهونەرە بەرزەکەی نیستگە کە بلاو ئەکرێتەوە باوەشی خۆشەویستی هەمو هونەر دۆستو ئەدەب پەروەران بو • ئەم هونەرمەندە نەمرە ، تەمەنی جوانی بەوجۆرەو ژیانی ئاسای خۆی بە هەژاری‌و دەست کورتی بردە سەر •

« سیوە » تەنیا چوار کۆرانی تۆمار کراوی لە ئیستگەی کوردی هەیە ، بەبێ ئەوەی هیچ هەواڵێک درابێت بۆ پاراستنی هونەری ئەم هونەرمەندە ، گۆرانیە کانی ، لەو گیانی پاکی سپارد ، مال ئاوایی کردو گەرایەوە باوەشی سواوی‌و بچڕی بێوە دایکی نیشتمان ، تەرمەکەی برایە گوندی « هەرمۆنە » ی کیلۆمەترێك لە شاری کۆیەوە دوورە •

سلاو لەگیانی پاکی « خاڵە سێوەی هونەرمەند » ، خۆزگە دلسوزانی هونەری جوانی کوردی‌و موسیقای کوردی «سێوە»و یادی هونەرمەندەکەی سێوەی نەمریان لەبیر نەنەچێ!

رۆژگار عەبدالکریم محمد
تیپی موسیقای باوەجی
کۆیە

ئێمە لەم جیهانەداسەما ئەکەین !



وێنەی گۆرانی بێژی جوانی جیکوسلوڤاکیا « هیلینا فوبدرا کوڤا » لەکاتی پێشکەش کردنی گورانیەکیا لەو میهرەجانە جیهانیەی لە هولی « فریدرك » لە بەرلین ریکخراو بەناونیشانی « ئێمە لەم جیهانەدا سەما ئەکەین »ی هەتا رۆژی ٢٧ی ئەم مانگە ئەخایەنێ • وینەکەی تریش بەشێکە لەو سەماییە لەو میهرەجانەدا ئەیکەن •

رەوتمتی گۆهەل لە سێبەری رژێمی سەرمایەداریا

زمارەی ئەوانەی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا نێری تلیاك خواردنو بەکارهێنانی هیروین بونو چاریان ناکرێت، گەیشتۆتە ٥٠٠ تا ٦٠٠ هەزار کەس ، دوای ئەوەی ماوەیەکی کەم لەمەوپێش ئەم ژمارەیە لە ٣٠٠ تا ٣١٥ هەزار کەس بو • کەچی تا ئێستەش رژێمی ئەمەریکا ٧٣٠ ملیون دۆلاری لە دارایی ئەمساڵا بەناوی لەناوبردنی تلیاکەوە خەرج کردوە تا ئەم دواییەدا ، نیکسون داوای لەکونگریس کرد بو ١٣٥ ملیون دۆلاری تر بۆ مەسەلەی لەناوبردنی تلیاك تەرخان بکرێت ، ئەمەش یەکێکە لەو هەزاران نمونانەی روخاوی رەوشتو خوی مرۆڤایەتی لەسای رژێمی سەرمایەداریا ئەسەلێنێ ، کە بەهۆی سیاسەتی نارەوای جیاوازی رەگەزایەتی‌و دزی‌و پیاو خرابی ئەو رژێمەوەو بەهوی شەری نارەوای ئەمەریکاوە لە وڵاتانی هیندی چینی گەلی ئەمەریکا بەرەو کارەساتی لەوە ناخوشتر ئەبات •

زەدەخەنەیەك

خۆی ئەزانی چیەتی !

پیاوێك بەشەو خەوی لێ نەئەکەوت ، چوە لای دوکتورو، دوکتور پێی‌وت :

– کە ئەم حەبانە نەخوێت خۆت شل بکەو فەرمان بدە بە ئەندامەکانی لەشت کە بنوون •

ئەویش هەرشەو داهات و دەستی کرد بە حەب خواردنو فەرمان دەرکردن :

– قاچی چەپم بنو ، قاچی راستم بنو ، دەستی چەپم بنو ، دەستی راستم بنو تا هاتە سەر چاوی ، وتی : چاوی راستم بنو ، ویستی بەچاوی چەپی بلێ بنو ، لەو کاتەدا چرای ژوری دراوسی کەیان هەڵگیرساو کچە جوانەکەیانی بینی ، کابرا لەپڕ هاواری کرد •

– ئەندامەکانی لەش ، هەموتان هەستنەوە خەوم نایەت •!

⊙⊙

بیرنیکی راگوزاری

دەربارەی پیاوی (موناسب) بۆ شوێنی (موناسب) !

● خوم شێوان دەمێکە هەیە ، ئینجا کە خرم لە بیشونازا ئەشمێژێ ، پیاوی (موناسب) لە شوێنی (موناسب)دا ، دانانرێت ، وەکاتێ ئیشوکار بەرێکو پێکی ئەڕوات بەڕێوە ، دیارە ئەوسا بەپێچەوانەوە ئەبێت ! ••

× ×

● کە ئەڵێین – نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب – مانای ئەوەیە ، هەرکەسە بەپێی توانا‌و لێهاتن ، وە بەپێی زانین‌و شارەزایی ، کاری پێ ئەسپێردرێت !

× ×

● بەڵام سەیر ئەکەی ، ئەمڕۆ نە زۆر روی ژیانی ئەمە ، بە پێچەوانەوە ، هونەر بەدەست هونەر نەزانەوەیە هونەر زان دوورەو پەرێز راکیراوە ، ئەندازیارە بەبێ بە میژونوس !میژونوس خەریکی خانو دروست کردن ئەبێ !

× ×

● مەسەلەی دۆستایەتی‌و خزمایەتی‌و ناوو ناونیشان ئەم خوم شیۆانەی ساز کردوە کە ئەمڕۆ ئێمەی تێکەوتوین !

× ×

● لاتان سەیریش نەبێ ئەوانەی (موناسب)نین بۆ ئەو کارانەی پێیان سپێردراوەسورن لەسەر ئەوەی هەر خۆیان بەشارەزاو لێهاتوی زەمان ئەزانن !

× ×

● جا ••• پێویستە چاوێ بە مەسەلەکەدا بخشێنینەوە•• تا رەنجی چەند ساڵەو ئارەقی‌وفرمیسك‌و خوێنی ئەم خەڵکە هەژارە بەفیڕۆ نەچێت ، وەرن با پیاوی (موناسب) ، لە شوینی (موناسب)دا ، دانێین !

عبدالله عباس

جوڵانەوەی رۆشنبیری لەهەفتەیەکدا

چیرۆکی پێکەنینی گەدا

کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆك نوسی کوردستانی خۆرهەڵات مامۆستا حەسەنی قزڵجیە ، لەهەفتەی رابوردوا کەوتە بازاڕەوە پێشەکیەکەی نیشتمان پەروەری ناسراوی کورد ماموستا « هێمن » کوردستانی نوسیوێتی • ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە بیرو باوەڕێکی نیشتمان پەروەرانەی پێشکەوتن خوازو لەناخی دەروونیکی هەست کردو بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی سەرانسەری کوردستانی گەورە نوسراوەتەوەو رووداوەکانیشی بەسەرهاتی راستەقینەی کۆمەڵی کوردن • دوو دانە لەم چاپکراوەمان بەدیاری بۆ هاتوە ، سوپاسی نوسەری بەرێز ئەکەین‌و هیوا دارین لای خوێنەرانی کورد جێگای شایستەی خۆی بکاتەوە ، بێگومان ئەم بەرهەمە وەکو بەرهەمە بەنرخەکانی تری نوسینی کوردی کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕ ئەکاتەوە •

× ×

تیپی موسیقای باوەجی

هەفتەی رابوردو تیپی موسیقای باوەجی ، لە کویەوە هاتە بەغدا ، بۆ ئامار کردنی چەند پارچەیەك موسیقای کوردی لە تەلەفزیون ، ئەوەی شایەنی باسە ئەم تیپە یەکێکە لە تیپە هونەرییە چالاکەکانی کوردستان‌و بەرەسمیش رێگای ئیش کردنی دراوەتێ •

× ×

شەونامەی شاعیرێکی تینو

شاعیری لاو – عبدالله پەشیو – دیوانە نوێکەی کە ناوی ناوە – شەونامەی شاعیرێکی تینو خستۆتە ژیر چاپەوە ، دوا بەرهەمی چاپ کراوی شاعیر – بنی شکاو – بو کە لە ساڵی ١٩٦٨دا بلاوکرایەوە • بەر لەوەش بەرهەمێکی تری بەناوی (فرمیسك‌و زام)ەوە لە ساڵی ١٩٦٧دا بلاو کردۆتەوە•

× ×

پیسکە لە تەلەفزیون

هەفتەی رابوردو تیپی تەمسیلی کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی لە سلەیمانی ، هات بو بەغداو چیرۆکی تەمسیلی پیسکەی تەڕپیری بۆ تەلەفزیونی کەرکوك تۆمار کرد، ئەوەی شایەنی باسە ئەم چیرۆکە مانگی رابوردو لەسەر شانۆی زانکوی سلەیمانی پیشان دراو دوایش تیپەکە گەشتێکی کرد بە شارەکانی کوردستاناو هەمان شانۆیی پیشاندا ، لەگەڵ تۆمار کردنی چیرۆکی پیسکەشا دەستەیەك گۆرانی بێژی کۆمەڵ چەند گۆرانیەکیان بۆ تەلەفزیون تۆمار کردوە •

نوسراوێك لەیەکی حوزەیرانا

ئەی هاوڕێی فارەمان
ئەوەتا هەڵقەی زنجیرەکەی دوێنی
زەنگی یەکی حوزەیرانلێ ئەدا
× ×
ئەوەتا هەتا چاوبڕئەکا
خەرمانی گەنمو ئاڵتونشەپۆل ئەدا
ئەمڕۆ ئەوە روو نەدا
× ×
کە دەمێکە زراوانەبا
ئەمڕۆ میللەتی چەوساوە
سامانی ولاتی لەقورگی‌درندە
رزگار ئەکا ••
× ×
ئەمڕۆ سوپای ئاشتی‌وئازادی‌و ئیشتراکیەت
ئاباڵۆقەی جەردەو خوێنمژان ئەدا
ئەمڕۆ میزوو دەستی‌خۆی
ئاشکرا ئەکا !

هەولێر هۆگر گوران

هاوکاری خوێنەران

هەواڵێکی خۆش

کۆڕی (بەشیر پەروەران)بلاویان کردوە ، کە پاش پشکنینێکی زۆر توانیویانەو بەیانە میژوویە بدۆزنەوە، کە کاتی خۆی ئەیلەسوفی زەمان وەستا بەشیر بەبۆنەی هەڵبژاردنەوە بۆ هەووکوردانی دەرکردوە •

(هاوکاری) خۆی بە بەختیار ئەزانێ ئەواوی ئەو بەیانە بلاو بکاتەوەو هیوای‌وایە ئەم دۆزراوە گرنگە (بەشیر پەروەران) زیاتر هان‌بدات بۆ کوشش‌و چالاکی‌و هەوڵ دان بۆ گواستنەوەی کۆڕی مامۆستا بەشیر بێ کوردستانو ئەم کارەش ببێتە سەرەتایەك بۆ گەلێ کاری گرنگی‌تر :

ئەمەش ئەواوی بەیانەمیژوویەکەی وەستا بەشیر چۆن نوسیویتی بێ‌دەستکاری کردن پێشکەش بە خوێنەرانی بەرێزی (هاوکاری) ئەکەین :

(بۆ هەمو کوردان

ئەی کورد : آگات لێبی ، چاو بکەرەوە ئەوا وەختی انتخابات هات امجارە ئەبی زور وریابی :

خۆشت ایزانی کە : مجوس لە مجلسدا رستو راست وکیل‌و مەسلی آمو قومو یا ئەو ولاتەیەکە ، لیبەوە انتخاب کراوە •

دیسان معلومە : ئەم مبعوسانە لە خصوص وطن پروەری ، سەوبەی علم‌و عرفانو لە مدافعە کردنی حق‌و حقوقی ئەو فردانەی ئەوانیان انتخاب کردووە بە تەمالیکی حقیقی یان ئەناسرین• سەوبەی علم‌و عرفانو وطن پروری مندوبیك بە ئەواوی آوینەیەکی علم‌و عرفانو وطن پروری ملتەکەیتی •

لەبەر ئەمە بەمناسبتی ئەم انتخاباتی ئزەیەوە بۆ آئاداری‌و چاو کردنەوەی هەمو کوردی دلسوزانی ملت ازومی بیانی ئەم معروزاتەی بە وەزیفە یکی وجدانی‌و خزمەتیکی مقدەسەی شارەزایی لە حال‌و پیویستی مملکت یان بکن تاکو ئەم مندوبە محترەمانە قابلیتی لیکدانەوەو منفعتی مستقبلەی ملك‌و ملت‌و قدرتی ،اموشکاری یان پی بکری‌و لەبەر هیچ مانعیکدانە ویستی‌و سل نەکا •

ای ملتی مەزن تکات لی ئەکەین کە : بە نظریکی صمیمەیەوە تماشای ئەم معروضاتی دلسوزانی ملتی خوتە بکەی‌و هەمومان لیکی بدینەوە بو منفعتی عامە بەم صورتە بو انتخابات تی‌بکوشین امیدی گەورەش‌مان وایە اگر بەم صورتە انتخابات بکری هیئەتی‌مبعوساتی محترەمەی تازە لە مستقبل‌دا لەگەل حکومت توحیدی مساعی‌و هرچی ممکن بی بو چاکی قومەکەی خوی تامینی ئەکا ، وە امین کە لە نتیجەی مساعی ئەوانشدا ملت لە عام عرفان‌دا بەرز ئەبنەوەو مملکت لەترقی‌و عمران دا پیش ئەکەوی •

ایتر : ایمە هەرچی بە وزنەفەی جدانی‌و ملی‌مان زانی عرزمان کرد انجا قبول کردن‌و یا نەکردنی حوالەی رایی بلندی ملتە خوشەویستەکەمانی ئەکین ، خووا شاهیدە ملت بو پیاوی چاك گریانە هەر ئەوەندە حورمەت • ٢٧-١-٩٢٨ •

بەناوی کوردانی
جگەر سوتاوانەوە
بەرگەدرو : ب •شمیر

ئاسۆی دوا رۆژ •

هونەری وێنەکێشان لەخزمەتی منالاندا

وێنەکێشان لە فەرهەنگی روشنبیریدا ، تەنیا بە دروست کردنی تابلوی رازاوەی رەنگاوەرەنگ باس نەکراوە ، هونەرمەندەکان لە پیشانگاکانیانا پیشمانی بدەن ، یان خەڵکی لە ماڵەوە دیواری پێ برازێنەوەو بەڵکو هونەری وێنەکێشان وەك هەمو هونەرە جوانەکانی ترئەرکی خزمەت کردنی گەلی خستوتە ئەستۆو ئەتوانی لەمڕووەوە فرمانبکی بالا بەجێ بهینی •

لە کۆنەوە زۆر لە هونەرمەندەکانی وینە کیشان لە وڵاتە پێشکەوتوەکانا ، بایەخیان داوەبە خزمەتی منال لە رێگای وێنە کێشانەوەو ئەمە بە یەکێك لەئەرکە گەورەکانی سەرشانی هونەرەکەیان ئەزانن •

لەبەر ئەوە زۆر جار رێك ئەکەوێ هونەرمەندێکی گەورە پیشانگایەکی تایبەتی بەرهەمی‌هونەری تەرخان ئەکات بۆ منالان‌و تابلوی بەرز دەربارەی‌ژیانی منال‌و پەروەردەو بایەخ دان بە ژیانی نەوەکانی دوارۆژ •

دایك‌و کورپەکەی !

یەکێك لەو هونەرمەندانە ، وێنە کێشی ناسراوی جیهان « رینوار »ە کە زۆر تابلوی بەرزی بۆ ئەم مەبەستە دروست کردوە هەروەکو ئەو تابلۆیانەی لەگەل ئەم نوسراوەدا بلاو کراونەتەوە ، ئەڵبەت خۆزگە هونەرمەندەکانی ئێمەش بایەخیان بە تەنیا لایەکی هونەرنەدایە بەڵکو زۆر روی تری پێویستی ژیانی گەلیان لە تابلۆکانیانا پیشان بدایە وەکو ژیانی منالەکانمان ، نەوەکانی دوا رۆژی گەلە تیکوشەرەکەمان •